زنجیرەی مێژووی جیهان

میری هاڵ

گەشتەکانی مارکۆپۆلۆ

وەرگێڕانی : ئیسماعیل شاکر هەمزە

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافی)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

گەشتەكانی ماركۆپۆلۆ

مێری هاڵ

وەرگێڕانی: ئیسماعیل شاكر هەمزە

پێداچونەوەو سەرپەرشتی

زنار تەها   تەحسین تەها بەهائەدین

پێڕست

ڕووداوە گرینگەكان لە میانەی گەشتەكانی ماركوپۆلۆدا.......................................٧
١. پێشەكی، پێشەنگی سەردەمی نێودەوڵەتی.......................................١٧
٢. یەكەمین گەشتی پۆلۆكان.......................................٣١
٣. گەشتی دووەمی پۆلۆكان.......................................٤٩
٤. خانبالق: لە كۆشكی خانی گەورەدا.......................................٦٩
٥. هەڵاتن لە خانبالق.......................................٨٥
٦. گەڕانەوە بۆ ڤێنیسیا.......................................١٠١
پەراوێزەكان.......................................١٢٩

رووداوە گرینگەکان لە میانەی گەشتەکانی مارکۆپۆلۆدا

١٢٠٤

کۆتایی چوارەمین جەنگی خاچپەرەستی
دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی لاتینی قوستەنتەنیە

١٢٠٦

چەنگیزخان وەکوو جانی گەورەی نەتەوەی مەغۆل دەناسێندرێت.

١٢١٥

مەغۆلەکان ئیمپراتۆریەتی شین لە چینی باکوور دەشکێنن و پەکین داگیز دەکەن

١٢٤٥

پاپا ئینۆکنیتیۆسی چوارەم، قەشە جۆڤانی پلانۆکارپینی دەنێرێت تا مەغۆلەکان بێنێتە سەر ئایینی مەسیحی.

١٢٥٣

لۆیی نۆیەم، پادشای فەڕانسا، بۆ بە جێگەیاندنی ئەرکێک، ویلیام رۆبەرک دەنێرێتە لای مەغۆلەکان.

١٢٥٤

مارکۆپۆلۆ لە ڤێنیسیا لە دایک دەبێت.

١٢٥٦

قوبیلای قائان دەبێتە خانی گەورەی ئیمپراتۆریی مەغۆلی.

١٢٦٠

نیکۆلۆ و مافیۆپۆلۆ یەکەم گەشتی بازرگانیی خۆیان بۆ لای رۆژهەڵات دەست پێدەکەن.

١٢٦٩
برایانی پۆلۆ لە کۆشکی قوبیلای قائان دەگەڕێنەوە ڤینیسیا.

١٢٧١
پاپا گریگۆریۆسی دەیەم هەڵدەبژێردرێت؛ مارکۆپۆلۆش لە گەڵ نیکۆلۆ و مافیۆ گەشتی خۆی بۆ دەرباری قوبیلای قائان دەست پێدەکات.

١٢٧٥
مارکۆ، نیکۆلۆ و مافیۆ دەگەنە ساری شانگ تۆ، پایتەختی هاوینەی مەغولەکان.

١٢٩٢-١٢٧٥
خانەوادەی پۆلۆ دەچنە ناو دەرباری قوبیلای قائان. مارکۆ وەکو باڵوێز لە خزمەت قوبیلای قائان دا کار دەکات.

١٢٩٥
مارکۆ، نیکۆلۆ، وماڤیۆ دوای ٢٤ ساڵ دوورەوڵاتی، دەگەڕێنەوە ڤینیسیا.

١٢٩٩ -١٢٩٦
مارکۆپۆلۆ لە شەڕی دەریای کورتسۆلا دا بە دیل دەگیرێت و لە شاری جەنوا بەند دەکرێت؛ لە بەندیخانەدا کتێبی(شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان) بە هاوبەندی خۆی رۆستی شیلۆ دەنووسێتەوە.

١٣٠٧
پاپا کلیمەنسی پێنجەم هەموو جۆرە مامەڵەی بازرگانی لە گەڵ موسولمانەکان قەدەغە دەکات؛ شارل دووواڵوئا، برای فیلیپی چوارەم، پاشای فەڕەنسا، داوای نووشخەیەک لە کتێبی مارکۆ پێشکەش دەکات.

١٣٢٤

ماركۆپۆلۆ لە حەفتاساڵیدا لە ڤێنیسیا دەمرێت.

١٣٣٧

فەرەنسا و ئینگلیز جەنگی سەد ساڵە دەست پێدەکەن.

١٣٥١-١٣٤٧

مەرگی ڕەش(تاعوون)، یەک لە سەر سێی خەڵکی ئەورووپا دەکوژێت.

١٣٥١

ئەتڵەسی لورانس بە سوودوەرگرتن لە کتێبی(شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان) تەواو(کامڵ) دەبێت.

١٣٥٦

تورکەکان ناوچەی گالیپوولی داگیر دەکەن؛ ڕێگا بازرگانییەکانی بەرەو ڕۆژهەڵات دادەخەن.

١٣٦٨

چینییەکان، چین لە مەغولەکان دەستێننەوە؛ زنجیرەی بنەماڵەی مینگ دادەمەزرێت.

١٣٧٥

دارشتن و نووسینی ئەتلەسی کاتالان کە بە پێی وەسفی مارکۆپۆلۆ ئاسیای ناوەراست و چین تیایدا پیشان دراوە، تەواو دەبێت.

١٤٥٥

یوهان گوتەنبەرگ ئامێری چاپ دادەهێنێ.

١٤٧٧

چاپی یەکەمی کتێبی(شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان) لە شاری نورەمبێرگ دەبێت.

١٤٨٨

بارتۆلۆمیۆ دیاش، لە گەشتی دەریایی خۆی بەرزەکی* هیوای چاکە لە دوورترین شوێنی باشووری ئەفریقا دەسووڕێتەوە.(* باریکە بەشێکی وشکانی کە لە ئاودا((دەریا)) چووەتە پێشەوە.

١٤٩٢

کریستۆف کۆلۆمب هەوڵ دەدات کە لە ڕێی دەریاوەبگاتە ژاپۆن بەڵام گەشتەکەی دەبێتە هۆی دۆزینەوەی جیهانی نوێ لە لایەن ئەوروپییەکانەوە.

١٤٩٧

واسکۆ دوگاما لە ڕێی دەریاوە دەگاتە هیند.

پێشەکی

((پێشەنگی سەردەمی نێودەوڵەتی))

لە ساڵی ١٢٩٥دا، کاتێک مارکۆپۆلۆ لەگەڵ نیکۆلۆ باوکی و مافیۆی مامی پاش ٢٤ ساڵ بۆ ڤینیسیا گەڕانەوە، لە دۆزینەوەی خانووە کۆنەکەیان توشی گرفت بوون. ئەم سێ کۆنەپۆشانە، کە جلی تاتارییان لەبەر بوو، بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو لە دەریا و وشکانییەکان ڕێگایان بڕی بوو، تاکو لە چینەوە بگەنە ڤینیسیا. بەلای کەمەوە زمانی

کاتێک کە برایانی پۆلۆ لە بەر پەرەپێدانی بازرگانی بۆ ئاسیا سەفەریان کرد جیهانگەلێکی نوێ و سەرسوڕهێنەریان بینی.

خۆجێیی شارەکەیان لەبیر چوبووەوە و پاش چەندین ساڵ قسەکردن بە زمان و شێوەزارە بیانییەکان، ئیدی قسە کردن بە شێوەزار و دەستەواژەکانی ڤینیسیایی بۆیان دژوار بوو.

مارکۆپۆلۆ لە ساڵی ۱۲۷۱ لەگەڵ نیکۆلۆ و مافیۆ کە هەردووکیان بازرگان بوون لە ڤینیسیاوە بەرەو دەرباری قوبیلای قائان ئیمپراتۆری مەغۆلی بە ڕێکەوتن، گەشتەکەیان لە ڕێگەی دەریا و وشکانییەوە دەستی پێکرد.

ڕێگای ئاوریشم و ڕێگاکانی تری بازرگانی لە سەرانسەری ناوەڕاستی ئاسیادا دەبڕدرا. کاتێک مارکۆ گەشتە ڕووداوگەڕییەکەی خۆی لەگەڵ مام و باوکی دا دەست پێکرد، تەمەنی تەنها حەڤدە ساڵ بوو، و ئێستا لە گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆی ببووە کەسێکی بیانی ٤١ساڵان. هەرسێکیان بەرەو خانووەکەیان، کە ساڵانێک بوو بە جێیان هێشتبوو ڕۆیشتن. ئەو خانووەی کە خزمە دوورەکانیان داگیریان کرد بوو.

کاتێک گەیشتنە پێش دەرگای خانووەکەیان، زانییان کە ناتوانن بچنە ژوورەوە. خزمەکانیان دەریان کردن. باوەڕیان نەدەکرد، ئەوانە هەر ئەو ئەندامانەی بنەماڵەی پۆلۆکانن کە زۆر لەمێژەوە ون بوون و ئێستا گەڕانەتەوە. چەند ساڵ پێش کاتێک کە هیچ هەواڵێکیان پێنەگەیشت، خەڵکی ڤینیسیا بە مردوو ئەژماریان کرد. ئەم کەسانەی بنەماڵەی پۆلۆکان (دوو برا و کوڕێک) سەرەڕۆیانە بەرەو ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا تا ئەو شوێنە ڕۆیشتبوون، کە هیچ کەسێکی ڕۆژئاوایی یان ئەورووپی پێی نەگەیشتبووە ئەو شوێنە.

هەر سێ پیاو هەمو کارێکیان دەکرد تا شوناسی خۆیان بسەلمێنن، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، دەرگاکان لە بەردەمیان داخرا بوون.

کاتێک مارکۆ و نیکۆلۆ و مافیۆ پەنایان بردە بەر توندوتیژی، دانیشتوانی هەراسانی ناو خانووەکە بانگی ئەندامەکانی تری بنەماڵەکەیان کرد، تا ڕێگە لەو کەسانە بگرن، کە پێدەچوو مەبەستیان تاڵان کردن بێت.

بە پێی گێڕانەوەکان گەشتیارەکان پلانیان داڕشت تا پێناسەی خۆیان بسەلمێنن و گومان لە سەر خۆیان لابەرن. ئەوان بە گۆڕینی سیمای خۆیان، هەموو خزمەکانی خۆیان بۆ نانخواردن بانگ کرد. لە پاش نانخواردن هەرسێکیان ژوورەکەیان بەجێ هێشت و لە ژوورێکی تر خۆیان گۆڕی و هەمان جلە کۆنەکانیان پۆشی و گەڕانەوە. و پاشان بە چەقۆیەکی بچوک بەری جلەکانیان لێ کردەوە و لە پڕ لە نێوان جلەکانیان پارچە ئەڵماس و یاقوتی سوور و زەرد و چەندەها بەرد و خشڵی بەنرخ کەوتنە سەر زەوی.

گەشتیارەکان پێش جێهێشتنی دەرباری (قوبیلای قائان) زێڕ و هەمو سامانەکانیان، کە کێشیان قورس بوو یان گەورە بوو بە خشڵ گۆڕییەوە، چونکە گواستنەوە و پاراستنی خشڵ لە گەشتە دوور و درێژەکاندا بۆیان زۆر ئاسانتر بوو.

بەد گومانەکانی

بینینی سامانە خەیاڵی و فراوانەکە وای کرد، هەمویان باوەڕ بکەن، کە ئەو سێ پیاوە هەمان ئەو پۆلۆ بازرگانانەن، کە زۆر لەمەوبەر ون بوونە. هەواڵی گەڕانەوەیان لەگەڵ خەزێنەکەیان زۆر خێرا بڵاو بۆوە. باوەڕکردنی ئەو قسانەی کە مارکۆپۆلۆ دەربارەی ڕۆژهەڵات دەیگوت، دژوار بوو. تەنانەت هەندێک لە وتەکانی مارکۆ بووە هۆی ئەوەی کە خەڵک چیرۆکەکانیان بە درۆ لە قەڵەم بدەن. لەو سەردەمەدا زانیاری ئەوروپییەکان سەبارەت بە ڕۆژهەڵات زۆر کەم بوو. سوتاندنی بەردێکی ڕەش (خەڵوزی بەردین) لە جێگای سوتەمەنی، بەکارهێنانی دراوی کاغەزی و خواردنی میوەیەکی ناوکدار بە ئەندازەی سەری مرۆڤ (گوێزیهیندی) ئەوەندە لە لایەن ئەوروپییەکان سەیر بوو کە وەرگرتنی ئەم جۆرە شتانەیان وەکو شتێکی ڕاست ڕەت دەکردەوە.


Cosmographia breue introductoria enel libro d Marco paulo
El libro del famoso Marco paulo veneciano d las cosas marauillosas q vido enlas partes oriētales. cōuiene saber enlas Indias. Armenia. Arabia. Persia y Tartaria. E dl poderio dl grā Cā y otros reyes. Cō otro tratado de micer Pogio florētino q trata delas mesmas tierras y yslas.

لاپەڕەیەک لە کتێبی(شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان) کە لە ساڵی ١٢٩٨ نووسراوە و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ئەوروپادا خوێندرایەوە.

بەڵام مارکۆ بە ئەرکی خۆی دەزانی، خەڵک ئاگادار بکاتەوە لەو شتانەی، کە بینی بووی. لە گەڕانەوەیاندا بۆ وڵات بە باوکی گوتبوو: ((گەڕانەوەی ئێمە بۆ ڤینیسیا و گێڕانەوەی

ئەو شتانەی، کە لە جیهاندا هەیە، دەبێتە هۆی خۆشحاڵی خوا))(١).

مارکۆ لە ساڵی ١٢٩٨دا نووسینی کتێبێکی بە ناوی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهانی تەواو کرد. مارکۆ لەم کتێبەدا ژمارەیەکی زۆر لە کولتور و داب و نەریتی بیانی ناساندووە. لە کۆتاییدا ئەنجامی هەوڵەکانی ئەو گەیشتە کتێبخانەکان و بیری خوێنەرانی ئەورووپی. لەو سەردەمەی، کە ئەورووپییەکان ترسێکیان لە بیانییەکان هەبوو یان بەدگومان بوون بەرامبەریان، کتێبی مارکۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی بەم جۆرە ناساندووە، کە خەڵکی رۆژئاوایان خۆش دەوێت و وەکو هاورێ سەیریان دەکەن.

مارکۆپۆلۆ بە هۆی گەشتەکانییەوە بۆ وڵاتانی ئاسیا ناوبانگی پەیدا کرد. دۆزینەوەکانی ئەو زانیاری جوگرافیایی هەموانی پەرە پێدا و وەکوو پریشکەیەکی ئاگر ئەوانیان هاندا تاکوو بە دۆزینەوەی وڵاتە دوورە دەستەکانەوە خەریک بن.

مارکۆ پێشەنگی پەیوەندی نێو دەوڵەتی بوو. شارەزا لە چەند زمان و چەند شێوەزاری خۆجێی بوو، پەیوەندی هەبوو لەگەڵ خەڵکانێک، کە خاوەنی کولتورێکی جیاواز بوون و بە بیرێکی سپی و کراوە لێکۆڵینەوەی لە سەر کولتور و ئایینە جیاوازەکان دەکرد. مارکۆ خۆی وەکو نێردراوێکی نافەرمی ئەوروپا لە رۆژهەڵات و نێردراوی ئیمپراتۆرییەتی مەغوڵ ئەژمار دەکرد.

باسەکانی مارکۆ لە گەشتەکانیدا، بووە بۆهات بۆ دۆزەرەوەکان و بازرگانانی تر تا هەنگاو لە شوێن پێی ئەو دابنێن و پەرە بە زانستی جوگرافیا کە میراتی مارکۆ بوو، بدەن.

لەبەر ئەوەی لە سەردەمی مارکۆپۆلۆدا بنەمای نەخشە ئەورووپییەکان لە ئاسیا لە

سەر بناغەی بۆچوون و گومان و ئەفسانەکانی کتێبی پیرۆز دانرا بوو، کەسێکی ئاسایی ئەوروپی روانگەیەکی راستی لە جیهان نەبوو. کتێبی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهانی مارکۆ پارمەتیەکی لە رادەبەدەر بوو بۆ فراوانکردنی زانستی جوگرافی ئەوروپییەکان. بە پێی ئەم کتێبە زەریای هێمن لە رۆژهەلاتی ئاسیا بوو، زەریایەکی نوێ، کە جیاواز بوو لەگەڵ زەریای ئەتڵەسی لە رۆژئاوای بەریتانیا و ئیسپانیا. مارکۆ لەم کتێبەدا فراوانی و رووبەری ژاپۆن و چینینشی مەزەندە کرد بوو، دوورگەکانی (زەریای هێمن)ی ژماردبوو. دوو نەخشەی جوگرافی کە لە سەدەی چواردەهەمدا کێشرا بوون لەژێر کاریگەری ئەم کتێبەدا بوون. لە هەردوو ئەتڵەسی لۆرانس لە ساڵی ١٣٥١ و ئەتڵەسی (کاتالان) لە ساڵی ١٣٧٥دا نەخشەی هەردوو ئاسیای ناوەڕاست، چین و ژاپۆن بە پێی باسەکانی مارکۆ کێشراوە. هەوڵیانداوە وێنەیەکی راستتر لە جیهان پێشکەش بکەن نەک ئەو وێنانەی کە لە سەر بنەمای زانیارییەکانی کتێبی پیرۆز وەسف کراون.

پێش نووسینی کتێبی مارکۆ، زانا جوگرافییەکان زانیارییان سەبارەت بە ئەندازە و رووبەری ئاسیا نەبوو. لە راستیدا مەزەندەکردنەکانی مارکۆ لە فراوانی رووبەری ئاسیا، بووە پێشاندەری دۆزەرەکانی دوایی، واتە کریستۆف کۆلۆمپ. کۆلۆمپ بیری لەوە دەکردەوە، کە دەکرێت لە رێگەی دەریاوە بەرەو رۆژئاوا، بە رۆژهەلات بگات. کاتێک لە ساڵی ١٤٩٢دا لە ئەمریکای باکوردا پێی لە سەر وشکانی دانا، چەند نامەیەکی لەلا بوو کە لە لایەن فێردناند و ئیلیزابێت شا و شاژنی ئیسپانیایی بۆ خانی گەورە کاتای (چین) نوسرابوو. و لە ناو گەشتەکەیدا دانەیەک لە کتێبی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهانی مارکۆپۆلۆشی هەبووە، کە چەندەها شتی زیادەشی لەسەر نووسرا بوو. گەشتی مارکۆپۆلۆ و هەروەها بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی نەک هەر زانستی ئەوروپییەکانی سەبارەت بە جوگرافیا و کولتوری رۆژهەلات زیاد کرد، بەڵکو هانی ئەوروپییەکانیشی دا بۆ گەشتکردن بەرەو رۆژئاوا. بەم جۆرە یەکەمین گەشتەکانی بەرەو جیهانێکی نوێ چوارچێوەی خۆی وەرگرت.

شارێک تامەزرۆی بازرگانی کردن

ئەو ڤێنیسیایەی کە پۆلۆکان لە ناوەڕاستی سەدەی سێزدەدا بەجێیان هێشت، لە لوتکەی هێز و ساماندا بوو. مارتینۆ داکاناڵە، لە نووسەرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، هاوکات لەگەڵ پۆلۆکان لە ڤێنیسیادا دەژیا. ڕێی تێدەچێت کە مارکۆ پۆلۆی تازەلاوی بینیبێت. کتێبی هێنری هارت بەناوی: مارکۆ پۆلۆ، سەربەگێچەڵی ڤێنیسی لە نووسینەکانی داکاناڵە سەبارەت بە سامانی ڤێنیسیا، چەند بابەتێک باس دەکات:

ئەمڕۆ ڤێنیسیا جوانترین و دڵڕفێنترین شارە لە جیهاندا، پڕە لە جوانی و هەموو شتە باشەکان. کڕین و فرۆشتن و کاری بازرگانی لە هەموو شوێنێکی شارەکەدا بەردەوام و باوە، هەروەکو ئاو کە لە سەرانسەری و لە هەموو گۆشەیەکی، جگە لە ماڵەکان و شەقامەکان، لە گەڕدایە. کاتێک کە هاوڵاتیان لە ماڵەکانیان دێنەدەر دەریا و شەقامەکان لە بەرامبەریاندایە. لە هەموو شوێنێکی کاری کڕین و فرۆشتن زۆر گەرمە. بازرگانەکان کاڵا دەکڕن و بۆ وڵاتی خۆیان دەبەن. خواردەمەنی بە فراوانی دەست دەکەوێت: نان و شەراب، جوجەڵە و مریشک و باڵندە دەریاییەکان، گۆشتی تازە و سوێرکراو، ماسی گەورەی دەریا و ڕووبارەکان. بەرهەمی هەموو وڵاتەکان لە بازاڕەکەدا نمایش دەکرێت. لەم شارە جوانەدا، پیاوانی ڕەسەن و خوێندەوار دەبینیت: بەساڵاچووان، کامڵەکان و گەنجەکان، کە لە ئاکار و هەڵسوکەوتدا ستایش دەکرێن، هەروەها بازرگانەکان کە کڕین و فرۆشتن دەکەن، هەروەها دراوگۆڕەکان، و خاوەنی هەر پیشە و هونەرێک، دەریاوانانێک کە لە گشت چین و توێژەکان، و ئەو کەشتیانەی کە بار بۆ هەر بەندەرێک دەگوازنەوە، و کەشتییە شەڕکەرەکان کە لەگەڵ دوژمناندا دەجەنگن. جگە لەمانەش لەم شارە جوانەدا، خاتوونان و کچ و کیژۆڵەی زۆر جوان و قەشەنگ دەژین کە جلوبەرگی بەنرخیان لەبەردایە.

جوان وەکو خشڵ و بەهارات و کوتاڵ بە تایبەتی ئاوریشم بۆ دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپا ڕکەبەرایەتیان دەکرد. ڤێنیسیا بە بەهێزترینی ئەم دەوڵەتشارانەی ئیتاڵیا ئەژمار دەکرا. چونکە دەسەڵاتی هەبوو بە سەر شاری قوستەنتەنییەدا، کە دەروازەی دەریای ڕەش و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. لە درێژەی شەڕەکانی خاچپەرستەکاندا، لە ڕەوتی شەڕەکانی خاچپەرەستەکان لە سەدەی سێزدەهەم دا، خاچپەرستە فەرەنسییەکان بە هاوکاری هێزی دەریایی ڤێنیسیا شاری قوستەنتەنییەیان گەمارۆدا و نەیانهێشت ئەم شارە بکەوێتە

ژێر دەسەڵاتی موسڵمانەکان. کاتێک فەڕەنسییەکان دەسەڵاتی خۆیان لەم شارەدا سەپاند، ڤینیسیاییەکانیش لەم دەستکەوتەدا پشکێکیان بەرکەوت. کەشتییەکانی ڤینیسیا مافی ئەوەیان پێدرا بۆ قوستەنتەنییە هاتوچۆ بکەن و بازرگانەکانیشی دەیانتوانی لە شارەکە جێگیر ببن. ئەمە مافێک بوو، کە خەڵکی جەنەوا و پیزا لێی بێ بەش بوون. ئەم دوو شارە نەیاندەتوانی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیاندا

ماڵی مارکۆپۆلۆ لە ڤینیسیا

بازرگانی بکەن. مێژوونووسێک دەڵێت: لە راستیدا دەریای رەش گۆڕا بۆ (دەریای ڤینیسیا)(٢). لەبەر ئەوەی بازاڕی خشڵ برەوی هەبوو نیکۆلۆ و مافیۆ خانوویەکیان لەم شارەدا درووست کرد تا لە کاتی ئامادەبوونیان لەم شارەدا ئاسودە بن.

لەو سەردەمەدا پەیوەندیی بازرگانی نێوان ئەورووپا و ڕۆژهەڵات زۆر بەهێز بوو. بۆ یەکەم جار لە ساڵی ساڵێک پێش زایین، ئاورێشم لە چینەوە بۆ ئیمپراتۆرییەتی رۆم نێردرابوو و بازرگانە ئەورووپییەکان چەند سەدە بوو خەریکی بازرگانیکردن بە کوتاڵ لە جۆری خوری و کەتان، شوشەوات، بەردە بەنرخەکان، دەرمان و جۆرەکانی دیکە بوون لەگەڵ هیند و ڕۆژهەڵاتی دووردا. بازرگانە ئەورووپییەکان بە زۆری ئەم جۆرە کەل و پەلە ڕۆژهەڵاتییانەیان لە ڕێگای کۆمەڵە ناوەندێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ئامادە دەکرد و زۆر کەم خۆیان بۆ هێنانی ئەم کەل و پەلانە لەم ڕێگەیە دەدا. رێی وشکانی بەرەو چین، پڕ بوو لە کەسانی رێگر و شەڕخواز. ڕۆیشتن بەرەو ڕۆژهەڵاتی دوور ئاستەم و مەترسیدار بوو. بۆیە بە درێژایی چەند سەدە یەک لەدوای یەکدا پەیوەندی فەرمی نێوان ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی دوور، کەمتر هاتبووە ئاراوە.

یەکێک لە هۆکارەکانی نەبوونی ئەم پەیوەندییانە، دژایەتی ئەوروپای مەسیحی لەگەڵ موسڵمانان یان هێزی ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. لە دەیەکانی ساڵی ١٢٦٠ زایینیدا، کاتێک مارکۆ هێشتا نەوجەوان بوو، کڵێسەی کاتۆلیک بە ڕێبەرایەتی پاپا توانیبووی دەوڵەتە ئەوروپییەکان لە گەڵ یەکتردا یەک بخات و هێزێکی یەکگرتو دروست بکات. لە نێوان سەدەکانی ناوەڕاستدا کڵێسا، زنجیرەیەک بیروبۆ چوون و تیۆری دانا، کە پێگەی خودی کڵێسا و باوەڕەکانی بەرامبەر بە جیهان، دیار دەکرد. هەر کەسێک دژایەتی بیروڕاکانی کڵێسای دەکرد بە بیدعەتکار و لادەر لە قەڵەم دەدرا و ئازار و ئاگادار دەکرایەوە هەندێ جار ئەشکەنجە دەدرا و جاری واشبوو لە سێدارە دەدرا. کڵێسا ببوو بە دامەزراوێکی بەهێز کە تامەزرۆی ئەوە بوو دەسەڵاتی خۆی بەرەو بەشەکانی تری جیهان فراوان بکات و هەموو شتێک لە ژێر ڕکێفی خۆی بگرێت. ڕێبەرانی کڵێسا و زۆربەی فەرمانڕەوایانی مەسیحی ئەوروپا بە ئاشکرا ئارەزووی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە پیشان دا، چونکە شاری پیرۆزی ئۆرشەلیم لە ژێر کۆنترۆڵی موسڵماناندا بوو، شاری لەدایکبوون و گەورەبوونی حەزرەتی عیسا. لەژێرکاریگەری نفوزی کڵێسادا، فەرماندەکانی ئەوروپا خۆیان بۆ شەڕەکانی خاچپەرستەکان ئامادە کرد و بۆ ئازادکردنی خاکی پیرۆز لە دەستی موسڵمانان، گرووپی چەکدارییان دروست کرد.

دەرکەوتنی جیهانبینی مەسیحی

گەشەی جیهانبینی مەسیحی لە سەدەکانی ناوەڕاست بووە هۆی دەرکەوتنی کێشەیەک، کە دانییەل بۆرستینی مێژونووس، بە تێکچوونێکی گەورەی زانستی جوگرافیا ناوی نا. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، وردترین سەرچاوە جوگرافییەکانی ڕۆژهەڵات، واتە کتێبە کلاسیکیەکانی هێرۆدێت (سەدەی پێنجەمی پێش زایین) و بەرهەمەکانی بەتلیمۆس (سەدەی دووەمی زایینی) کاریان پێ نەکرا و لادران. چونکە زانیارییەکانی ئەم بەرهەمانە لەگەڵ زانیارییەکانی ئایینی مەسیحی، کە جوگرافیای لە سەر بنەمای ئەفسانەکانی کتێبە پیرۆزەکان (سەردەمی کۆن و سەردەمی نوێ) و پێشبینیکردنەکانی پێغەمبەران وەسف دەکرد، یەکیان نەدەگرتەوە. بۆ نموونە لە کتێبی حزقیالی پێغەمبەردا هاتوە: ((خوای یهوە ئەوها دەڵێت: من ئۆرشەلیمم لە ناوەڕاستی نەتەوە جیاکاندانا و دەوڵەتەلە دەوروبەریاندا.)) نەخشە جوگرافیەکانی مەسیحی شاری ئۆرشەلیمیان ڕێک لە ناوەڕاستی گۆی زەوی دادەنا.

دەرباری پاپا لە وێنەکێشانێکی سەدەی سێزدەمدا. کاتێ کە مارکۆپۆلۆ تازەلاوێک بوو کلیسای کاتولیک بە ڕێکخراوێکی بەهێز دەهاتە ئەژمار. لەو سەردەمەدا دەبوایە زانیارییە جوگرافیاییەکان لە گەڵ فێرکارییەکانی کلیسادا بگونجێنن.

لەم نەخشە جوگرافییایانە باغی عەدەن(بەهەشت) و بورجی بابلیشی لە خۆگرتوون. زۆربەی مێژونووسان باوەڕیان وایە، کە لەو کاتەی کە عەرەب و چینییەکان خەریکی تەواو کردنی زانستی نەخشەکێشان بوون، لە هەمان کاتدا زانستی جوگرافیایی خۆشیان تەواو دەکرد، پێشکەوتنی ئەوروپاییەکان لەم بوارەدا بەربەستی گەورەی چینایەتی و توندڕەوی پیاوانی کڵێسای لەبەردەم دابوو. لە ئەنجامدا دۆزەروە ئەوروپییەکانی وەکو مارکۆپۆلۆ کە وێنەیەکی ڕاست و دروستیان لەبارەی ڕۆژهەڵاتی دوور لە زەیندا نەبوو، نەیاندەزانی چاکترین ڕێگەی گەیشتن بەم شوێنە کامەیە و یان نەیان دەزانی لە کاتی گەیشتنیان دەبێ چاوەڕوانی چی بکەن. لە سەردەمی پۆلۆکان دا، زانیاری ئەوروپیەکانی سەبارەت بە ئیمپراتورییەتی مەغۆل زۆر کەم بوو، لە کاتێکدا ئەم ئیمپراتورییەتە یەکێک لە گەورەترین و ڕێکخراوترین ئیمپراتۆرییەتەکانی مێژوی جیهان بوو. هەر زوو ئەو ئیمپراتۆریەتە بووە مەبەستی ڕێگای پۆلۆکان و لە دوای ئەوەش ئیتر بووە پێگەیەکی بۆ مارکۆ پۆلۆ تالەوێوە سەرزەمینی ڕۆژهەڵات بدۆزێنەوە..

ئیمپراتۆرییەتی مەغۆل

لە نیوەی سەدەی سێزدەهەم دا کاتێک پاشا ئەوروپییەکان خۆیان لە ژێر دەسەڵاتی

پاپا دوور دەکردەوە و کڵێساش خێرا و بەلاش رابەرانی خۆی دەگۆری (لە ماوەی ژیانی مارکۆ پۆلۆدا پێنج پاپا بوون بە رابەی کڵێسا)، ئیمپراتۆریەتی مەغۆل لە گەشەکردن دابوو. لە ساڵی ١٢٠٦دا مەغۆلەکان بە سەرکردایەتی چەنگیزخان دەستیان بە داگیرکردنی وڵاتە ئاسیاییەکان کرد. لە ساڵی ١٢٦٠دا دوو لەسەر سێی خاکە پان و بەرینەکەی ئوراسیا لە ژێر قەڵەمرەوی مەغۆلەکاندا بوو. رووبەری ئیمپراتۆریەتی مەغۆل لەسەر زەوییە جەمسەرییەکان دەستی پێدەکرد و لە چیاکانی هیمالایا تەواو دەبوو، لەکاتێکدا سەرتاسەری وڵاتی چین، مەنغۆلیا، ئەفغانستان، ئێران، عێراق، کۆریا، چەندین بەش لە سیبریا، روسیا، تورکیا، پاکستان، هیند، ڤیەتنام و کامبۆجیا، هەموویان بەشێک بوون لەم ئیمپراتۆریەتە.

هۆکاری بەرەوپێشچوونی مەغۆلییەکان کە شەڕخواز و درندە بوون، بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ رێکخستنێکی رێک و پێک کە ئیمپراتۆرییەکەی پێکهێنابوو؛ بەم جۆرە کە ئیمپراتۆرییەتەکە بەسەر چەند خاناتێک (خان نشین)دابەش کرابوو، کە هەر یەکەیان خانێک سەرکردایەتی دەکرد. ئەم خانانەش ملکەچی خانی گەورە بوون و بەم شێوەیە مەغۆلەکان دەیانتوانی تۆڕی فراوانی ئیمپراتۆری و ئەو خاکەی کە داگیریان کردبوو، بپارێزن.

ئەوروپاش لە هێرشی مەغۆلەکان پارێزراو نەبوو. لە لای چەنگیزخان وتوبوویان کە زەویەکانی رۆژئاوا بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتەکانیان باشترە. لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٢٤١دا سوپای مەغۆل بە سەرکردایەتی جێنشینی چەنگیز، واتە ئۆگتای قائان، هێرشیان کردە سەر ئەورووپای رۆژهەڵات. شاری کیێڤی روسی کەوتە بەر ئامانجی مەغۆلەکان، و بە پێی راپۆرتی شایەتێکی روسی، مەغۆلەکان زۆر بێبەزەیی بوون:

مەغۆلەکان دانیشتوانی شارەکەیان لە پیر و گەنج ژن و پیاو کۆمەڵکوژ کرد. بزماریان لە دەست و پێی خەڵک دا و بۆ خۆشی خەڵکیان کردە ئامانجی تیرەکانیان و هەندێکیان کەوڵ کرد و دەرزی و داری تیژیان کردە ژێر نینۆکی خەڵکی. قەشەکانیان بە زیندویی فرێ دایە ناو ئاگر و لە پێش چاوی خزمەکانیان دەستدرێژیان کردە سەر کچە راهیبەکانی ناو کڵێسا. هیچ چاوێکی ساغ نەما بۆ ئەوەی بۆ مردووەکان بگریێت.(٥)

لە دوای ئەوە مەغۆلەکان بەرەو پێش چوون و هێرشیان کردە سەر پۆڵۆنیاو هەنگاریا، و تا سنوری نەمسای ئەم سەردەمە و باشوری ئەڵمانیا بەرەو پێش چوون و زۆر نەمابوو کە ئەوروپا بە تەواوی داگیر بکەن، کە لەناکاو گەڕانەوە بۆ پایتەختەکەیان شاری

قەرەقوروم. ئەوروپپە هەراسان و ترساوەکان، ئەم کشانەوەیان بە نیشانەی موعجیزەیەک لەلایەن خوا زانی. بەڵام لە راستیدا هۆی گەڕانەوەی ئەوان بیستنی هەواڵی مردنی خانی گەورەیان بوو. هەموو خانەکانی تر دەیانویست لە ڕێورەسمی هەڵبژاردنی جێنشینی خانی گەورە، بەشداری بکەن.

هەر کە جیهانی مەسیحی ئاگاداری هێرشی مەغۆلەکان بۆ سەر روسیا و رۆژهەڵاتی ئەوروپا بووەوە، سەرکردەی وڵاتەکان خۆیان بۆ روبەڕوبوونەوە لەگەڵ مەغۆلەکاندا ئامادە کرد. لە ساڵی ١٢٤٥دا پاپا ئینوکنیتیوسی چوارەم ئەنجومەنێکی راوێژکاری تایبەتی لە شاری لیۆنی فەرەنسا دامەزراند تا: ((بۆ روبەڕووبوونەوەی تاتارەکان و دوژمنانی تری ئیمانداران و ئازاردەرانی شوێنکەو تووانی مەسیح چارەیەک بدۆزنەوە.))(٦)

جەنگیزخان هۆزە کۆچەرە مەغۆلییەکانی بە شێوەی هێزێکی جەنگاوەری یەکگرتوو رێک خست، بە سەرکردایەتی چەنگیزخان ئیمپراتۆریەتی مەغۆل لە سەرانسەری ئاسیا دا بڵاوی کرد تا وای لێهات بەشی سەرەکی و هەرەزۆری ئەم کیشوەرەی گرتەوە.

(ئەوروپاییەکان بە هەڵە مەغۆلەکان و نەتەوەکانی تری ئاسیایان بە تارتار ناو دەبرد، لە کاتێکدا وشە دروستەکەی بریتیە لە تاتار. تاتارەکان نەتەوەی زاڵ و دەسەڵاتداری ناو هێزی مەغۆلەکان بوون. لەوانەیە دڕندەیی مەغۆلەکان لە لای ئەوروپاییەکان وشەی ((تاتاروس))ی یۆنانی بە واتای دۆزەخی بە بیریان دەهێنایەوە، لەبەر ئەوە پێیانیان گوتووە تاتار.) لە پاش ماوەیەکی تر جێنشینی پاپا ئینوکنیتیوس، واتە پاپا گریگۆریسی نۆیەم، بانگی ئەوروپاییەکانی بۆ شەڕی خاچپەرستی لە دژی مەغۆلەکان کرد، بەڵام

ئەو سوپایەی کە ئەوروپای توشی سەرسوڕمان کرد

سەرکەوتنی سوپای مەغۆلی، سەرانسەری ئەوروپای تووشی سەرسوڕمان کرد. بەرگی دووەمی کتێبی کوی مێژووی جیهان لە نووسینی ئێچ . جەی . وێلز دەڵێت: پێشکەوتوویی سوپای مەغۆل وەکو پێویست نە ناسرابوو:.

((تەنها لە سەردەمی ئێستادایە کە ئەوروپا دەرکی بەو بابەتە کردووە کە سەرکەوتنەکانی سوپای مەغۆلی لە بەهاری ساڵی ١٢٤١ ی زایینیدا کە هێرشیان کردە سەر پۆلۆنیا و مەجاریان داگیرکردە بە هۆی جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی جەنگی بووە، نەک تەنیا بەهۆی زۆربوونی لە رادەبەدەری ئەندامەکانی سوپا. بەڵام ئەم راستییە هێشتا بە شێوازێکی گشتگیر بڵاو نەبوونەتەوە، هێشتاش بیر و باوەڕێکی رەمەکییانە باوە کە مەغۆلەکان وەکو گرووپێکی دڕندە سەیر دەکات؛ ئەو گرووپەی کە بە هۆی زۆری ژمارەیان هەرشتێکیان لە بەرامبەردا بوایە تێکیان دەشکاند، بێ پلان دانان بەغار هێرشیان کردە سەر رۆژهەڵاتی ئەوروپا و هەروەها هەموو بەربەستەکان و تەنها بۆ لەناو بردنیان سوودیان لە هێز وەرگرت.

بەڵام سەرسوڕهێنەرە کە پلانی فەرماندە سەربازییەکانی مەغۆلی لەو هێرشەی کە لە روباری ڤێستۆلی خوارەوە هەتا ترانسیلوانی بەرفراوان بوو، لە هێزی هەموو سوپاکانی ئەوروپی لەو سەردەمەدا و بیر و روانگەی هەرفەرماندەیەکی ئەوڕووپی بەرزتر بوو. لەوسەردەمەدا تا سەردەمی فریدریکی دووەم لە هەموو ئەوروپادا هیچ سەرکردەیەک نەبوو کە لە رووی پلانی سەربازی وپرۆفشینالیدا بەراورد بکرێت لەگەڵ ئۆگتایدا. هەروەها دەبێ بزانین کە مەغۆلەکان بە وەرگرتنی زانیاری تەواو سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی پۆلۆنیا و هەنگاریا دەستیان بەو هێرشەئازایانەیە کرد. مەغۆلەکان ئاگادار بوون کە بە هۆی دامەزراوە تەواو رێکخراوەکانیان لە سیخوڕەکان زانیاری وەربگرن و لە بەرامبەردا، هەنگارییەکان و هێزە مەسیحییەکان کە وەکو مرۆڤە سەرەتاییەکان نەزان بوون، زۆر کەم زانیارییان سەبارەت بە دوژمنانیان هەبوو.))



قەڵا پتەو و پڕلە پاسەوانەکان، حەریفی سوپای چاونەترسی مەغۆڵ نەبوون

نەخشەی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی مەغۆڵ لە لوتکەی هێزدا

کەس گرنگی بەم بانگەوازە نەدا، تاکو نیشانەکانی هێرشی مەغۆلەکان بە ئاشکرا بەدیار کەوت. دەست بەجێ ئەنجومەنی راوێژکاری لیۆن داوای لە هەموو مەسیحییەکان کرد کە بۆ بەرگرتن لە هێرشی مەغۆلەکان خۆیان ئامادە بکەن و ئەم کارەش بە داخستنی هەموو سنوورەکانی ئەوروپا ئەنجام بدەن، دەبوایە خەلک کەناڵ هەلکەنن و دیوار و بەربەست دروست بکەن.

موسڵمانەکان لە ئێران و رۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاستدا کە مەغۆلەکان ماڵ و حاڵیانیان لەناو بردبوو، چەند نوێنەریان رەوانەی ئەنجومەنی راوێژکاری لیۆن کرد و داوایان لە سەرکردەکانی ئەوروپا کرد تا لە دژی مەغۆلەکان لەگەڵ ئەواندا ببنە هاوپەیمان. بەلام ئەوروپا بیری لەوە کردەوە تا هەوڵ بدات لە دژی خودی موسڵمانەکان لەگەڵ مەغۆلەکاندا ببێتە هاوپەیمان. بەم جۆرە بەرپرسانی مەسیحی داوای یارمەتی موسڵمانانیان رەت



ئۆگتای، کوڕی چەنگیزخان (لە سەر کورسی دانیشتووە) بووە جێگری باوکی. مەغۆڵەکان بە سەرکردایەتی ئۆگتای هێرشیان کردە سەر ئەوروپا، شارەکانیان تاڵان کرد

کردەوە چونکە باوەڕیان وابوو کە موسڵمانان لە دین هەڵگەڕاونەتەوە و بیدعەکارن و لە بێدینەکان مەترسیدارترن. مەغۆلە بێباوەڕەکان دەیانتوانی هۆشەکیانە ئایینی مەسیحی وەربگرن و لەگەڵ ئەوروپادا یەک بگرن. ئۆسقۆف ڤینچستر گوتی: دەبێت ئەوروپا دەرفەت بدات تا: (بووە (سەگەکان یەکتر لەناو ببەن.))(٧) واتە مەغۆلەکان و مسوڵمانەکان بکەونە گیان یەکتر و یەکتر بکوژن تا ئەوروپا بە تەواوی و بۆ هەتاهەتایە لە مەترسی ئەو دووە رزگاری ببێت.

لە هەمان کاتدا ئەوروپا بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی لەناو مەغۆلەکاندا، چەند هەوڵێکی دا. لە ساڵی ١٢٤٦دا قەشەیەک لە رێبازی فرانسیسیان بە ناوی جیوڤانی پلانۆ کارپینی، لە لایەن ئینۆکنیتیۆسی چوارەم بۆ شاری قەرەقوروم پایتەختی مەغۆلەکان رەوانە کرا کە چەند نامەیەکی لە لایەن پاپاوە بۆ مەغۆلەکان بردبوو کە بەرەو ئاینی مەسیحی بانگهێشتی دەکردن. گیۆک خان، خانی گەورەی مەغۆل کە نەوەی چەنگیزخان بوو، ئەوها وەڵامی نامەکانی پاپای دایەوە: ...تۆ داوات کردووە و پاڕاویتەوە کە من بە شوێوەیەکی شایستە تەعمید بکرێم. لەم پاڕانەوەیەی تۆ تێنەگەیشتم.. ئاسمانی شینی هەتاهەتایی، ئەم سەرزەمینانەی لەناو بردووە و خەڵکەکەی کوشتووە، چونکە ئەوان نە لایەنگری {چەنگیز خان} بوون نە لایەنگری خاقان کە هەردووکیان نێردراون تا

شارێک پڕ لە سامانێکی خەیاڵی، تاڵان کرا

قوستەنتەنییە شارێکی زۆر دەوڵەمەندبوو کە وەسفی دەوڵەمەندییەکەی نەدەکرا. بنجامین تۆدیلا (Benjamin Tudela) لە ناوچەی ناڤار، چەند ساڵ پێش ئەوەی کە سەربازە خاچپەرستەکان ئەم شارە تاڵان بکەن، گەشتێکی بۆ ئەم شارە کردبوو. وەسفی تۆدیلا لە شاری قوستەنتەنییە لە کتێبی (ماکۆ پۆلۆ، سەربە گێچەڵی ڤێنیسی) بەهەمی هێنری هارت llenry llarts واهاتووە:

رووبەری شاری قوستەنتەنییە نزیکەی سی کیلۆمەترە... ئامادەیی بەردەوامی بازرگانەکان گەرم و گوڕی دەداتە شارەکە. بازرگانەکانی سەرانسەری جیهان لە رێگەی دەریا و وشکانی بۆ کڕین و فرۆشتن دێنە قوستەنتەنییە. لەم شارەدا پەرستگایەک هەیە بە ناوی سانتا سۆفیا.. ئەم پەرستگایەکە بە ژمارەی رۆژەکانی ساڵ هۆڵی تێدایە و پڕە لە سامانێکی بێ سنوور. ستوونەکانی پەرستگا بە زێڕ و زیو رازێنراوە و لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی زۆر چرای زێڕ ز زیو، لە ناودا چەقێندراوە.. پاشا مانوویل بۆ مانەوەی خۆی لەوێ لە کەنار دەریا، کۆشکێکی گەورەی دروست کردووە، ستوونەکان و دیوارەکانی کۆشک بە زێڕێکی بێگەرد داپۆشراوە کە روداوی شەڕە کۆنەکان و هەروەها شەڕەکانی پاشا مانوویلیان لەسەر نەخش کراوە. تەختی پاشایەتی ئەم کۆشکەش لە زێڕ دروست کراوە و بە بەردە بەنرخەکان ڕازاندراوەتەوە.. سەرانە و باج هەموو ساڵێک لەلایەن ئەو شارانەی ژێر کۆنترۆڵی قوستەنتەنییە و لە سەرانسەری بەشەکانی یۆنان بۆ شارەکە دێت کە بریتیە لە ئاورێشم، قوماشی نەخشێنراو و زێڕ، بەو ئەندازەیە کە دەکرێت زور لە بورجەکانی شاری لێ پڕ بکەن. ئەم جۆرە سامانە و تەلارسازییە لە هیچ شوێنێکی جیهان نمونەی نییە. دەڵێن و باج و سەرانەی رۆژێکی ئەم شارە بەرامبەرە بە بیست هەزار فلۆریەن، کە دەکاتە سەد هەزار فرانکی زێڕ، ئەم سەرانەیە لە کرێی هۆتیلەکان، بازاڕەکان و باجی هاتنەژوورەوەی بازرگانەکان لە رێگای دەریا یان وشکانییەکان، دابین دەکرێ. یۆنانییەکان لە رادەبەدەر دەوڵەمەندن و خاوەنی سامانێکی زۆر لە زێڕ و بەردە بە نرخەکانن... جلەکانیان لە حەریرە کە بە هۆی زێڕ و شتە بەنرخەکان رازاندراوەتەوە... یۆنانییەکان لە هەموو نەتەوەکانی تر زیاتر سەربازیان هەیە. کە پێیان دەڵێن بەربەر یان وەحشی، کە لە کاتی شەڕ سوودیان لێ وەردەگرن

یۆنانییەکان خۆیان ورەی شەڕ کردنیان نییە، و وەکو ئافرەتان، لە شەڕکردن بێتوانان.

فەرمانەکانی خوا تێ بگەیەنن.. . چۆن کەسێک دەیتوانی پێچەوانەی فەرمانەکانی خوا و تەنها بە پشتبەستن بە توانا و دەسەڵاتی خۆی هەڵسوکەوت بکات یان بکوژێت؟

هەرچەندە تۆ ئەوهات وتو کە من دەبێت ببمە مەسیحییەکی نەستووریی ترساو و خوا بپەرستم و لە خواترس بم، تۆ چۆن دەزانی کە (خوا) کێ دەبورێت و لە راستیدا لێبوردەیی خوا بۆ کێیە؟

ئێستا دەبێ تۆ بە دەروونێکی بێگەرد بڵێی: ((من ملکەچ دەبم و خزمەتی تۆ دەکەم.)).. ئەگەر فەرمانەکانی خوا جێبەجێ نەکەی و فەرمانەکانی من پشتگوێ بخەیت، تۆ بە دوژمنی خۆم دەزانم. هەروەها ئاگاداریشت دەکەمەوە ئەگەر بە شێوەیەکی تر بجوڵێیتەوە، بەس خوا دەزانێت ئەوەی کە من دەیزانم.(٨)

لە ساڵی ١٢٥٣دا قەشەیەکی تری رێبازی فرانسیسیان بە ناوی ویلیەم روبریک لە لایەن لویی نۆیەم، پاشای فەرەنسا، بۆ قەرەقوروم نێردرا. ئەم هەوڵەش بۆ بە مەسیحی کردنی مەغۆلەکان شکستی هێنا، لە ئەنجامدا رێبەرانی ئەوروپا زیاتر نیگەرانی هێرشێکی ماتەوزە(بالقوە) لە لایەن رۆژهەڵاتەوە بوون.

مەغۆلەکان دووبارە رێگاکانی بازرگانی دەکەنەوە

هەرچەندە ئەگەری هێرشی مەغۆلەکان، ئەوروپاییەکانی هەراسان کرد، بەڵام سودیشیان لە هێزی ئیمپراتۆی مەغۆل وەرگرت. مەغۆلەکان بە سەر موسڵمانەکاندا سەرکەوتن.

سوپای خوێنرێژ

لە ((بیرەوەرییە فراوانەکان)) کە لەلایەن سێر پێرسی سایکس لە کتێبی (گەڕان بە دوای چین)دا ئاماژەی بۆ کراوە، مێژوونووسی بەریتانی، مەتیۆ پاریس رەشەکوژی مەغۆلەکان لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا وا باس دەکات:

لەم ساڵەدا (١٢٤٠) قەومێکی چەپەڵ و ئەهریمەنی، سوپایەکی فراوان لە تاتارەکان دیواری چیاکانی دەوری وڵاتەکەیان شکاند و پێشرەوییان کردە ناو چیاکانی قەوقاز و وەکو ئەهریمەن هێرشیان کردە خوارەوە.. ئەوان تینووی خوێنن، مرۆڤ و سەگەکان بەیەکەوە سەر دەبڕن و گۆشتەکەیان دەخۆن. پێستەی مانگایان لەبەرە و لەشیان بە پارچە ئاسنی ئەستوور پڕچەک کراوە؛ بەهێز و کەشکان نەهاتوو.

تالانکردنی بەغدای پایتەختی عەباسییەکان لە ساڵی ١٢٥٨دا، لە سەر دەستی مەغۆلەکان دڵی مەسیحییەکانی خۆش کرد. سەرەڕای ئەوەش، لەوێوە کە مەغۆلەکان رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیایان خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، رێگا بازرگانییەکان کە ماوەیەکی زۆر بوو بۆ گەشتیارە ئەوروپییەکان مەترسیدار بوو، دووبارە کرانەوە. ئەم رێگا بازرگانیانە کە بە رێگای ئاورێشم ناو دەبران، لە رێگای تایبەت بە کاروانەکان و جادەی ئاسایی و رێڕەوی چیاکانی ئوراسیا پێکهاتبوون. نیکۆلۆ و مافیۆ پۆلۆ پێشەنگی ئەو بازرگانانە بوون کە سوودیان لەو بارودۆخە تارادەیەک ئارامەی ئەو سەردەمە وەرگرت.

بازرگانەکانی ڤێنیسیا ماوەیەکی زۆر بوو لە قوستەنتەنییە و تورکیا و بەندەرەکانی دەریای رەشدا بازرگانییان و کڕین، بەڵام کرانەوەی رێگای ئاورێشم لەژێر دەسەڵاتی مەغۆلەکان بوارێکی نوێ و سەرنجڕاکێشی بۆ بازرگانی هێنایە کایەوە. بەم شێوەیە لە ساڵی ١٢٦٠دا کاتێک کە مارکۆ شەش ساڵان بوو، باوک و مامی بەرەو ئەم سەرزەمینانە بەڕێ کەوتن. برایانی پۆلۆ هیوادار بوون بە گەشت کردن و تێپەڕین لە رێگا سەرەکییە دەست لێنەدراوەکان سوودێکی زیاتریان دەست کەوێت. ئەوان بیستبوویان کە بازرگانی بە پێستە، خوێ، قیر، دار، تەختە و کۆیلە لە ناو کۆچەرەکانی (چادرنشینەکان) باکووری دەریای رەش سوودێکی بەرچاوی هەیە. هەروەها ئومێدەوار بوون کە بازاڕێکی نێودەوڵەتی لە رۆژهەڵاتی جیهان یان لێڤانتین(Leveantine) دا دروست بکەن [داتاشراوە لە فرمانێکی زمانی فەڕەنسی بە واتای ((هەستانەوە یان هەڵهاتن)). چونکە رۆژهەڵاتن یان دەرکەوتنی رۆژ، لە رۆژهەڵاتەوەیە]. دەکرا کەل و پەلی پڕ بەها و بەنرخ وەکو بەهارات، خشڵ، بخور و بۆنەکان و کوتاڵی بەنرخ لە رێگای بازرگانی لە رۆژهەڵاتدا بەدەست هێنرێت و پاسان بە نرخێکی باش لە بازاڕەکانی ڤێنیسیا بفرۆشرێت.

هەرچەندە بنەماڵەی پۆلۆ، کاسبکار و رەنجدەر بوون و روداوگەڕتر و سەربەگێچەڵتر لە هەر ڤێنیسیاییەکی تر بۆ رۆژهەڵات بەڕێ کەوتن، بەڵام لە پێشەنگی ئەوروپییەکان نەبوون کە مەغۆلەکانیان لە ناو قەڵەمڕەوی خودی مەغۆلەکان دەبینی. شاندی ئایینی فرانسیسیان کە لە ساڵی ١٢٤٥دا لە لایەن پاپا ئینو کنیتێوسی چوارەم نێردرا بوو، یەکەمین پەیوەندی فەرمی نێوان ئەوروپا و ئیمپراتۆریی مەغۆلی دروست کرد. لەگەڵ هەموو ئەو هەلومەرجانەشدا تێگەیشتنی رۆژئاواییەکان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتیی زۆر کەم بوو.

نیکۆلۆ و مافیۆ دەستیان بە گەشتێک کرد کە نۆ ساڵی خایاند و ئەم گەشتە ئەوانی بۆ زۆر شوێنی نادیار و سەرسوڕهێنەر راکێشا. تەنانەت لە خەیاڵیشیاندا نەبوو کە گەشتەکەیان بۆ مارکۆی تازەلاوی نیکۆلۆ دەرفەتێک دروست دەکات کە رۆژێک لەگەڵ ئەواندا بۆ چین بگەڕێتەوە و کتێبێک بەناوی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان بنوسێت کە بۆ ئەوروپییەکان زانیاری زۆری لەبارەی مرۆڤەکان، داب و نەریت، فۆلکلۆر و جوگرافیای ئاسیای ناوەڕاست و رۆژهەلاتی تێدا بێت.

بەشی دووەم

یەکەمین گەشتی پۆلۆکان

قوستەنتەنییە لە ساڵی ١٢٦٠دا شارێکی پڕ ئاژاوە بوو. زۆربەی کات لە شەقام و گەڕەکەکانیدا شۆڕشگەلێک سەری هەڵدەدا و گۆڕانکاری گەورەی رامیاری نزیک دیاربوو. برایانی پۆلۆ بڕیاریاندا لەو شارە بڕۆن. کاڵا بازرگانییەکانیان بە پارە گۆڕییەوە و بە پارەکەی خشڵ و زێڕیان کڕی. هەڵگرتنی خشڵ زۆر ئاسان بوو و لە هەموو شوێنێکیش بازاڕی هەبوو. بە کەشتی دەریای رەشیان بڕی و گەیشتنە بەندەری سۆڵدایا(Asoldaia) لە کەنارەکانی باکوور؛ خانوویەکیان لەم بەندەرەشدا هەبوو. لەپڕ بارودۆخی قوستەنتەنییە تێک چوو و گەڕانەوەیان بۆ ڤێنیسیا مەترسیدار بوو؛ جەردە و دزە دەریاییەکان ئەم بارودۆخە سیاسییە خراپەیان هەڵقوستەوە. زەوییەکانی دەوروبەری قوستەنتەنییە و دەریاکەی دەوری و گشت شارەکانی ئیمپراتۆریی لاتینی بۆ هەر بازرگانێک مەترسیدار و نائەمن بوو.

پۆلۆکان کە توانای گەڕانەوەیان بۆ نیشتیمانەکەیان نەبوو و لەلایەکی تریشەوە پێیان خۆش نەبوو لەم کێشمەکێشە دزییان لێ بکرێ یان بکوژرێن، بڕیاریاندا واز لە رێگاکانی بازرگانی بهێنن و بەرەو باکووری دەریای رەش بەڕێکەون. ئەوان بیستبوویان کە بازرگانە



قوستەنتەنیە و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ بازرکانە ڤینیسییەکان پەناگەیەکی ئەمن نەبوو. پۆلۆکان بۆ ئەوەی لە شەڕ و ئاژاوەی دز و جەردەکانی دەریا پارێزراوبن، وازیان لە رێگا بازرگانییەکان هێنا و بەرەو رووسیا کەوتنە رێ

برایانی پۆلۆ ماڵاوایی لە قوستەنتەنییە دەکەن

ڤێنیسیاییەکان لە دەوروبەری باشووری روسیا بە کڕین و فرۆشتنی کاڵای وەک خەز، پێستە، خوێ، قیر، دار و تەختە و کۆیلە لەگەڵ هۆزە کۆچەرەکانی مەغۆلی، قازانجی باش دەکەن. لە سەردەمی پۆلۆکاندا کەنارەکانی دەریای رەش یەکێک لە شیاوترین شوێنەکان بۆ بازرگانی کۆیلە بوو. مەغۆلەکان زیاتر لە بەشەکانی روسیا، هەنگاریا و قەوقاز و لە شوێنەکانی تر دیلیان دەگرت و وەکو کۆیلە لەو شوێنەدا دەیانفرۆشتن. ئەوروپییەکان کۆیلەکانیان لە شوێنی خزمەتکارەکانیان کە بە کرێ کاریان دەکرد، دادەنا و میسرییەکانیش بۆ کاری سەربازی(سوپا). ژنە کۆیلەکانیش بۆ حەرامسەرکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ پیاوە ئەوروپییەکان دەکڕدران و دەفرۆشتران.



بەرەبەرە کە پۆلۆکان لە قەڵەمڕەوی مەغۆڵەکاندا گەشتیان کرد، لە گەڵ ژیان لە ئۆردوگای مەغۆڵەکاندا راهاتن. مەغۆلەکان لە خێوەتەکانی لە لباد دروستکراودا کە(یورت)یان پێدەگوت، دەژیان.

پۆلۆکان ئومێدیان وابوو کە لەبەرامبەر ئەو کاڵایانەی کە دەیافرۆشن، دەغڵ، پێستە و خەز بەدەست بهێنن و لە شوێنی حەوانەوەیان لە سۆڵدایا کۆی بکەنەوە. هەروەها زانیبوویان کە خانەکانی مەغۆلی تامەزرۆی کڕینی خشڵ و زێڕن. بەم شێوەیە پۆلۆکان کوڵەکەیان لە خشڵ و کاڵای تر پڕ کرد و بە نیازی ئاڵوگۆڕکردنیان لەگەڵ هۆزەکانی باکوور، لە ناوەندەکانی چالاکی بازرگانی دوور کەوتنەوە. ئەسپەکانی تایبەت بە بارکردن ئەوانی بەرەو روسیا و بۆ نزیکترین دەرباری خانێک دەبرد. روون نییە کە ئایا پۆلۆکان لە شاری سۆڵدایا خزمەتگوزاریان لەگەڵ خۆیان بردبوو یان نا. لەو سەردەمەدا لە هەموو شوێنێک بازاڕی کۆیلە هەبوو و پێدەچێت کە ئەوانیش لە بەشێکی زۆری گەشتەکەیان چەند کۆیلەیان لەگەڵدا بووە.

ولاتی روسیا کە لە لایەن مەغۆلەکانەوە داگیر کرابوو بە ئۆردوگای زێڕین(ئاڵتون ئۆردو) ناوبانگی دەرکردبوو، سەر زەویەکی بەرفراوان و بێ دار و درەخت کە چیاکانی ئۆرال دەوری دابوو. ناوی فەرمانڕەوای ئەم سەرزەمینە بەرکە خان بوو کە یەکێک

(بازاڕێک بۆ فرۆشتنی مرۆڤەکان)

هێنری هارت لە کتێبی مارکۆ پۆلۆ، سەربەکێچەڵی ڤێنیسی ئاماژەبەوتارێکی پرۆتافۆر، نووسەری ئیسپانیایی، دەکات کە دەپرژێتەسەر بازاڕی کۆیلە فرۆشەکان لە کافا Kaffa: بەندەری فیۆدۆسیا لە ئۆکرانیای ئێستا. شاری کافا لەو سەردەمەی کە مافیۆ و نیکۆلۆ پۆلۆ کاری بازرگانییان دەکرد بە ناوەندی فرۆشتنی کۆیلە دەژمێردرا:

لەم شارەدا (کافا) زیاتر لە هەموو شوێنێک لە جیهان، کۆیلە دەفرۆشێت... من لەوێ دوو کۆیلەی ژن و یەک کۆیلەی پیاوم کڕی کە هێشتا ماومە و لە شاری کۆردوا لەگەڵ منداڵەکانیان دەژین. کۆیلە بەم شێوەیەی خوارەوە دەفرۆشرێت:

فرۆشیار، کۆیلەکان جا ژن بێت یا پیاو بە تەواوی رووت دەکاتەوە و پاشان جلێکی لە لباد دروستکراو لەسەر شانیان دادەنێن نرخی کۆیلەکان رادەگەیەنرێت. دواتر پۆشەکە لادەبەن و پێیان دەڵێن کە کەمێک بڕۆن تاکو ئەگەر لە لایەن جەستە کەموکورییەکی هەبێت بەدیار بکەوێت. ژن یان پیاوی تاتار، یەک لەسەر سێ کۆیلەکانی تر گرانترن، ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستە کە هیچ تاتارێک خیانەت لە خاوەنەکەی ناکات.

لە نەوەکانی چەنگیزخان بوو. پۆلۆکان لەوێدا لەلای گرووپێک لە مەغۆلەکان خێوەتی خۆیان هەڵدا. ئەم گرووپانە بۆ دۆزینەوەی ئاو و لەوەڕ بۆ ئەسپەکانیان لە دەشتەکان وێڵ بوون. لەم بارەیەوە خەڵکانێک گوتوویانە: ((نیشتیمانی باپیرانیان بریتیە لە خێوەتەکان و پشتی ئەسپەکانیان.))(٩) مەغۆلەکان لەناو خێوەتگەلێکی شێوە شەش گۆشەیی یان خڕ دەژیان کە بە یۆرت ناسرا بوون و لەوانە بوو ئەستوورییەکەی تا حەوت مەتر ببوایە. هەمووکات دەیانتوانی کە یۆرتەکان دەق بکەن و کۆی بکەنەوە و بە ئاسانی لەناو عارەبانەکانیاندا هەڵیانبگرن. ئەم خێوەتانە لە پێستە یان لباد دروست دەکران و رووی دەرەوەیان بە رۆن و شیری مانگا دەسوی تا بارانی پیادا تێپەڕ نەبێت. خێوەتەکان بە هۆی قایشگەلێکی چەرم یان گوریسگەلێک کە لە مووی ئەسپ دروست کرابوون، دەیانبەستەوە بە چوارچێوەیەکی داری سووک. پۆلۆکان راهاتبوون کە لە ناو ئەم یۆرتانە لە دەوری ئاگرێک کە لە شیاکەی وشک بووی ئەسپەکان هەڵگیرسابوو، بخەون. ئاگر لە ناوەڕاستی یۆرتەکەدا هەڵدەگیرسا تا دوکەڵەکەی لە کونەکەی سەرەوەی خێوەتەکە دەربچێت. پۆلۆکان لە میانەی گەشتەکەیان لەگەڵ مەغۆلەکاندا وردە وردە فێری خۆراکی ئەوان بوون: گۆشتی سوێرکراو و شەراب؛ کە لە شیری ماینەکانیان سازیان دەکرد.

هەرچەندە پۆلۆکان لە سەرەتادا زمانی مەغۆلەکانیان نەدەزانی، بەڵام توانییان بە سەرکەوتوویی لە ناویاندا بژین و خۆراک و شوێنی حەوانەوە بەدەست بهێنن و لە گەڵیاندا گەشت بکەن. بازرگانی کردن زمانێکی جیهانییە و پۆلۆکان بە لێهاتوویی و زانینی ئەم زمانە دەیانتوانی لە هەمو شوێنێک شت ئاڵوگۆڕ بکەن و بەرامبەر پێست، خەز و خوێ، خۆراک وەربگرن. بەم شێوەیە وردە وردە وشە و دەستەواژە سەرەکییەکانی زمانی مەغۆلی فێر بوون و شارەزاییان لە شێوەی ژیان و کارەکانیان وەرگرت. پۆلۆکان زوو تێگەیشتن کە خۆ نەشوشتن و جل نەشوشتن یەکێکە لە باوەڕەکانی ئایینی مەغۆلەکان. ((مەغۆلەکان هەرگیز جلەکانیان ناشۆن چونکە دەڵێن بە پیسکردنی ئاو، خوا سزایان دەدات و هەروەها جلەکانیان لەبەر با و خۆر هەڵناخەن تا هەوا پیس نەبێت. ئەمان دەڵێن خوا تورەیی خۆی لە پیسبوونی هەوا بە هەورە تریشقە پێشان دەدات.))(١٠) مەغۆلەکان تەنها منداڵە ساواکانیان دەشۆرد:

حەوت رۆژ پاش لەدایکبوونی منداڵ، چادانێکی خانەوادەیی بەوردی بە خوێیاو دەشۆن و پاشان پادانەکە لە خوێیاوەکە پڕ دەکەن و منداڵەکەی پێدەشۆن. لەدوای حەوت رۆژی تر دووبارە دەیشۆن و لە کۆتایی هەفتەی سێیەمدا منداڵەکە بە گیراوەیەک لە شیر و ئاو دەشۆن. لە کۆتایی هەفتەی چوارەمدا منداڵەکە بە شیری دایکی دەشۆن تا هیچ نەخۆشیەکی پێست نەگرێت. لە پاش ئەم چوار شۆردنە تاکی مەغۆلی تا کۆتایی ژیانی خۆی ناشوات.(١١)

پۆلۆکان لە میانەی گەشتەکەدا لە ئۆردوگای زێڕین بینەری شێوەکانی ژیانی مەغۆلەکان بوون: پیاوەکان بۆ یۆرتەکانی خۆیان چوارچێوەی دارییان دروست دەکرد، یان داوە چەرمییەکانیان بەیەکەوە دەدوری و تەقەڵیان دەدا و هەوسار و زینی ئەسپیان دروست دەکرد یان تیریان بۆ کەوان دروست دەکرد. ژنەکان پێستەیان بە خۆڵەمێش و خوێ خۆش (دەباخی) دەکرد یان لبادیان لە خوری تەڕ دروست دەکرد. بۆ دروستکردنی لباد سەرەتا خوریەکانیان ئەوەندە دەکوتییەوە تا داوەکان بە توندی یەکتر بگرن، پاشان لبادەکەیان لە پشتی هێستر یان ئەسپەکان دەبەست تا لە کاتێکدا خۆیان لەسەر گیاکان دەگەوزێنن داوەکانی لباد زیاتر توند و یەکسان ببێت.

شەوانەش، کاتێک کە ئۆردوگا دادەنرا، پۆلۆکان گوێیان لە ئەفسانەکانی مەغۆلی دەگرت؛ ئەفسانەگەلێک دەربارەی ئەسپەکان و سەرکەوتنی سەربازی مەغۆلەکان.

پێشوازییەکی گەرم

کاتێک کە نیکۆلۆ و مافیۆ گەیشتنە شاری سەرای(Sarai)، لەو شوێنەی کە دوو روباری کاما و ڤۆلگا بەیەک دەگەن، بەرکەخان پێشوازی لێکردن. پۆلۆکان لەو خشڵانەی کە لە قوستەنتەنییە هێنابوویان دیارییەکیان بە فەرمانڕەوای ئۆردوگای زێڕین، بەرکەخان، پێشکەش کرد، ئەوان دەیانزانی بۆ ڕێگە خۆش کردن و سوود وەرگرتن لە یارمەتی کەسانی تر پێویستە دیاری بە کەسایەتییە گەورەکان پێشکەش بکەن. بەرکەخان لە وەرگرتنی ئەم بەردە گرانبەهایانە زۆر خۆشحاڵ بوو و لەبەرامبەر ئەم نەریتزانییەدا، میواندارییەکی گەرمی لێکردن و دوو ئەوەندەی ئەو خشڵانە شتی پێدان. پۆلۆکان دەیانتوانی ئەم کاڵایانە بە قازانجێکی زۆر بفرۆشن.

بەرکەخان لە سەرای و بولغار چەند کۆشکێکی هەبوو لە شێوەی ژیانی مەغۆلیی، بە پێی وەرزەکان، لەو دوو شارەدا دەژیا. سەرای و بولغار بازاڕگەلێکی زۆر گەرم و چەند پەرەستگایەکی جیاوازیان هەبوو؛ پەرستگاگەلێک بۆ ئایینە جیاوازەکان، بە تایبەتی ئایینی ئیسلام (بەرکەخان ببووە موسڵمان). پۆلۆکان بۆ ماوەی ساڵێک لەژێر چاودێری بەرکە خاندابوون و لەهەردوو شاردا خەریکی بازرگانی بون. لە بەهاری ساڵی ١٢٦٢دا هەردوو برا خۆیان بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد و بڕیارياندا کاڵا بازرگانییەکانیان ببەن بۆ قوستەنتەنییە، لەبەر ئەوە چەند عارەبانەیەکیان کڕی، عارەبانەگەلێک بە دوو تایەوە کە توانای مانەوەیان لەسەر ئاو و تێپەڕین لە کلێشە قوڵەکانیشدا، هەبوو. بانی عارەبانەکان کە لە حەسیر دروست کرابوو گەشتیارانی لە خۆر و باران دەپاراست.

پۆلۆکان لە ڕۆیشتندا بوون کە لەپڕ شەڕ کەوتە نێوان بەرکەخان و هۆلاکۆی کوڕە مامی. هۆلاکۆخان، یەکێک لە خانە نیشتەجێکانی ئێران بوو. بەرکە و هۆلاکۆ لەسەر لایەنگری کردنی بەرکەخان لە وڵاتە ئیسلامییەکانی سەر بە میسر کێشەیان هەبوو. ئەم کێشەیە بوو بە هۆی شەڕێکی خوێناوی و پۆلۆکان نەیاندەتوانی لەو ڕێگەیەی کە هاتبوون بۆ شوێنی لەدایکبوونیان بگەڕێنەوە. روباری ڤۆلگا لەوبەری شاری ئۆکێک(Vkek)بۆ تێپەڕین نەدەبوو، لەلایەکی ترەوە ڕێگای کاروانەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتیش لە کاتی شەڕدا، بە تایبەتی بەو هەموو کاڵا بازرگانییەوە، لە مەترسیدا بوو. گرووپە یاخییەکانی جێگیر لەسەر ڕێگاکە ئامانجێکیان جگە لە تاڵانکردن نەبوو. جەردەکان کە هەنگاری و تورک و روسی بوون، بە ڕۆژ خۆیان دەشاردەوە و شەوانە هێرشیان دەکردە سەر کاروانە کاروانەکان، کاڵاکانیان تاڵان دەکرد و گەشتیارەکانیان دەکوشت.

مەترسییەکانی گەشتکردن لە دەریادا

لە سەردەمی پۆلۆکاندا، ژمارەیەکی زۆر لە چیرۆک و ئەفسانە دەربارەی بوونەوەرە دەریاییەکان و سەرچاوەکانیان لە نێوان دەریاوانەکان باو بوو. هێنری هارت لە کتێبی مارکو پۆلۆ، سەربە گێچەڵی ڤینیسی وتارێکی لە لودۆلف فون سۆخم Ludolph von Suchem بە ناونیشانی ((وەسفکردنی خاکی پیرۆز)) هێناوە. ئەم وتارە کە لە ساڵی ۱۳۵۰دا نووسراوە باسی جۆرێک لە ماسی، کە پێدەچێت قرش یان شارک بێت. ئەم ماسییە لە نێوان دەریاوانەکان بە بەرازی دەریایی بەناوبانگ بووە:

بەرازی دەریایی ئەو شتەیە کە کەشتییە بچووکەکان دەبێ خۆیان لێی دوور بگرن، چونکە ئەو ماسییە زۆر کەم بۆ کەشتییە گەورەکان گرفت دروست دەکات، مەگەر ئەوەی کە زۆر لەژێر فشاری برسیەتییدا بێت. لە راستیشدا ئەگەر دەریاوانەکان پارچە نانێکی پێبدەن، رازی دەبێت و دەڕوات، بەڵام ئەگەر نەڕۆیشت زۆر مەترسیدار دەبێت و بە دیتنی سیمای پیاوێکی تورە ئامادەی شەڕکردن دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا پیاوەکە دەبێ لە کاتی سەیرکردنی ئەو لە رادەبەدەر هۆشیار بێت کە نەترسێت و زۆر دلێرانە و بە تورەیی سەیری بکات؛ ئەگەر ماسییەکە هەست بە ترسی مرۆڤەکە بکات، لەو شوێنە ناڕوات و هێرش دەکاتە سەر کەشتییەکە و پارچە پارچەی دەکات و تا ئەو ئەندازەیەی بتوانێت زیانی لێدەدات.. من بە پێداگرییەکی زۆر لە دەریاوانە شارەزاکان پرسیارم کردووە کە ئەم ماسییانە لە کوێوە دێن، ئەوان وەڵامی منیان داوەتەوە کە لە بەریتانیا و لە ئێرلەندا لە کەنارەکانی دەریا داری زۆر جوان دەڕوێن کە بەری وەک سێو دەدەن. لە ناو ئەم سێوانەدا ژمارەیەک کرم گەشە دەکەن، کاتێک سێوەکان پێدەگەن دەکەونە سەر زەوی و ورد دەبن، پاشان کرمەکان لە ناویدا دێنە دەرەوە، ئەم کرمانە باڵیان هەیە و لە زەردەواڵە دەچن. ئەو کرمانەی یەکەمجار دەکەونە سەر زەوی، دەبنە بونەوەری ئاسمانی وەکو باڵندەکانی تر دەفرن، بەڵام ئەو کرمانەی یەکەمجار دەکەونە ناو ئاو، دەبنە بوونەوەری دەریایی و وەکو ماسییەکان مەلەوانی دەکەن.

نیکۆلۆ و مافیۆ پۆلۆکە توانای گەڕانەوەیان لە ڕێگای سەرەکی و رەسمی بۆ وڵاتەکەیان نەما و لە هەمان کاتدا پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە شەڕ لە بەینی خانەکان زۆر دەخایەنێت، بڕیاریاندا بە سوڕانەوەیەکی گەورە لە ڕێگەی رۆژهەڵاتەوە بۆ ڤینیسیا بگەڕێنەوە.



پۆلۆکان تا ئەندازەیەک شارەزاییان لە زمانی مەغۆلی و تورکی بەدەست هێنابوو، ئەو دوو زمانەی کە لەناو سنووری ئیمپراتۆریی مەغۆل باو بوو، لەبەر ئەوە زۆر ئاسان لە گەشتەکەیان بەردەوام بوون.

لە پاش تێپەڕبوونیان لە ئۆکێک، ڕێگای باشووری ڕۆژهەڵاتیان گرتەبەر و لە ڕێڕەوێک لە نێوان دەریای ئارال و دەریای خەزەر تێپەڕین. لە بیاباندا ئەسپەکانیان بە وشتر گۆڕییەوە، چونکە توانای تێپەڕینیان لە بیابانە بێئاوەکان زیاتر بوو. گەشتەکەیان لە بیابان چەند هەفتەی خایاند و لەم ماوەیەدا هیچیان نەدی جگە لە چادرنشینە تاتارەکان کە لە بیاباندا لەلای مەڕ و ماڵاتەکانیان خێوەتیان هەڵدا بوو. لە کۆتاییدا گەیشتنە ناوەندی بازرگانی بوخارا لە ئێران، ئەو شارەی کە لە ناوەندی لمەکانی لێواری ڕوباری زەرەفشان سەری هەڵهێنابوو. بورج و سیاج شارەکەی دەورە دابوو. لەپشت سیاجی شارەکەدا چەند مزگەوتێک کە دیوار و گومبەتەکانی بە کاشی شین داپۆشرابوو، دروست کرابوون. کۆشکێک لە ناوەڕاستی شارەکە لەسەر گردێک دروست کرابوو کە لەسەر بانەکەیدا کەسێک دەیتوانی تا دوورەدەست بڕوانێتە بیابان.

ناوەندێکی بازرگانی ئاسیایی لە سەدەی سێزدەمدا

بوخارا یەکێک لە سەرەنجڕاکێشترین ناوەندە بازرگانییەکانی ئەو سەردەمەی جیهان بوو

و خەڵکی، لە سەرانسەری ئاسیادا، بۆ بازرگانیکردن روویان تێدەکرد. بازاڕ و دوکانەکانی بوخارا پڕ بوو لە کەل و پەلە رۆژهەڵاتییەکان: ئاورێشم، قاپ و قاچاخی فەخفوری (چین)، سیرامیک، عاجی فیل، بەهارات و هەروەها کاری دەستی کانزایی. ناوچەکانی دەوروبەری ئەم شارە وەکو ناوەندێک بۆ خوێندنی باڵا دەناسرا و پڕ بوو لە قوتابخانە، شارۆچکە جۆراوجۆرەکان و رێکخراوە بازرگانییەکان. سوپای چەنگیزخان ئەم شارەی لە ساڵی ١٢٢٠دا بە شێوەیەکی دڕندانە وێران و تەخت کردبوو، چونکە دانیشتووانی ئامادە نەبووبوون خۆیان لە بەرامبەر هێرشکەران بدەن بە دەستەوە. لە دواییدا بوخارا لەسەر بڕیاری بێوەژنی جوغتای بەناوی ئەرغۆنە(Organa) دوبارە بونیاد نرایەوە. جوغتای، کوڕی چەنگیز، یەکەمین خانی ئاسیای ناوەڕاست بوو. هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بوخارا لە هێرشی چەنگیزخان کوژرابوون، بەڵام لەپاش بوونیادنانەوەی شارەکە، ئێرانییەکان، تاجیکەکان، مەغۆلەکان، چینییەکان و قەرقیزەکان بۆ ئەم شارە کۆچیان

خەڵک لە سەرانسەری کیشوەری ئاسیا کاڵاکانیان بۆ بوخارا، گرینگترین ناوەندی بازرگانی ئاسیا دەهێنا

برایانی پۆلۆ دەگەنە بوخارا، جەنگ و پێکدادان رەواجی بازرگانی نەهێشتبوو. پۆلۆکان کە بازرگان بوون، ئیشێکیان لەم شارەدا نەبوو، بەڵام بە هۆی نائەمنییەوە نەیاندەتوانی ئەوەێ بەجێ بهێڵن.

کردبوو و بوخارا رێژەیەکی بەرچاوی دانیشتووانی هەبوو. لەپاش ئەم کۆچکردنانە، بخارا لە رووی هەبوونی کەلتورە جیاوازەکان لە ئاسیادا پلەی یەکەمی هێنا. ئەم شارە بۆ پۆلۆکان لە روی بینینی کەلتورەکان و توخمە جیاوازەکان لە ئاسیای ناوەڕاست و رۆژهەلاتدا باشترین شوێن بوو.

برایانی پۆلۆ لە بوخاراشدا زۆر جێی سەرنج بوون، چونکە ئەوان تەنها کەسانێکی رۆژئاوایی بوون کە لەم شارەدا دەژیان. لە راستیدا زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارە پێشتر هەرگیز ئەوروپییان نەبینیبوو، بەم شێوەیە پۆلۆکان بوونە خاڵی سەرنج و پرسیاری خەڵکی. لە میانەی سێ ساڵ مانەوەیان لە بوخارادا پۆلۆکان فێری داب و نەریتی بازرگانی ئاسیا و زمان و شێوەزارە جیاوازەکانی ئەو ناوچانە بوون. زمانی بازرگانی بوخارا زمانی ئێرانییەکان {فارسی} بوو، هەرچەندە لە گشت شوێنەکاندا وەرگێڕی شارەزا هەبوو، بەڵام برایانی پۆلۆ فێری زمانی فارسی و کەمێک زمانی عەرەبیش ببوون. لەگەڵ ئەوەشدا لە میانەی مانەوەی پۆلۆکان لە بوخارادا بازرگانی ئەم شارە لایەنە نێو دەوڵەتییەکەی خۆی لەدەستدا و زیاتر شێوەی خۆجێی پەیدا کردبوو. پچڕانی رێگەکانی نێودەوڵەتی

بوخارا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بازرگانی ئەم شارە کردبوو. بوخارا و ناوچەکانی دەوروپشتی ئێستا لەژێر کاریگەری ئەو شەڕەدا بوو کە لە دوای ڕاگەیاندنی بەئیمپراتۆر بوونی قوبیلای قائان لە ساڵی ١٢٥٦دا، ڕویدابوو. لەپاش ئەوەی قوبیلای قائان خۆی وەک خانی گەورە ناساند، لە ماوەی ساڵێکدا پایتەختی مەغۆلەکانی بۆ شاری پەکین لە چین گواستەوە. ئەم جێگۆڕکێ کردنی دەسەڵاتە سەرانسەری ئاسیای تووشی شەڕی ناوخۆیی و وێرانی کرد و جەنگی بازرگانیشی خستە ژێر کاریگەریەوە. لەو ماوەیەی کە پۆلۆکان لە بوخارادا بوون، ئەریق بێغا (Aric Buga)، برا و ڕکەبەری قوبیلای قائان، بە هێرش کردنە سەر ناوچەکانی دەوروپشتی شارەکە جولەی کاروانە بازرگانییەکانی تێکدا. لە هەمان ئەو ڕۆژانەدا هۆلاکۆخان بە دامەزراندنی ئۆردوگای سەربازی خۆی لە باکوری ڕۆژئاوای شارەکەدا، بوخارای خستە ژێر هەڕەشەوە و سەرجەم ڕێگا بازرگانییەکانی ئەو ناوچەیەی داخست. بەم شێوەیە بوخارا کە سەردەمێک گرنگترین ناوەندی بازرگانی لە ئاسیادا بوو کەوتە پەراوێز و پۆلۆکان لە شاردا گیریان کرد. گەشت کردن لەناو ناوچەکانی شەڕدا مەترسیدار و نائەمن بوو و برایانی پۆلۆ ناچار بوون ئارام بگرن تا شەڕی خانەکان کۆتایی بێت.

(هەڵاتن لە بوخارا)

کاتێک کە پۆلۆکان بە ناچاری لە شارەکەدا مابوونەوە، نێردراوێک لە لایەن قوبیلای قائانەوە بۆ شارەکە هات. فەرمانڕەوای مەغۆل هەندێک شتی لەبارەی ئەو دوو پیاوە لاتینییە پرساو بەدواگەڕەی بیستبوو و ئێستاش دەیویست خۆی بیانبینێت. نێردراوەکە بە پۆلۆکانی ئەوها گوت: ((خانی گەورە هەتا ئێستا کەسێکی ئەوروپی نەدیوە و ئێستا زۆر تامەزرۆی دیتنی ئێوەیە. ئەگەر لە گەڵ مندا بۆ لای بێن، دڵنیاتان دەکەمەوە کە لە دیتنتان زۆر خۆشحاڵ دەبێت و لەگەڵتاندا ڕەفتاری بەڕێز و دڵفراوان دەبێت.))(١٢)

هەرچەندە بەو گەشتە پۆلۆکان زیاتر لە وڵاتەکەیان دور دەکەوتنەوە بەڵام لە هەمان کاتدا هیچ شتێکیشیان لەدەست نەدە. لە ڕوانگەی بازرگانێک مانەوە لە بوخارای بێ ڕەونەق پاساوکراو و مەعقووڵ نەبوو، جگە لەمەش ناوچەکانی دەوری بوخارا باری ئاسایشی زۆر تێکچووبوو و لەوانە بوو بە لە دەستدانی ئەم هەلە، پۆلۆکان ناچار بە یەکجارەکی لە شار بمێننەوە. جگە لەمانەش نێردراوانی ئیمپراتۆر، لە کاتی گەشت کردنیان لەناو خاکی ئیمپراتۆریدا لە ئیمتیازگەلێکی تایبەتمەند بەهرەمەند دەبوون. بەدەست هێنانی

پاسەپۆرتی زێڕین لە لایەن خانی گەورەوە، نێردراوانی لە هەموو ناوچەکاندا شایستەی هەر جۆرە پاراستنێک دەکرد و ئەوانەی کە دەیانوێرا ئازاریان بدەن، سزای مەرگیان بۆ دەردەچوو. بە وەرگرتنی پێشنیاری نێردراو، ئاسایشی گەشتەکەیانی مسۆگەر دەکرد. پۆلۆکان بڕیاریاندا لە سەفەری گەڕانەوەی نێردراوی خان و گرووپەکەی بەرەو چیندا، لەگەڵیاندا بڕۆن.

گروپەکەیان لە ڕێگەی وشکانی بە هۆی جۆرە عارەبانەیەک کە ئەسپ یان مانگا رایدەکێشا بە بێ ئەوەی هیچ ئازارێکیان پێ بگات یان لە لایەن ئەو گروپانەی کە شەڕیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد ڕێیان لێ بگیرێت، لە گەشتەکەیان بەردەوام بوون. ئەوان بەو ڕێگایانەدا ڕۆیشتن کە لەژێر کۆنترۆڵی ئیمپراتۆریی مەغۆل بوو، تەنانەت هەندێک لەم ڕێگایانە خشتڕێژ کرابوو. لە هەندێک لەم ڕێگایانەدا، بە ماوەی یەک ڕۆژ ڕۆیشتن بازگەکان و خاڵی پاسەوانی دروستکرابوو، ڕێبواران دەیانتوانی لەم وێستگانەدا(ماڵگە) ئەسپەکانیان بگۆڕن و شەو بەسەر بەرن. ئەم پۆستانە تەنها تایبەت بوون بە کارمەندە فەرمییەکانی خانی گەورە.

قوبیلای قائان، نەوەی چەنگیزخان. قوبیلای قائان پۆلۆکانی بە هۆی باڵوێزانی ئیمپراتۆریی کە لە گەشتەکاندا هەموو جۆرە ئیمتیازێکیان هەبوو، بۆ دەرباری خۆی داوەت کرد. پۆلۆکان بە تامەزرۆییەوە ئەم داوەتەیان قبووڵ کرد بۆ ئەوەی بتوانن لە بوخارا دەربچن.

ڕێبوارەکان لە شاری سەمەرقەند تێپەڕین، شارێکی ئێرانی بە شێوەی ئەندازیاری ئیسلامی و گومەزەکان و کاشیکارییەکی هاوشێوەی شاری بوخارا. لە دواییدا گەیشتنە شاری کاشغەر، شارێک کە بەتەواوی کەوتووەتە باکووری چیاکانی

هاوینە پایتەخت لە شانگ تۆ

کۆشکی هاوینەی قوبیلای قائان باخێکی جوان و دڵگری هەبوو کە ئارەزووی خانی لەسەر راو و شکار، رووەک و تەلاری جوان دەردەخست. ئەو کاتەی کە مافیۆ و نیکۆلۆ پۆلۆ لە هاوینی ساڵی (١٢٦٥)دا گەیشتنە شانگ تۆ، رەنگە هەر ئەم شتە بەرچاویان کەوتبێ کە دوای چەندین ساڵ مارکۆی لاو هەر ئەمەی بەم جۆرەی خوارەوە وەسف کرد و رۆناڵد لاتام Ronald Latham وەریگێڕا:

نێوان دیوارە ناوەکی و دەرەکیەکانی کۆشک، بە باخێکی دار و درەختی سەرکەش پڕ کراوەتەوە. لەوێدا گیا و سەوزە بە شێوەیەکی فراوان هەڵیداوە. هەموو رێگاکانی پێداڕەتبوونیان نزیکەی دوو مەتر لە ئاستی زەوی بڵندتر درووست کردووە بە جۆرێک کە قوڕ و ئاوی باران لە سەریان کۆ نابێتەوە. ئاو و شێ تەنیا بەرەو چیمەنەکان دەڕوا، خاکەکەی دەوڵەمەند دەکات و گەشە بە هەموو روەکەکانی دەدات. لەم باخەدا ژمارەیەکی زۆر و زەوەندی جۆرەکانی راو و شکار هەن وەکو: شووری سپی، ئاسکی عەنبەر، گای کێوی، جرج و ژمارەیەکی زۆر گیانەوەری جوانی دیکە. سەرتاسەری باخەکە پڕە لەم جۆرە بوونەوەرە نایابانە؛ سەرتاسەری باخەکە، جگە لەو رێڕەوانەی کە مرۆڤ بەسەریاندا دەڕوات.

لە بەشی باکووری کۆشکەکەدا بە دووری دەرپەڕینی تیرێک لە تیر و کەوان، لە هەمان کاتدا هێشتا هەر ناوەوەی دیوارەکانە. خانی گەورە تەپۆلکەیەکی دروست کردووە، واتە گردێک بە بەرزایی سەد هەنگاو کە زیاتر لە یەک کیلۆمەتر پانایی هەیە. تەپۆلکەکە بە شێوەیەکی چڕوپڕ بە درەخت داپۆشراوە، هەموو درەختەکان هەمیشە سەوز و بێ خەزانن. من لەوە دڵنیاتان دەکەمەوە کە هەردەمێ خانی گەورە ئەوە ببیستێت کە لە شوێنێکدا درەختێکی جوان هەیە، دەستبەجێ لەگەڵ هەموو خاکەکەی دەوروبەرییەوە لە ریشەوە هەڵیدەکێشێ و بە هۆی فیلەوە بۆ ئەم تەپۆلکەیە رادەگوێزرێ. هەر ئەندازەیەکیش درەختەکە گەورە بێت، خان لە هەڵگرتن و گواستنەوەی دەست هەڵناگرێت و لە تەپۆلکەکەدا دەینێژێت. بەم چەشنە، خان لەم شوێنەدا جوانترین درەختەکانی جیهانی کۆ کردۆتەوە. وێڕای ئەوەش خان خاکی تەپۆلکەی بە بەردی سەوزی لاجەوەردی داپۆشیوە، بە جۆرێک کە بەردەکان و درەختەکان هەموو یەک دەست سەوزن، هەموو شتێک تادەکرێ سەوزە و هیچ رەنگێکی دیکە بەرچاو ناکەوێت.. .

لە هەورازی گردەکەدا، رێک لە ناوەڕاستی لووتکەکەیدا، خان کۆشکێکی گەورە و جوانی دروست کردووە، و ئەم کۆشکەش بە تەواوی سەوزە. من بەڵێنی ئەوەتان پێدەدەم کە تەپۆلکەکە و درەختەکان و کۆشکەکە پێکەوە دیمەنێکی وەها جوانیان هێناوەتە ئاراوە کە دڵی هەر بینەرێک پڕ لە خۆشی دەکات. هەر لەبەر ئەو دیمەنە دڵڕفێنە بوو کە خانی گەورە دەستی بە بونیادنانی ئەم کۆشکە کرد و هەروەها لەبەر کات بەسەربردن و خۆشی بوو ئەم شوێنەی دروست کرد.



دوای ساڵێک سەفەر، برایانی پۆلۆ دەگەنە کۆشکی قوبیلای قائان.خان زۆر پرسیاری دەربارەی ژیان لە دنیای رۆژئاوادا ئاراستەی کردن.

هیمالایا، و لەوێدا گرووپەکە چوونە ناو بیابانی گۆبی (Gobi) لە چیندا. لەوبەری گۆبیدا، گەشتیارەکان گەیشتنە کۆتایی بەشی رۆژئاوای دیواری چین، و بەرەو رۆژهەڵات بەرێ کەوتن، ئەو رێگایەی کە دەگەیشتە پایتەختی هاوینەی مەغۆلەکان واتە شانگ تۆ.

رێگای تێپەڕ بوونی کاروانی پۆلۆکان لە سەرانسەری چیندا، سەربازانی مەغۆلی بەچاو دەبینران کە بە شێوەی دەستە و گروپ بە تیر و کەوان، رم، قەڵغان و خودیان پێ بوو. بەشێک لە سەربازەکان بەرپرس لە پاراستنی رێگاکانی ئەم ئیمپراتۆریەتە و دەرکردنی ئەو جەردە و رێگرانە بوون کە هێرشیان دەکردە سەر کاروانەکان. گەشتی پۆلۆکان لەژێر چاودێری نێردراوانی ئیمپراتۆر ساڵێکی خایاند و لە کۆتاییدا گەیشتنە دەرباری خانی گەورە.

قوبیلای قائان تامەزرۆی بینینی ئەم دوو بیانییە بوو و وادیار بوو کە لە بوونیان لەناو ئیمپراتۆرییەکەیدا زۆر پێخۆشحاڵ بوو. جیوڤانی پلانۆ کارپینی و ویلیام روبەرک، کە بڵاوکەرەوەی ئایینی مەسیحی بوون، کاتێک گەشتیان بۆ ئەم ئیمپراتۆرییە کردبوو کە پایتەختەکەی لە (قەرەقوروم) بوو، ئەوان هەرگیز بۆناو ئیمپراتۆرییەتەکە لە سەرانسەری چیندا گەشتیان نەکردبوو و بەم شێوەیە پۆلۆکان لە دەیەکانی ١٢٦٠دا یەکەمینی ئەو

کەسانە بوون کە گەیشتنە دەرباری قوبیلای قائان و بە ئەگەرێکی نزیک لە یەقینەوە یەکەمین ئەوروپی بوون کە دانیشتوانی ناوچەکە دەیاندیت.

لە دەرباری قوبیلای قائاندا

قوبیلای قائان لە بوونی پۆلۆکان زۆر خۆشحاڵ بوو و ویستی لەبارەی وڵاتەکەیان پرسیارگەلێکیان لێ بکات. بە شێوەیەکی خانەدانانە کەرەستەی حەسانەوەی بۆ دابین کردن، ئاهەنگێکیان بە مەبەستی رێزلێنانیان ساز کرد وخانی گەورە پرسیارەکانی لەبارەی جۆری حکومەتی رۆژئاوا، پاشا ئەوروپییەکان و شێوازی فەرمانڕەوایی کردنی پاپای دەست پێکرد. قوبیلای قائان سەبارەت بە رۆژئاوا زۆر پرساو پەیجور بوو و زۆریشی پێخۆش بوو لەبارەی هاوتا سیاسییەکانی خۆی شتگەلێک بزانێت. لەم کاتەدا پۆلۆکان وەها فێری زمانی مەغۆلی ببوون کە بە ئاسانی توانای تێگەیشتنیان لە وتەکانی فەرمانڕەوا هەبوو و دەیانتوانی وەڵام بدەنەوە. لەدوای ئەوەی کە پۆلۆکان رونکردنەوەیەکی تەواویان لەسەر ئەوروپا، پاشا جیاوازەکانی، شێوەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا بە قوبیلای قائان راگەیاند، فەرمانڕەوای مەغۆلی پێی خۆش بوو کە سەبارەت بە هێز و ئازایەتی سوپا ئەوروپییەکان، شێوازی کار کردن و داب و نەریتیان زانیاری زیاتر وەربگرێت. پاشان حەزی کرد سەبارەت بە پاپا، بیرەکانی و شێوازی کاری کڵێسای کاتولیک شتگەلێک بزانێت، تامەزرۆی ناسینی ئایینەکانی جیهان و بە تایبەت ئایینی مەسیحی بوو. لە راستیدا قوبیلای قائان شوێنکەوتوانی ئایینە جیاوازەکانی بۆ ناو دەرباری خۆی بانگهێشت دەکرد و چاوەڕوان بوو ئەوان باڵادەستی و زاڵ بوونی ئایینی خۆیان بسەلمێنن تا ئەویش ئاینێکیان هەڵبژێرێت. قوبیلای قائان کە زۆری دەربارەی ئایینی مەسیحی و دەسەڵاتەکەی بیستبوو، داوای لە برایانی پۆلۆ کرد وەکو نێردراوی ئەو کار بکەن و هاوکاری بکەن تا لەگەڵ پاپادا پەیوەندی بکات.

پۆلۆکان بەخێرایی تێگەیشتن هیچ رێگایەک لەوە پارێزراوتر نییە کە وەکو بالوێز و نێردراوانی ئیمپراتۆر بۆ وڵاتەکەیان بگەڕێنەوە؛ ئەوان پێشتر بینیبوویان کە هەڵگرانی مۆری زێڕین چ تایبەتمەندیگەلێکیان هەیە. هەروەها تێگەیشتن کە وەرگرتن و قایلبوون بە داواکارییەکەی قوبیلای قائان بۆ ئەوان کە دەیانەوێت لەگەڵ رۆژهەڵاتی دووردا پەیوەندییەکی بازرگانی بەهێز ببەستن، زۆر بەسوود دەبێت. بەم شێوەیە پۆلۆکان قایل بوون وەکو بالوێزنی خانی گەورە بۆ لای پاپا برۆن. پێداویستییەکانی گەڕانەوەیان بۆ رۆژئاوا بە خێرایی ئەنجام درا.

پێشەکیەکی ئایینی

قوبیلای قائان لەو نامەیەی کە بۆ پاپا نوسیبووی حەزی خۆی بۆ وەرگرتنی ئایینی مەسیحی روون دەکردەوە. خان داوای کردبوو ئەو سەرکردە ئایینییە سەد قەشەی مەسیحی خوێندەوار و زانای بۆ بنێرێت؛ قەشەگەلێک کە شارەزاییەکی تەواویان لە فەلسەفەی ئایینی مەسیحی هەبێت و لەو حەفت زانستەی کە پۆلۆکان بۆ خانی گەورەیان باس کردبوو پسپۆڕ بن. ئەم زانستانە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بریتی بوون لە کەلام، لوژیک، ڕێزمان، بیرکاری، ئەستێرەناسی، مۆسیقا و ئەندازیاری. قوبیلای قائان حەزی دەکرد ئەم زانیاریانە بزانێت و فێربوونی خەڵکەکەی بەم زانستانە هۆشیاری نەتەوەکەی دەهێنایە ئاستی ئەوروپییەکان. هەروەها پەیامێکی بۆ پاپا ناردبوو و داوای ئەو کەسانەی دەکرد کە لە گفتوگۆ کردندا شارەزاییەکی باشیان هەبێ و بتوانن بە خەڵکەکەی بسەلمێنن کە ئایینی مەسیحی لە هەموو ئایینێکی تر بەرزترە. ئەگەر ئەو کەسانە بیانتوانیبا کارەکانیان بەپێی رەزامەندی ئەو ئەنجام بدەن ئەو کات ئەو و هەموو خەڵکەکەی دەبوونە مسیحی.

مێژوونووسان گومانیان لە راستی ئەم وتەیەی قوبیلای قائان هەیە؛ باوەڕی زۆربەیان ئەوەیە کە مەبەستی خان سوودوەرگرتن بووە لە مەسیحییە زاناکان لە بەڕێوبردنی وڵاتەکەیدا و پێویستی بەوان وەکو راوێژکاری ئایینی نەبوو. ئیمپراتۆریی مەغۆل کارمەندی شایستەی لەوڵاتدا نەبوو و ڕێژەیەکی کەم لە مەغۆلەکان خوێندەواریان هەبوو. لەلایەکی تر خانی مەغۆلەمان متمانەی بە موسڵمانەکان و چینییەکان نەبوو، چونکە دەیزانی ئەوان داواکاری لادرانی داگیرکەرانی وڵاتەکەیانن. بەم شێوەیە پەیامی خان بۆ پاپا هەوڵێکی شیاو بوو بۆ پڕچەککردنی سیاسی ئیمپراتۆرییەکەی کە لەپەنای وشەی نەرمی ئایینی پێشکەش دەکرا.(١٣)

خان نامەکەی دایە پۆلۆکان و داوای لێکردن کەمێک رۆنی ئەو چرایەی کە لەسەر گۆڕی پیرۆز هەڵواسراوە بۆی بێنن، گۆڕێک کە لە ئەشکەوتێک لە ئۆرشەلیمدایە و باوەڕی گشتی مەسحییەکان ئەوە بوو کە حەزرەتی مەسیح لەوێدا نێژراوە. چرایەکە لەلایەن راهیبەکانەوە بەردەوام بەداگیرساوی دەپارێزرێت و لە روانگەی گشتیدا ئەمە موعجیزەیە. بە پێی گوزارشت و ئەفسانەکان هەموو ساڵێک ئەم چرایە لە رۆژی هەینی پیرۆزدا {رۆژی یادەوەری لەخاچدانی مەسیح} خۆی دەکوژێتەوە، و لە رۆژی یەک شەممەی جەژنی فەسحدا {رۆژی هەستانەوەی مەسیح}، لە هەمان کاتی هەستانی مەسیح،

دادەگیرسێتەوە. ڕۆنی ئەم چرایە لە ڕوانگەی خەڵکیدا هێزێکی شەفابەخشی زۆر بەتینی هەبوو و یەکێک لە بەرچاوترین دیارییەکانی بازرگانانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. دیارە قوبیلای قائان دەنگۆی هێزی شەفابەخشی ئەم چرایەی لەملا و ئەولا بیستبوو.

برایانی پۆلۆ بارگە و بنەی گەشتەکەیان پێچایەوە. لەگەڵ چۆگۆتاڵ، ئەفسەری پاسەوان و باوەڕپێکراوی خان بەڕێ کەوتن. هەرسێکیان لەوحەی زێڕینی خانیان وەرگرت. ئەم لەوحە درێژییەکەی نزیکەی سی سانتیمەتر و پانییەکەی نزیکەی حەوت سانتیمەتر بوو و فەرمانی خانی لەسەر هەڵکەندرا بوو. بەپێی بڕیاری خان هەڵگرانی لەوحەی زێڕین لە سەرانسەری خاکی ئیمپراتۆری پارێزراو دەبوون و لە هەموو شوێنەکان کەرەستەی گەشت کردن و شوێنی حەوانەوەیان پێدەدرا. سەرپێچی کردن لەم بڕیارە سزای مەرگی هەبوو.

پۆلۆکان بۆ ئەورووپا دەگەڕێنەوە

لە بەهاری ساڵی ١٢٦٦دا پۆلۆکان بە شێوەی کاروانێک بەرەو ڕۆژئاوا و وڵاتەکەیان بەڕێ کەوتن. چەند هەفتە یەک لە گەشتەکە تێنەپەڕیبوو کە چۆگۆتاڵ، پاسەوانە تایبەتەکەیان، نەخۆش کەوت (یان وای پیشاندا کە نەخۆشە) و پۆلۆکان ناچار بوون جێی بهێڵن و بەبێ ئەو لە گەشتەکەیاندا بەردەوام بن. ئێستا بەس پشتیان بە لەوحە کە دەبەست کە دەیسەلماند بالوێزی ئیمپراتۆرن. بە ئەگەرێکی زۆرەوە پۆلۆکان لە هەمان ئەو ڕێگایەی کە بۆ شانگ تۆ هاتبوون، گەڕانەوە بوخارا و پاشان ڕێگای ڕۆژئاوا، واتە دەریای ناوەڕاستیان گرتە بەر، لە بەشی باشوری دەریای قەزوێن(خەزەر) تێپەڕین و بەرەو بەغدا چوون. گەشتی گەڕانەوەیان سێ ساڵی خایاند. بەفر، لافاو و خراپی ڕێگاکان گەشتەکەیانی درێژ کردبووەوە.

لە نیسانی ساڵی ١٢٦٩دا پۆلۆکان گەیشتنە شاری عەککا لە کۆتایی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، کە ڕاست دەکەوێتە باکووری ئۆرشەلیم. عەککا دوایین بەندەر بوو کە لە کەناری سوریادا لەژێر کۆنترۆڵی سوپای خاچپەرستەکاندا بوو و بەم شێوەیە لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە داگیر کرابوو. پۆلۆکان بەپەلە بۆ گەڕەکی ڤێنیسییەکان لەو شارەدا چوون و هەموو ئەو هەواڵانەی کە لە ماوەی نەبوونیان ڕوویدابوو، وەرگرت. ئەوان بۆیان دەرکەوت کە لە ماوەی نەبوونیاندا پاپا کلێمنسی چوارەمیان کۆچی دوایی کردووە و هێشتا جێنشینی بۆ دیاری نەکراوە. بەم شێوەیە ئیتر نەیاندەتوانی کارەکەیان کە لەلایەن

خان پێیان سپێردرابوو ئەنجام بدەن، جگە لەوەی پاپایەکی نوێ دەستنیشان بکرێت.

نیکۆلۆ و مافیۆ لە ڕێگای دەریاوە بۆ ڤێنیسیا چوون. کاتێک کە گەیشتنە خانووە کۆنەکەیان زانییان کە لە ماوەی نۆ ساڵ نەبوونیاندا خێزانی نیکۆلۆ کۆچی دوایی کردووە و مارکۆی پازدە ساڵانیش لەلای خزمەکانی لە هەمان شاردا دەژێت. مارکۆ بە بیستنی بەسەرهاتەکانی باوک و مامی سەری سوڕما و داوای کرد کە گەڕانەوە بۆ لای خانی گەورە ئەویش لەگەڵ خۆیاندا ببەن. ئەگەر نیکۆلۆ و مافیۆ ناچار نەبوون بۆ ئەنجامدانی کارەکەیان بگەڕێنەوە، مارکۆ هەرگیز نەیدەتوانی بۆ گەشتە دور و درێژەکەی لە ئاسیادا بڕوات و کتێبێک لەبارەی گەشتەکانی بنوسێت. بەختی لە هەموو گەنجە ئەوروپییەکانی هاوتەمەنی زیاتر بوو؛ مارکۆ گەشتێکی کرد و کتێبێکی نووسی کە تا ماوەیەکی زۆر بووە پەنجەرەیەک کە ئەوروپییەکان لەوێوە تەماشای ڕۆژهەڵاتیان دەکرد. مارکۆی گەنج بیری لە گەشتەکەی بۆ چین دەکردەوە و خۆی بۆ ئامادە دەکرد.

بەشی سێهەم

گەشتی دووەمی پۆلۆکان

مافیۆ و نیکۆلۆ دوو ساڵ لە ڤێنیسیا مانەوە، چاوەڕوانی هەڵبژاردنی پاپا بوون تا ئەو سەد زانا مەسیحییەی کە قوبیلای قائان داوای کردبوو، دیار بکات. بەڵام سەرەنجام لە ترسی ئەوەی کە خان وا بیر بکاتەوە کە وازیان لە کارەکەیان هێناوە، بڕیاریاندا بە دەستی بەتاڵ بۆ چین بگەڕێنەوە. بۆیە لە ساڵی ١٢٧١ کاتێک کە مارکۆ هەڤدە ساڵان بوو، نیکۆلۆ و مافیۆ ڤێنیسیایان جێهێشت تا وەفای خۆیان بۆ خان بسەلمێنن؛ مارکۆیشیان لەگەڵدا بوو.

پۆلۆکان بە کەشتی ڤێنیسیایان جێهێشت، لە دەریای ئادریاتیک تێپەڕین، لە کەناری زۆر لە کەشتییەکانی ڤێنیسیادا تێپەڕین، گەیشتنە ئەوسەری یۆنان، چوونە ناو دەریای ناوەڕاست و گەیشتنە عەککا. لە عەککادا ناچار بوون لەگەڵ تیۆباڵدو ویسکۆنتی، نوێنەری

لە بەهاری ساڵی ١٢٦٦ پۆلۆکان بەرەوە رۆژئاوا بەڕێ کەوتن و سێ ساڵ دواتر گەیشتنە زێدی خۆیان، ڤێنیسیا.

پیرەمێردی کوێستان

مارکۆ پۆلۆ بەسەرهاتی پیرەمێردی هەرێمی چیایی لە خەڵکی ئێران بیستبوو؛ چیرۆکی حەسەن سەباح رابەری تاخمی دەرویچش ئیسماعیلی. جیهانگەڕی ڤێنیسیایی ئەم بەسەرهاتەی لە کتێبەکەی خۆیدا باس کردووە. ئەم دەقەی خوارەوە لە وەرگێڕانێکی نوێدا بە ناوی (گەشتەکان) هاتووە کە رەناڵد لاتام وەریگێڕاوە.

پیرەمێردی کوێستان، لە نێو دۆڵێکدا، گەورەترین و جوانترین باخی جیهانی دروستکردووە: درەخ لە باشترین میوەکانی جیهان و نایابترین کۆشکەکانی بێ وێنەیە. زێڕ و کانزاکانی دیکەی لەم چەشنە و هەر شتێکی گرانبەها و جوان کە لە جیهاندا هەیە، باخەکەیان رازاندۆتەوە. باخەکە چوار کانی و گۆمی هەیە کە لە یەکێکیاندا شەراب و لە ویتریاندا شیر و لە یەکێکی دیکە هەنگوین و لەوەی دیکەدا ئاوی زەلال دەڕوات.

ئەم وا موریدەکانی تێگەیاندووە کە ئەم باخە جگە لە بەهەشت لە هیچ شوێنێکدا نییە..

شێخ لەناو دەرباری خۆیدا چاودێریێ گەنجانی دوازدە تا بیست ساڵی دەکرد؛ گەنجانی مەشقپێکراو و جەنگاوەر. ناوبراو بەم شێوەیەی خوارەوە بەرنامەی خۆی جێبەجێ دەکرد: دەرمانێکی دەرخواردی لاوەکان دەدا کە دەیخەواندن. پاشان فەرمانی دەدا هەڵیانگرن و بیانبەن بۆ باخەکە.. . کاتێک کە لە خەو هەڵدەستان و خۆیان لە باخەکەدا دەبینییەوە و ئەو شتانەیان دەبینی کە بۆ ئێوە باسم کردن، وایاندەزانی کە بە راستی هاتوونەتە بەهەشت....

کاتێک کە پیر دەیویست لاوێک لە نیشتەجێیەکانی باخەکە بۆ مرۆکوژییەک رەوان بکرێ؛ دیسان دەرمانەکەی دەرخوارد دەدا، و کە خەوی لێدەکەوت فەرمانی دەدا لە باخەکە بیگوێزنەوە. کە لاوەکە لەخەو هەڵدەستا و خۆی لە ماڵی پیردا دەبینییەوە، واقی وڕدەما بەڵام بە هیچ جۆرێک هەستی بە شادی نەدەکرد لەبەر ئەوەی ئەو بەهەشتەی ئەو لێی هاتبوو شوێنێک بوو کە هەرگیز نەیدەویست جێی بهێڵێت. لاوەکان دەچوونە پێش و بە خۆبەکەمزانینێکی تەواو رێز و گەورەییان بۆ شێخ دادەنا، بە جۆرێک کە دەتگوت پێغەمبەرێکی مەزنە. کاتێک پیر لێی دەپرسین کە لە کوێوە هاتوون، وەڵامیان دەدایەوە کە لە بەهەشتەوە هاتوون؛ هەر لەو بەهەشتەی کە حەزرەتی موحەممەد (د.خ) بەڵێنی بە باو و باپیرانیان داوە؛ و ئەوانە وەسفی هەموو ئەو شتانەیان بۆ گوێگرەکانی خۆیان دەکرد کە لە بەهەشتەکە بینیبوویان. ئەو کەسانەی کە ئەم شتانەیان دەبیست و خۆیان نەچووبوونە ئەوێ لە ناخی دڵەوە تامەزرۆ دەبوون و حەزیان دەکرد کە بچنە ئەم بەهەشتە، ئەوان تەنانەت ئارەزووی مردنیان دەکرد بۆ ئەوەی بەم بەهەشتە بگەن.

پاپا، راوێژ بکەن. دەبوایە بۆ بەدەستهێنانی کەمێک لە ڕۆنی چرای پیرۆز لە ئۆرشەلیمدا، لەم نوێنەرە مۆڵەتیان وەربگرتایە. لەبەر ئەوەی کە پۆلۆکان نەیاندەتوانی نامەکەی قوبیلای قائان بگەیەننە دەستی پاپا، هەوڵیان دەدا هەر جۆرێک بێت ڕۆنی چراکە بۆ خان ببەن.

کاتێک کە پۆلۆکان گەیشتنە عەککا لە گەڕەکی ڤێنیسیاییەکان نیشتەجێ بوون؛ گەڕەکێکی قەرەباڵغ و پڕ هاتوچۆ بوو. لە ساڵی ١٣٥٠دا گەشتیارێکی ئەڵمانی بەناوی لۆدۆلف فۆن سۆخێم کە بۆ زیارەتی شوێنی پیرۆز هاتبوو، سەردانی ئەم شارەی کرد. وەسف کردنی ئەو لە گەڕەکی بازرگانە بیانییەکان لەم شارەدا دەتوانێت ئەو شوێنەی کە پۆلۆکان هەشتا ساڵ پێش ئەو لەوێ بوون، وێنا بکات:

دەوڵەمەندترین بازرگانەکانی جیهان لە عەککا نیشتەجێ بوون، بازرگانگەلێک کە لە وڵاتان و نەتەوەگەلێکی جیاواز کۆ ببونەوە. لە پیزا، جەنەوا، و لۆمباردییش چەند کەسێک هاتبوون.. . لەوێدا پیاوگەلێکی زۆر دەوڵەمەندی نەتەوەکانی تری تێدا بوو. لە کاتی ڕۆژهەڵاتن ڕۆژئاوابوون، لە هەموو بەشەکانی جیهانەوە کاڵای بازرگانی ڕەوانەی ئەو شارە دەکرا. لەبەر ئەریستکرات و شازادەکان {بەشداربووان لە شەڕەکانی خاچپەرستان کە لە ڕۆژئاواوە هاتبوون} هەر شتێک کە لە جیهاندا گران و بەنرخ و سەرسوڕهێنەر بوو بۆ ئەوێ دەنێردرا... شازادە و خانەدانەکان بە شێوازێکی شاهانە لە شەقامەکاندا پیاسەیان دەکرد: بە نیو تاجێکی زێڕ لە سەریان و لەگەڵ پاسەوانە (یاریدەدەرە) تایبەتەکانیان، لەدوای ئەوانیش سەربازەکان و خزمەتکارانیان دەڕۆیشتن، جل و کەرەستە و کەل و پەلەکانیان بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش بە زێڕ و زیو ڕازاندرابوونەوە، هەموویان لە جوانی و دیارخستنی شتە نوێ و جوانەکانیان ململانێیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، و جلوبەرگی هەریەک لەوان بەوپەڕی وردی و ئاگادارییەوە ڕازاندرابوەوە.(١٤)

برایانی پۆلۆ لەگەڵ تیۆباڵدۆ، نوێنەری فەرمی پاپادا، بەیەک گەیشتن، و ئەو ڕێگەی پێدان تا کەمێک لە ڕۆنی چرای پیرۆز لەگەڵ خۆیاندا ببەن. بەڵام پۆلۆکان لە پاش وەرگرتنی ڕۆنەکە، دووبارە گەڕانەوە بۆ عەککا و بارودۆخی خراپی خۆیانیان بە تیۆباڵدۆ شی کردەوە: ((هەڵبژاردنی پاپای نوێ هەر دوادەخرێت، لە لایەکی ترەوە ئێمە بە نیازی گەڕانەوە بۆ لای خانی گەورەین، بۆیە خەریکە وا هەست دەکەین کە زۆر دواکەوتووین.(١٥) تیۆباڵدۆ هاوخەمی خۆی بە پۆلۆکان ڕاگەیاند و لە نامەیەکدا بۆ قوبیلای قائانی شی کردەوە کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا، پۆلۆکان هەر کارێک لە توانایاندا بووە کردویانە تا ئەرکەکەیان بە ئەنجام بگەیەنن. هەروەها ئاماژەی کرد کە ئەنجومەنی کاردینالەکان

نەیانتوانیوە پاپای نوێ هەڵبژێرن و رایگەیاند هەر کاتێک کە رابەری نوێی ئایینی هەڵبژێردرا، داواکارییەکەی قوبیلای قائان دەدرێتە دەستی ئەو.

پاپای نوێ

پۆلۆکان یەکەمین بەشی گەشتی خۆیان لە رێگای وشکانییەوە بەرەو چین بڕی بوو کە ناچار بوون راوەستن. رێگا بەهۆی شەڕ لە نێوان چەند گرووپ و هۆزێکدا داخرابوو. کاتێک کە چاوەڕوانی کرانەوەی رێگا بوون، نێردراوێکیان پێگەیشت و هەواڵێکی هێنا کە ئەنجومەنی کاردینالەکان خودی تیۆباڵدۆیان وەکو پاپای نوێ هەڵبژاردوە. و هەروەها پێی گوتن ئەگەر زەحمەتی گەڕانەوە بدەنە بەر خۆیان تیۆبالدۆ (کە ئێستا بە پاپای گریگۆریۆسی دەیەم دەناسرێت) وەفدێک بۆ راگۆڕینەوە لەگەڵ خانی گەورەدا لەگەڵیاندا دەنێرێت. پۆلۆکان هیچ زیانێکیان لە گەڕانەوە بۆ عەککادا نەبینی. پاشای ئەرمینیا کەشتییەکی جەنگی خۆی بۆ ئەوان کە ئێستا بە نوێنەرانی پاپا دەژمێردران، دابین کرد.

پۆلۆکان لە عەککا لەبەرامبەر پاپا گریگۆریۆسدا سەریان دانواند و بە بۆنەی بەدەستهێنانی بەرزترین پلەی ئایینی لە قەڵەمڕەوی ئایینی مەسیحیدا، پیرۆزباییان لێکرد. گریگۆریۆس دوو قەشەی لە رێبازی دۆمینیکان١- Domincans: فرقەی کاتۆلیکی رۆمی کە لەساڵی ١٢١٦ی زاینیدا لەلایەن دومینیکی قەدیس دامەزرا. ناوەرسمییەکەی ئەو، فیرقەی وا عیزەکانەو سەرەتا لەلایەن ئەو واعیزانەوە درووست بوو کە لە فەڕەنسادا سەژماڵی راگەیاندنی ئایینی بوون. دەستنیشان کرد تا لەگەڵ پۆلۆکاندا بچن و مەغۆلەکانی فێری رێو شوێن و بنەمای ئایینی مەسیحی بکەن. گریگۆریۆس رێگای بەو دوو قەشەیە دا تا وەکو نوێنەرانی ئەو کار بکەن، دەسەڵاتی پێدان تا قەشە و ئوسقوف دیاری بکەن، و هەروەها دەسەڵاتی لێبوردنی پێیاندا تا لەکاتی پێویستدا گوناهی خەڵکی ببەخشن. بێگومان دوو قەشەکە، شوێنی ئەو سەد زانایەی کە قوبیلای قائان داوای کردبوو نەدەگرتەوە، بۆیە وا دەردەکەوێت کە پاپای نوێ لە پەیداکردنی پیاوانی شیاو کە ئامادەی گەشت کردن بەرەو ئیمپراتۆریی مەغۆل بووبن، توشی گرفت بووە.

گریگۆریۆس پەیامێکی تایبەتی بۆ قوبیلای قائان نووسی تا پۆلۆکان بە خانی بگەیەنن، لە لایەکی تریشەوە چەندەها دیاری بەنرخ وەکو خشڵ و قاپ و قاچخی بلوری ئامادە کرد. گریگۆریۆس پێی خۆش بوو کە پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان رۆژئاوای مەسیحی و ئیمپراتۆریی مەغۆل فراوان بکات، هەر بۆیە نامەیەکیشی بۆ خانی تاتارەکانی رۆژهەڵاتی

نزیک نووسی و داوای کرد کە لەناو قەڵەمڕەوی خۆیدا گەشتی ئاشتیخوازانەی ئەم گەشتیارە مەسیحییانە بپارێزێت و ئاسایشیان دەستەبەر بکات. سەرەنجام ئەرکێکی تریشی بە پۆلۆکان راسپارد و ئەوەش ئەمە بوو کە ئەگەر بەپێی دەنگۆ و گێڕانەوەکان گروپی تری مەسیحی لە ئاسیادا هەیە، زانیاری پێویستیان لەسەر کۆ بکەنەوە.

گەڕانەوە بۆ چین

برایانی پۆلۆ و قەشەکان لەگەڵ ئەم دیارییانە و نامەکاندا، بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکەیان بەڕێ کەوتن: لە رێگای دەریاوە خۆیان گەیاندە شارە کەنارییەکەی ئەیاس لە ئەرمینیا و لەوێشەوە لە رێگای وشکانییەوە بەرەو پێش چوون بەڵام بەزوویی بەربەستێکی تریان هاتە پێش. بۆندۆکاری ٢- Bundukari، پاشای میسر کە لە زنجیرە پاشاکان بوو، بە سوپایەکی بەهێزەوە هێرشیان کردبووە سەر ئەرمینیا و ناوچەکەیان توشی شڵەژان کردبوو و گەشت کردنیان بە تەواوی پێشبینی نەکراو کردبوو.

پاشاکان ئەندامانی چینێکی سیاسی - جەنگیی میسری بوون و لە شەڕە بەرزەفڕییەکاندا

دوای ئەوەی تیۆباڵدۆ پلەی پاپایی وەرگرت پۆلۆکان لەبەردەمیدا چۆکیان دادا. پۆلۆکان بەڵێنیان بە خان دابوو لە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەو و پاپا دا یارمەتی دەدەن.

پسپۆڕ بوون. چونکە پۆلۆ شارەزاکان بە بارودۆخی شەڕاوی راهاتبوون و لە گەشتەکانیاندا بەرەبەستی زۆریان هاتبووە پێش، ئەو بارودۆخەی کە لە ئەنجامی هێرشەکانی پاشاکان هاتبووە کایەوە، رایانی نەگرت و تەنها بیریان لە گۆڕینی رێگا کردەوە. بەڵام قەشەکان کە لەوانەیە ئەوەندە ئارەزوی بەجێگەیاندنی ئەرکەکەیان نەبووبێت، ناڕوون بوونی بارودۆخەکەیان کردە بیانوو و وازیان لە کارەکە هێنا. قەشەکان وتیان کە لەترسی گیانی خۆیان ناتوانن لەم گەشتەدا بەردەوام بن، لەبەر ئەوە نامەکانی پاپایان دایە دەست پۆلۆکان و لە یەکەمین هەلدا گەڕانەوە عەککا. لە دەسەڵاتی پۆلۆکاندا نەبوو رێگە لە گەڕانەوەی قەشەکان بگرن. هەرچەندە هەڵاتنی قەشەکان ئەوەی دەگەیاند کە پۆلۆکان شتێکیان بۆ گرنگ پیشاندانی گەشتەکەی خۆیان بە دەستەوە نییە، بەڵام نیکۆلۆ و مافیۆ حەزیان دەکرد کە رێز لە ئەرکەکەی خۆیان بگرن کە لەلایەن خانەوە پێیان سپێردرابوو، بۆیە بڕیاریاندا لە گەشتەکەیاندا بەردەوام بن.

پاپا گریکۆریۆسی دەیەم، پێداویستییەکانی گەشتی پۆلۆکانی بۆ گەشتێکی دووروودرێژ و دژوار بەرەو ئیمپراتۆریەتی مەغۆل دابینکرد و چەند دیارێکیشی لە گەڵ ناردن.

پۆلۆکان لە ئەرمینیا گەڕانەوە و چیاکانی قەوقازیان لە باکور دەوردا تا دوور بن لەو ناوچانەی کە جەنگی پاشاکانی تێدا بوو، پاشان جارێکی تر گەڕانەوە بۆ باشوور واتە

ڕۆژئاوای ئێران. مارکۆ لەگەڵ خۆیدا چەند تێنووسێکی هێنا بوو کە لە کاتی گەشت کردن بۆ ناوچە جیاوازەکاندا شتی تیادا دەنووسی؛ لەو شتانەی کە خۆی دەیبینی یان دەیبیست. لەڕاستیدا ئەوەی زیاتر لە بەرەوپێشچوونی مێژوو کاریگەرییەکی قوڵی دانا، نەک گەشتەکەیان بەڵکو نوسینەکانی مارکۆ بوو. لەبەر ئەو بڕیارەی مارکۆ لەیادداشت هەڵگرتن و هەروەها لەبەر دانیان بەشێوەی گەشتنامە بوو کە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست شتگەلێکی لەبارەی ئاسیاوە فێر بوو و حەزی کرد ئەم بەشەی جیهانیش بدۆزێتەوە. نوسینەکانی مارکۆ کە وردەکاریەکانیشی لەخۆ دەگرت، زانیاریەکی فراوانی لەبارەی ئاسیای ژێر دەسەڵاتی مەغۆل دەدایە دەستەوە. هەر کە مارکۆ گەشتی بۆ ئاسیای ناوەڕاست کرد، دەستی بە وەسفی خەڵکانی ئەو ناوچانە: ئەرمینەکان، تورکەکان و تاتارەکان کرد و بە تایبەتی ڕوونی کردەوە کە ئەو خەڵکانە هەرچەندە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی مەغۆلەکاندا دەژین بەڵام ئازادن لە هەڵبژاردنی هەر ئایینێک کە دەیانەوێت.

گونجانی (هەڵکردن) ئاینی لە ئیمپراتۆریی مەغۆلدا

پاشان مارکۆ لە کتێبی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان نوسی: ((بە لای مەغۆلەکانەوە گرنگ نییە کە لەناو ئیمپراتۆریەکەیاندا چ خودایەک دەپەرسترێت.))
تا ئەو کاتەی کە ژێردەستەکانیان بەرامبەر بە خان وەفادار و گوێڕایەڵن و لە هەمان کاتدا باج و خەراجەی سەپێندراو دەدەن و پەیڕەوی لە یاساکان دەکەن، ئازادن کە دەربارەی بیروباوەڕەکانیان ئەوەی دەیانەوێت ئەنجامی بدەن و هەر ڕێگایەک کە ویستیان بگرنەبەر.

مەغۆلەکان بە خراپە ناوهێنانی باوەڕەکانیان و خۆ هەڵقورتاندن لە کارەکانیاندا قبوڵ ناکەن، بەڵام سەبارەت بە خوایەکەت و دەرونت و بیروباوەڕەکانت بە ئارەزوی خۆت دەتوانی هەڵسوکەوت بکەیت. چ جوولەکە بیت چ بتپەرست، چ موسڵمان بیت چ مەسیحی، دەتوانی لەگەڵ مەغۆلەکاندا بژیت.(١٦)

هەڵکردنی ئایینی مەغۆلەکان، سیاسەتێکی پێویست بوو بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەیان؛ بە ڕەچاوکردنی کلتورە زۆر و جۆراوجۆرەکانی ناوچە جیاوازەکانی ئیمپراتۆریی مەغۆل، ئەگەر هەوڵ بدرایە کە تاکە ئایینێک لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەکەدا بسەپێنرێت، ڕەنگ بوو ببێتە هۆی بەرگرییەکی بەهێز وتەنانەت شۆڕش و سەرکێشی لە نێوان نەتەوەکاندا ڕوو بدات. گونجانی ئایینی مەغۆلەکان ڕەنگە ئەنجامی جۆرێک لە بەرچاوڕونی و

خەلیفە و خەزێنەکەی

کاتێک کە هۆلاکو خانی مەغۆلی لە ساڵی ١٢٥٨دا بەغدای داگیر کرد، خەلیفەی بەغدا یەکێک لە دەوڵەمەندترین کەسانی جیهان بوو. مارکو پۆلۆ لە کتێبەکەیدا شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان، کە بە گەشتەکانی مارکو پۆلۆش بەناوبانگە، ئەفسانەیەک سەبارەت بە خەلیفە و خەزێنەکەی دەگێڕێتەوە. کورتەی ئەفسانەکە بەپێی وەرگێڕانی رۆناڵد لاتام بەم جۆرەیە:

بە داگیرکردنی بەغدا، خەلیفەش دەستگیر کرا. پاش گرتنی ئەو، بورجێک لە بەغدا دۆزرایەوە کە پڕ بوو لە زێڕ. هۆلاکو بە دیتنی بورجەکە تووشی سەرسوڕمان هات و فەرمانی دا تا خەلیفەی بۆ بێنن. خانی مەغۆڵەکان رووی کردە خەلیفە و لێی پرسی: ((بۆ ئەم هەموو خەزێنەت کۆ کردوەتەوە؟ بە نیاز بووی چی لێ بکەی؟ نەتدەزانی کە من دوژمنی تۆم و هێرش دەکەمە سەرت و گشتی تالان دەکەم؟ تۆ کە ئەمەت دەزانی بۆ لەم سامانە بە ئەفسەر و فەرماندەکانی خۆت نەدا، بۆ سەربازت بە کرێ نەگرت تا بەرگری لە تۆ و ناوبانگت بکەن؟))

خەلیفە وەڵامی نەدایەوە.نەیدەزانی چی بڵێت. هۆلاکو وتی: ((خەلیفە، چونکە دەبینم تا ئەم ئەندازەیە سامانەکەت خۆش دەوێت، بۆ تۆ دەیگەڕێنمەوە تا لێی بخۆی.)) پاشان هۆلاکو فەرمانی دا تاکو خەلیفە لەناو بورجی خەزێنەکەی بەند بکەن و هیچ خواردن و خواردنەوەی بۆ دانەنێن. هۆلاکو بە خەلیفەی وت((ئێستا چێژ لە سامانە فراوانەکەت وەربگرە، چونکە زۆر عاشقی خەزینەکەتی، جگە لەم خەزینەیە هیچ شتی ترت بۆ نایەت.))

خەلیفە لە ناو بورج بەند کرا و لە دوای چوار رۆژ کۆچی مرد.

بەم شێوەیە لە راستیدا باشتر وابوو کە خەلیفە خەزینە و سامانەکەی خۆی لە پێناو بەرگریکردن لە وڵات و خەڵکەکەی خۆی سەرف بکردایە تاکو بەم جۆرە لەناو نەچێت.

پاش ئەم رووداوە هیچ خەلیفەیەکی تر لە بەغدا نەبینرا.

خەلیفە لە کۆشکی خەزێنەکانیدا بەند دەکرێت و لە کۆتایی رۆژی چوارەمدا دەمرێت.

تێرامانی باوەڕیی بوو؛ رامانێک کە باوەڕی بەوە بوو کە بۆ پەرستشی خوا چەندین ڕێگە هەیە. مەنگو قائان،١-Mangu Khan برای قوبیلای قائان، لە ساڵی ١٢٥٤دا ئەوهای بە وەفدێکی ئایینی مەسیحی گوت:

.. درەست هەروەکو خوا پەنجەی جۆراوجۆری بە دەست بەخشیوە، چەندەها ڕێگای جیاوازیشی بە مرۆڤ بەخشیوە. خوا چەندین کتێبی پیرۆزی بە ئێوە داوە.. . لەلایەکی تریشەوە ئەو پێشبینیکەرانی بە ئێمە داوە و ئێمە گوێڕایەڵی وتەکانی ئەوان دەکەین و بە ئارامی دەژین.(١٧)

ئایینی نەریتیی مەغۆلەکان تێکەڵێک بوو لە پەرستنی روحێکی ئاسمانی لەگەڵ روحەکانی تردا. ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیشیان لەگەڵ جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمگەلێکی وەک فاڵگرتن و پێشبینی کردندا دەردەکەوت. بەڵام لۆژیک و بنەمای ئەم پێکەوەگونجانە و هەڵکردنە ئایینییە هەرچی بوو بێت، بەڵام دەبێت رەچاوی ئەوە بکرێت کە ئەم رەفتارە جیاوازیەکی تەواوی لەگەڵ بیرکردنەوەکانی سەدەی سێزدەمی دەسەڵاتدارانی ئەوروپایی هەبوو. پۆلۆکان زۆر دەستەی جیاوازیان لەناو ئیمپراتۆریەتی مەغۆلدا بینی، لەوانەش: بوزییەکان، موسڵمانەکان، تائوئییەکان، ومەسیحییە نەستۆرییەکان. مەسیحیە نەستۆریەکان هەر ئەو مەسیحییە رۆمەن {دەستەی کاتۆلیک رۆمی} نەبوون کە پۆلۆکان دەیانناسی. نەستۆریەکان بیروڕای ئاسیاییان لەگەڵ بیروڕای مەسیحیەکان تێکەڵ بەیەک کردبوو و هەر بۆیە لە کڵێسای رۆژئاوا (ئایینی مەسیحی ئەوروپییەکان) ئەوانیان بە کافر و موشریک دادەنا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کڵێسای ئەوروپا ئارەزومەند بوو کە زانیاری زیاتر لەبارەی ئایینی مەسیحی ئاسیایی بەدەست بێنێت، هەروەها پاپا گریگۆریۆسی دەیەمیش بە پۆلۆکانی راگەیاندبوو کە راپۆرتێک لەسەر نەستۆریەکانی بۆ ئامادە بکەن. وا دیارە کە پۆلۆکان ئەم ئەرکەیان زۆر بەبایەخەوە وەرگرت، چونکە ئەو کتێبەی کە دوایی مارکۆ بڵاوی کردەوە ئاماژەگەلێکی جۆراوجۆری سەبارەت بە دەستەکانی مەسیحی و چیرۆکی موعجیزەکانی مەسیحییەکان و سەرکەوتنیان بەسەر موسڵمانەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەخۆ گرتبوو.

پۆلۆکان لە ڕێگەی ئاسیاوە دەگەنە کەنداوی فارس

کاتێک کە مارکۆ پۆلۆ لە ئەرمینیای کۆن بوو دەستی بە وەسفی چیای ئارارات کرد. بە پێی وتەکانی ئەو، پاشماوەکانی کەشتی نوح لەسەر لوتکەی ئەم چیایە، دەبینرا، هەرچەندە کە ئەو دەڵێت سەرکەوتن بەسەرچیای ئاراراتدا، بە هۆی ئەو بەفرە فراوانەی

که لە زستان و هاوین داپۆشیوە، بەکردە لە توانای کەسدا نییە. مارکۆ لەهەمان کاتدا دەرهێنانی نەوتی لە روسیادا بینی - پیشەیەک کە لەو سەردەمەدا لە ئەوروپادا باو نەبوو بەلام پاشتر بە پێویستیەکی جیانەکراوە لە کۆمەلگا پیشەسازییەکان ژمێردرا. ئەو دەربارەی چیاکانی قەوقاز وای نوسی:

بیرێک لەو ناوچەیەدایە کە نەوتی لێهەلدەقولێت و ئەوەندە فراوانە کە لە ساتێکدا دەتوانرێت بە ئەندازەی سەد وشتری لێ بار بکرێت. نەوت خواردەمەنی نییە، بەلام بۆ سوتاندن بەسودە، و هەروەها وەکو مەرهەم بۆ برینەکانی پێستی مرۆڤ و وشتر بەکار دێت. خەلکی لە ناوچە زۆر دوورەکانەوە بۆ وەرگرتنی دێن، و لە شوێنەکانی دەوروبەری ئەم ناوچەیەدا، شتێکی تر جگە لە نەوت بۆ سوتاندن بەکار نایەت.(١٨)

پۆلۆکان لە باشوری رۆژهەلات بەرەو ئێران بە رێکەوتن، گەیشتنە پارێزگای موسل (کە ئێستا پارێزگایەکە لە عێراق). عەرەبەکان و نەستۆریەکانی مەسیحی لەو ناوچەیە دەژیان و ئەو ناوچەیە بەهۆی بەرهەمهێنانی جلوبەرگی ئاورێشم کە پێی دەگوترا مۆسلین١-



مارکۆ پۆلۆ بە وریاییەوە لە دەوروبەری خۆی دەیروانی. جگە لەو رونکردنەوانەی کە ئەو سەبارەت بە خەلکان و کلتورەکانی جێی سەرنجی خۆی داونی، وردەکارییەکی تەواویشی دەربارەی شوێنە جوگرافیاییەکان، لەوانە چیای ئارارات لە دوای خۆی بەجێ هێشت.

Muslin (موصلی) ناوبانگی هەبوو. پۆلۆکان بەرەو بەغدا بە ڕێکەوتن، لە گەشتەکەیان سودیان لە ئەسپ و گالیسکە وەرگرت و گەیشتنە ناوەندی بازرگانی تەورێز، ئەو شارەی کە بە بۆچونی مارکۆ ئاڵوێر کردنی کاڵا لەوێدا سودێکی زۆری بۆ بازرگانان هەبوو.



پۆلۆکان لە ڕێگایاندا بەرەو ئێران لە ناوچەی موسڵیش تێپەڕین، ئەو شوێنەی بە هۆی هەناردەکردنی قوماشی موسلین بەناوبانگ بوو.

هەرچەندە نیکۆلۆ و مافیۆ خەریکی جێبەجێ کردنی ئەرکێک بۆ پاپا بوون، لە هەمان کاتدا لە چالاکیە بازرگانییەکانی خۆیان بەردەوام بوون. بۆ هەر کوێ دەڕۆیشتن بازرگانی و ئاڵوگۆڕ کردنی کاڵا بوو. زۆرێک لە وتەکانی مارکۆ لە ڕوانگەی بازرگانێکەوە نوسراون. ئەو بە یاد دەهێنێتەوە کە تەورێز بازاڕێکی گەورەی تایبەت بە مرواری هەبوو، ئەو مرواریانەی کە لە کەنداوی فارس ڕاو دەکرا و کۆ دەکرایەوە. مارکۆ بە شێوەیەکی تایبەتی مشتومڕی (چەقەچەقی) نائاسایی لە کڕین و فرۆشتنی مرواریدا ڕاڤە دەکات. مامەڵەی مرواری زۆر بە هێمنی و ئارامی بەڕێوە دەچوو، بە جۆرێک کە دەوروبەرەکان تێنەگەن چەند پارە ئاڵوگۆڕ کراوە: ((کڕیار

پۆلۆکان لە بەندەری هورموزدا، کە لەوێوە بە نیازبوون لە ڕێی دەریاوە بەرەو چین سەفەر کەن. بەڵام باری نەگونجاوی کەشتییەکان بووە هۆی ئەوەی کە ئەوان، بە ناچار ڕێگەی وشکانی هەڵبژێرن.

و فرۆشیار لەبەرامبەر یەکتردا دادەنیشن، پارچە پەڕۆیەک بەسەر دەستیاندا دەدەن، پاشان بە گوشینی پەنجە و مەچەکی یەکتر دەست بە مشتومڕ لەبارەی کاڵاکەوە دەکەن.)) (١٩)

پۆلۆکان گەشتی خۆیان لە عێراقەوە بەرەو رۆژهەڵات درێژە پێدا بەڵام لە رێگادا توشی کۆسپ و بەربەستگەلێک هاتن. کاروانەکەیان کەوتە بەر هێرشی رێگرەکان، ئەم رێگرانە زۆربەی هاوڕێیان و خزمەتگوزارانی پۆلۆکانیان بە دیل گرت وەکو کۆیلە فرۆشتیان. مارکۆ، نیکۆلۆ و مافیۆ زۆر بە زەحمەتەوە توانیان لەم چارەنوسە شومە دەرباز ببن. پاش ئەوە رێگای خۆیان گرتەبەر و بەرەو ناوچەی هورموز لە کەنداوی فارس بە رێکەوتن. پۆلۆکان کە دەیانویست لەم بەندەرەوە بەرەو چین برۆن، کاتێک کە گەیشتنە هورموز تێگەیشتن کە کەشتیە خۆجییەکان بۆ ئەم گەشتە دەریاییە شیاو نین. لەم بارەیەوە مارکۆ بەم جۆرە نوسیویەتی: ((کەشتیەکانیان زۆر ناشیاون، زۆریان لێک هەڵوەشاونەتەوە. پارچەکانی کەشتیەکان بە هۆی بزماری ئاسنییەوە بەیەکەوە نەبەستراون، بەڵکو بە هۆی داو و گوریس کە لە توێکڵی گوێزهیند بەدەست هاتوە، بەیەکەوە بەستراون.)) مارکۆ لە نوسینەکانی خۆیدا دەڵێت کە گەشت کردن بەو کەشتیانە مەترسی لەدەستدانی کاڵا بازرگانییەکانی بەدواوە بووە. ئەو کەشتیانە بە زۆری هیچ تەختەبانیان نەبووە. پێستەیەکیان دەکێشایە سەر کاڵا بازرگانییەکان و پاشان ئەسپەکانیان لەسەریاندا جێ دەکردەوە. ئەو ئەوها دەنوسێت: ((گەشت کردن بەم کەشتیانە جۆرێکە لە ریسک و پێشوازی کردن لە مەترسیەکان.. . چونکە بە گشتی زەریای هیندی تۆفاناوییە.))(٢٠) لەبەر ئەوەی کە ئەوان گەشتی دەریاییان لە هورموزەوە بە مەترسیدار دەزانی، ناچار وازیان لێهێنا گەڕانەوە و رێگایەکی وشکانیان لە بەشی رۆژهەڵاتی باکور هەڵبژارد و لە ئەنجامدا چەندین مانگیان خستە سەر ماوەی گەشتەکەیان.

پیرەمێردی کوێستان

پۆلۆکان لە گەڕانەوەیان لە هورموزدا، گەیشتنە وڵاتی مولحید(بێدین)ەکان، ١- لە بنەمادا مەبەستی ئیسماعیلییەیەکە لە دەقە مێژووییەکاندا بە (ملاحدە)ش هاتووە. ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا بە واتای بێدیمەکارە. مارکۆ لە یەکێک لە نوسینەکانیدا، بەسەرهاتێک کە لەبارەی ئەو گروپەوە بیستبووی دەگێڕێتەوە. بەپێی وتەی مارکۆ پۆلۆ، بەپێی گێڕانەوەی خۆجێی، پیاوێک بەناوی پیرەمێردی کوێستان، سوپایەکی رێکخست کە بە فەرمانی ئەو

ئەندامەکانی هەر کەسێکیان دەکوشت، ئەو لە ڕێگای بەکارهێنانی حەشیش کە مادەیەکی سڕکەرە، ئەندامانی سوپاکەی خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. ئەندامانی سوپاکەی وا باوەڕیان کردبوو کە ئەگەر لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکێکیاندا بکوژرێن، ئەوا دەچنە بەهەشت. پیرەمێردە بەساڵا چووەکە بەکار تێکردن لەسەر دەرونی خۆبەتکەرەکانی، وەها سوپایەکی شیاو و بەوەفای ڕێکخستبوو کە ناوبانگی لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرکردبوو. مارکۆ پۆلۆ باسی وەفاداری حەشیشکێشانی گروپەکە بەرامبەر بە سەرۆکەکەیان، لە کتێبی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان دا کردوە، جێی سەرنجە چەند ساڵ پاش ئەوە شاعیرێک لە شاری فلۆرانس سەبارەت بە ڕێزی خۆی بەرامبەر بە عیشق، (خۆشەویستی) وای گوتوە: ((وەفاداری من بەرامبەر بە عیشق زیاترە لە وەفاداری حەشیش کێشەکان بەرامبەر بە پیرەمێردی کوێستان و زیاترە لە ڕێزی قەشەکان بەرامبەر بە خوا.))(٢١) چیرۆکی ئەم حەشیشکێشانە کاریگەرییەکی قوڵی لە ناو بیر و دەرونی ئەوروپیەکان دانا. لە ڕاستیدا وشەی assassination بە واتای پیاوکوژی لە نازناوی ئەوانەوە (حەشیشکێشەکان) وەرگیراوە.



ئەم وێنەیە پیرەمێردی کوێستان وەها پێشان دەدات کە بۆ شوێنکەوتووانی خۆی فەرمانێک دەردەکات. مارکۆ لە کتێبی((شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان)) دا مەسەلەی پیرەمێردی کوێستان و شوێنکەوتووانە مرۆڤکوژ و ئەمەگدارەکان ڕوون دەکاتەوە

دوای ئەوەی پۆلۆکان لە ناوچەی بێرنیەکان تێپەڕین، گەییشتنە دەڤەری پامیر لە کوێستانەکانی ئەفغانستان کە لەو سەردەمەدا وایاندەزانی بەرزترین چیاکانی جیهانن.

پۆلۆکان لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی بێ دین و کافرەکان دوور کەوتنەوە و لە دەشتەکان و شوێنە بەپیتەکاندا تێپەڕین و سەرەنجام گەیشتنە چیاکانی پامیر. مارکۆ کە چێژی لە راو کردن و لە سوارچاکی وەردەگرت بە درێژایی ڕێگا بە تیر و کەوانەکەی زۆر شتی سەنجراکێشی راو دەکرد، کاتێک کە لە ڕێگایەکی بیابانێکی ئێراندا ڕەت دەبوون نەخۆش کەوت و چەندین مانگ تای هەبوو. نیکۆلۆ و مافیۆ بڕیاریاندا کە لە شاری بەدەخشان راوەستن تا مارکۆی نەخۆش بە تەواوی چاک بێتەوە.

بەدەخشان بەهۆی هەبوونی ئاو و هەوایەکی زۆر خاوێنی کوێستانی بەناوبانگ بوو. مارکۆ بە ئامۆژگاریی خەڵکی ناوچەکە ماوەیەک لە کوێستاندا مایەوە و بە تەواوی چاک بووەوە. کاتێک کە پۆلۆکان لە بەدەخشاندا بوون، نیکۆلۆ و مافیو ئاگادار بوونەوە کە کانزاگەلێکی گەورەی یاقوت لەو شارەدا هەیە. بەڵام فەرمانڕەوای خۆجێیی کە حەزی دەکرد نرخی یاقوت بەرز رابگرێت، هەناردەکردنی قەدەغە کردبوو، لە ئەنجامدا پۆلۆکان نەیانتوانی لە بواری ئەم بەردە بەنرخانە هیچ مامەڵەیەک ئەنجام بدەن.

لەگەڵ باشبوونەوەی مارکۆدا، پۆلۆکان پامیریشیان بەجێهێشت. مارکۆ بینی کە لەو بەرزاییەدا، چێشت لێنان و بە هەڵگیرساوی هێشتنەوەی ئاگر زۆر ئاستەمە. ئەو هەروەها

باسی جۆرێک لە مەڕی کێوی کردووە کە لە کوێستانەکەدا دەژیان و شاخیان هەبوو: ((شاخەکانیان چوار تا شەش بست درێژ بووە.))(٢٢)قوچ و ئێسکەکانی ئەم ئاژەڵانەیان لە قەراخی جادەکاندا لەسەر یەک کەڵەکە دەکرد، تا لە کاتی بەفربارینی قوڕسدا بتوانن ڕێگای خۆیان بدۆزنەوە. بە بەجێهێشتنی پامیر، پۆلۆکان بۆیان دەرکەوت کە گەیشتونەتە سنووری بیابانی گووبی.

شەیتانە سەیروسەمەرەکان

ئەو شتانەی کە خەڵکی ناوچەکە لەبارەی بیابانی گووبی دەیانگوت، پۆلۆکانی توشی سەرسوڕمان و هەراسان کرد. دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ڕۆحگەلێکی چەپەڵ لە ناو لمەکانی بیاباندا دەژیان و ((دیمەنگەلێکی هەڵخەڵەتێنەر لە پێش چاوی گەشتیارانی بێ ئاگا و ناهۆشیار دروست دەکەن، وەهمگەلێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە گەشتیارێک لەناو بچێت تا لە کاروانەکەی جێ بمێنێت، یان لە هاوڕێیەکانی دابڕێت(٢٣). مارکۆ بەردەوام دەبێت: ((چەند دەنگێک گەشتیارەکە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و لە ڕێگاکە دووری دەخاتەوە، بە شێوەیەک کە ئەو کەسەی لە کارەوانەکە جیا بۆتەوە هەرگیز ناتوانێت ڕێگاکە بدۆزێتەوە.. . بەم شێوەیە زۆرلە گەشتیارەکان توشی مەرگ یان ون بوون هاتن.(٢٤) ڕاهیبێکی بوزی بە ناوی هسۆئان تسانگ١- Hsuan Tsag کە لە ساڵی ٦٢٩ی زاییندا بە بیابانی گووبیدا تێپەڕیوە، گوزارشتی کردوە کە: ((هەموو جۆرە شەیتان و دێو و جنۆکە سەیروسەمەرەکان لە دەور و پشتم دەورەیان دابووم.))(٢٥)

بە پۆلۆکان ڕاسپێردرا کە زەنگۆڵە لە ملی هەموو وشترەکانیان بکەن و بە گوریس بەیەکەوە ببەسترێنەوە تا لە یەکتر جیا نەبنەوە. پۆلۆکان خێوەتیان هەڵدا و بەر لە داهاتنی شەو نیشانەیەکیان لەسەر زەویدا چەقاند تا لە کاتی سپێدەدا بزانن ڕێگا لە کام لایە و ون نەبن. لەبەر ئەوەی کە با لمەکانی ڕادەماڵی و بەسەر ڕێگاکەی وەردەکرد، تا مەودایەکی زۆر جگە لە لم شتێکی دیکە نەدەبینرا، بۆیە ئاسایی بوو کە گەشتیار نەتوانێت هیچ ئاراستەیەک لە بیاباندا لە یەکتر جیا بکاتەوە. سەرەنجام پاش سێ ڕۆژ کاروانی پۆلۆکان بە بیابانی گووبیدا تێپەڕی و گەیشتە پارێزگای کانچائۆ لە چین. پۆلۆکان بڕیاریاندا چەند مانگێک لەوێدا پشو بدەن و کاری بازرگانی بکەن.

ئەو کاتەی کە مام و باوکی مارکۆ لە شاردا خەریکی بازرگانی بوون، مارکۆ لێکۆڵینەوەی لەسەر داب و نەریت و ڕێوڕەسمەکانی کانچائۆ دەکرد. مارکۆ شێوەی

به تێپەڕبوون لە کوێستانەکانی پامیر، مارکۆ ئەم بوارەی بۆ رەخسا کە هەم خەریکی راوبێت و هەمیش ئەسپسواری بکات. ئەم وێنەیە لە کتێبی مارکۆپۆلۆ، راوکردنی شێر لە لایەن پۆلۆکانەوە پێسان دەدات

هەڵسەنگاندنی کاڵاکان و شێوەی گۆڕینەوەیانی بینی. هەرکاتێکیش لە گەڕانی ناو شار ماندوو دەبوو بە سواری ئەسپ بۆ راو دەچوو یاخود بە بازەوانی { راوی باڵندە بە هۆی بازەوە} خەریک دەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشی هەرە زۆری کاتی خۆی بە تۆمار کردنی داب و نەریتی خەڵکانی ئەو ناوچەیە بەسەر دەبرد. مارکۆ دەریخست کە نەریتی هاوسەرگیری خەڵکی کانچائۆ وەکو زۆربەی خەڵکی ئاسیای ناوەڕاست بە تەواوی لەگەڵ نەریتی هاوسەرگیری ئەورووپیدا جیاوازە. هەر پیاوێک چەندین ژنی هەیە، واتە بەپێی پلە و پایەی کۆمەڵایەتیان دەتوانن تا سی ژن هەڵبژێرن. بۆ پیاو ئەمە کارێکی ئاساییە کە هاوسەرگیری لەگەڵ کچە مامەکانیان یاخود بێوەی برا مردووەکەی بکات.١- لە هەندێفیقەی مەسیحیدا هاوسەرگیری لەگەڵ کچەمام یان بێوەی برادا قەدەغەیە مارکۆ لەم بابەتە قوڵ دەبێتەوە و دەنوسێت: ((بەشێکی زۆری ئەو شتانەی کە ئێمە بە گوناهی گەورە دەزانین، لە گۆشەی نیگای ئەوانەوە هەر بە گوناه دانانرێت.))(٢٦)ئەو پەی بە پنتێکی بایەخدار دەبات و درێژە بە وتەکانی دەدات: ((داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، داب و نەریت و ترادیسیۆنەکان شتێکی یەکلاکەرەوە و جێگیرکراو نین، بەڵکو بە گوێرەی

ژینگەی تاک گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئەو شتەی کە لە دیدگای ئەوروپییەک وەکو نۆرم خۆی نیشان دەدات رەنگە لە روانگەی کەسێک کە لە ئاسیادا ژیان بەسەر دەبات، نائاسایی و نامۆ بێت، و بە پێچەوانەشەوە.)) هەرچەندە لەوانەیە مارکۆ لە سەرەتادا توانای پەی بردن بەم داب و نەریتی هاوسەرگیریی نەبوو بێت، چونکە جیاوازیەکی زۆریان لەگەڵ ئەو داب و نەریتانەی کە فێریان بووە و لەگەڵیاندا گەورە بووە، هەبووە، بەڵام ئەو ئەزمونانەی لە کاتی گەشت کردن لە ئیمپراتۆریەتی مەغۆلدا بە دەستی دەهێنێت فێری دەکات کە ئەم جیاوازیانە لە نێوان مرۆڤەکاندا قبوڵ بکات و تەنانەت ستایشیان بکات.

دواجار پۆلۆکان کانچائۆیان بەجێهێشت و لە هاوینی ١٢٧٥ی زایینیدا لە کۆشکی خانی گەورە نزیک بوونەوە، و ئەمەش دوای سێ ساڵ و نیو گەشت کردن بوو. خانەوادەی پۆلۆ بە ژمارەیەکی زۆر لە دەشت و کێو و بیابانەکانی ئاسیادا رەت ببوون، و مارکۆ زمانی تورکی و هەندێک عەرەبی و مەغۆلی فێر ببوو. پۆلۆکان لە یەکێک لە رێگاکانی ئیمپراتۆریدا روبەڕوی دەستەیەک سواری چەکدار بوونەوە کە لەلایەن خانەوە رەوان کرابوون. پۆلۆکان لەم روداوە زۆر سەریان سوڕما. هێشتا چل رۆژ مابوو کە بگەنە شاری ئیمپراتۆریی، بەڵام خان لە نزیکبوونەوەی ئەوان ئاگادار ببووەوە. نێردراوان روونیان کردەوە کە سیستەمی پەیوەندی تایبەتی خانی گەورە کە لە سەرانسەری رێگا و جادەکاندا ماڵگە(شوێنی حەوانەوە)گەلێکی دامەزراندوە، توانای ئەوە دەداتە نێردراوێکی خان کە لە ماوەی یەک رۆژدا چوارسەد کیلۆمەتر ببڕێت. گۆڕینی ئەسپەکان، پێنج یا شەش جار لە رۆژێکدا، رێگە دەداتە نێردراوێکی خان کە لە ماوەی چەند هەفتەدا لەم لای ئیمپراتۆرییەکە بۆ ئەو لایەکەی تری گەشت بکات.

گەیشتن بە شانگتۆ

نێردراوانی خان، لەگەڵ پایتەختی هاوینە لە شانگتۆدا پۆلۆکان هەتا هاتن. شانگ تۆ شارێک بوو لە نێوان دیوارەکاندا. لە ناوەڕاستی شارەکەدا کۆشکی لە بەردی مەڕمەڕ دروستکراو و پارکی کات بەسەربردنی خانی لێبوو. مارکۆ کە عاشقی راو و بازەوانی هەبوو، دەبێت دیتنی ئەم شوێنە کاریگەرییەکی توندی کردبێتە سەر: راوگەیەک بە پانتایی نزیکەی بیست کیلۆمەتری دوو جا، دووسەد باز و چەند پڵنگێکی پەروەردەکراو بۆ راوکردن و چەندەها جۆر نێچیری کێوی.

دوای سێ ساڵ و نیو، پۆلۆکان دواجار دەگەنە شوێنی مەبەست؛ دەرباری قوبیلای قائان.

پۆلۆکان لە بەرامبەر قوبیلای قائاندا . پێشوازییەکی گەرم لە پۆلۆکان دەکرێت و لە پایتەختی لە هاوینەی خان لە شانگ تۆ هەوارگەیەکی ئەشرافییان بۆ دابین دەکرێت.

قوبیلای قائان به خێرهاتنەوەیانی کرد، ئەوانیش بەرامبەر خان سەریان دانواند و زۆر ڕێزیان لێگیرا.

نیکۆلۆ، مارکۆی کوڕی کە ئێستاکە ببووە بیست و یەک ساڵ بە خان ناساند و خانی گەورە لەوەی کە دوو براکە مارکۆیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، خۆشحاڵی زۆری خۆی دەربڕی. مارکۆش بە ڕاستگۆیی و یەکدڵییەکی تەواوەوە خزمەتی خۆی بەرامبەر بە خانی پەنجا و نۆ ساڵان دەست پێکرد؛ ئەو خانەی کە لە نوسینەکانیدا بەم جۆرە سەیرە وەسفی کردوە: گەورەی گەوران کە بە قوبیلای قائان دەناسرێت بەم شکل و شێوەیەی خوارەوەیە: باڵای مامناوەندیە، نە بەرزە و نە کورت. جەستەی جوانە، نە قەڵەوە و نە لاواز. جەستەی لە ڕێکیش ڕێکترە. ڕوخساری سپییە و هەندێک سورایەتی زۆر جوانی بە ڕەنگی گوڵی سووری تێدایە. چاوەکانی ڕەش و جوان و لوتی زۆر جوانە و لەگەڵ دەم و چاوی دەگونجێت.(٢٧)

پاش ئەو ئاهەنگەی کە بە بۆنەی گەڕانەوەیان بەرپاکرابوو، پۆلۆکان نامەکان و دیاریەکانی پاپا گریگۆریۆسی لەگەڵ ڕۆنی چرای پیرۆز پێشکەشی خان کرد. قوبیلای قائان شوێنێکی ئەشرافی بۆ حەوانەوەی پۆلۆکان دەستنیشان کرد. ئەو هیوادار بوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ بمێننەوە ولە دەربارەکەیدا خزمەت بکەن.

بەشی چوارەم

خانبالق: لە کۆشکی خانی گەورەدا

لە پایتەختی هاوینەدا، پۆلۆکان زۆر خێرا شارەزای ژیانی رۆژانەی دانیشتوانی شارەکە بوون، و لە کۆتایی هاویندا، لەگەڵ شێوەی ژیان لە پایتەختی فەرمی نوێی مەغۆلەکاندا راهاتن، ئەو پایتەختەی کە مەغۆلەکان خانبالق یان شاری خانی گەورەیان پێ دەگوت. ئەم شارە ئێستا بە پەکین دەناسرێت کە پایتەختی کۆماری گەلی چینە. قوبیلای قائان لەساڵی ١٢٦٠دا شاری پەکین وەکو پایتەختی ئیمپراتۆری مەغۆل دەستنیشان کرد، ئەم ساڵەی وەکو سەردەمێکی نوێ لە مێژووی چیندا راگەیاند و زنجیرەی بنەماڵەی یۆئان یان ((سەرچاوەی گەورە))ی وەکو دەوڵەتی مەغۆل لە چین راگەیاند. ژیان لە خانبالق و هاونشینی لەگەڵ خان، بووە هۆی ئەوەی پۆلۆکان ئلگاداری رابردووی مێژوویی



مەغۆلەکان لە ساڵی ١٢٦٠ دا (پەکین) یان کردە پایتەختی فەرمی خۆیان.

مەغۆلەکان و شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم ئیمپراتۆرییە گەورەیەبین.

لە ساڵی ١٢٠٦دا، باوە گەورەی قوبیلای قائان، واتە چەنگیزخان، بە هێرش کردنە سەر چینی باکور دەستی بە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی مەغۆل کردبوو و لە ساڵی ١٢١٥دا توانیبووی زنجیرەی پاشایەتی شین لەناو ببات. ساڵی ١٢٢٢دا چەنگیزخان بەشی زۆری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داگیر کردبوو و قەڵەمڕەوی خۆی تا سنورەکانی پۆڵۆنیا هێنابووە پێش. ئەم داگیرکارییە لە پاش مردنی چەنگیزخانیش لە لایەن کوڕەکانییەوە هەر بەردەوام بوو و قوبیلای قائان کە نەوەی چەنگیز بوو لە ساڵی ١٢٥٦دا لەسەر کورسی پاشایەتی مەغۆل دانیشتبوو.

مەغۆڵەکان یەکەمین ئەو کەسانە بوون کە بۆ زین و بەرگ(تاقم زین) ڕکێفیشیان زیاد کرد. ئەم ئامرازە نەیدەهێشت کە سوار چاک لە سەر زەوی هاوسەنگی خۆی لە دەست بدات. ڕکێف(ركاب) یارمەتی دەدا تاکو سوارچاک لە هێرشەکانیدا چوست و چەلەنگ بێت.

سوپای مەغۆل

سوپای مەغۆل لە دڕندەیی و تێک نەشکان، متمانە و ناوبانگێکی بۆ خۆی بەدەستهێن بوو. بە پێی گێڕانەوەی ئەفسانەیەک (کە ڕەنگە بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی و پشتگیری ئەورووپییەکان دژی مەغۆلەکان داهێنرابێت) ((مەغۆلەکان بۆ سازکردنی ئاهەنگێک بە بۆنەی سەرکەوتنیان، دیلەکانیان خستە ژێر چەند تەختەدارێکی قورسدا و خۆیان لەسەر تەختە دارەکان دانیشتن.

پاشان ئاهەنگی خۆیان گێڕا و لەگەڵ شادی کردندا لە بیستنی ناڵەی دوژمنەکانیان کە لەژێر تەختەدارەکاندا گیانیان دەدا، چێژیان وەرگرت.))(٢٨)هۆکارێکی گرنگ لە سەرکەوتنی سوپای مەغۆل ئیستراتیژییە لێزانانەکەیان بوو، کە هێرشە لەناکاوەکانی لەخۆ دەگرت. جگە لەوەش مەغۆلەکان لە گەمارۆدانی شارەکاندا پسپۆر بوون و لە توانایاندا بوو کاتی گەمارۆدانی شارێک ئەوەندە درێژ بکەنەوە تا دانیشتوانی بگەنە قۆناغی مردن لە برسانداو خۆیان بەدەستەوە بدەن. لە هەمان کاتدا مەغۆلەکان لە شەڕەکانیاندا سودیان لە فیل و سەربازی پیادەش وەردەگرت.

هۆکارێکی تری کاریگەر لە سەرکەوتنی سوپای مەغۆلدا بریتی بوو لە پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژی لە سوارچاکیدا. سوارچاکەکانی مەغۆلی پێشەنگی ئەو سوارکارانە بوون کە جگە لە زین و بەرگی ئەسپەکانی خۆیان، ئاوزەنگی(رکێف)یشیان زیاد کرد. ئەم پرسە ماوەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە کە ئایا مەغۆلەکان ئاوزەنگییان داهێناوە یان نا. ئاوزەنگی دەبوە هۆی ئەوەی کە سوارچاکی مەغۆلی جێگیرتر و قایمتر لەسەر زینی ئەسپەکەی دابنیشێت و توانای جوڵەکردنی زیاتری هەبێت. تیرهاوێژانی مەغۆلی بە ئاسانی لەسەر زینی ئەسپەکانیان دەسوڕان و بەم لاو لەولادا دەجوڵان و تەنانەت بۆ دواوەش تیریان دەهاوێشت. هەر سەربازێک چەند ئەسپی مەغۆلی خێرا و بەهێزی هەبوو و کاتێ یەکێک لە ئەسپەکانی لە شەڕدا شەل دەبوو یان بریندار دەبوو، بە ئەسپێکی تازە نەفەسەوە لە شەڕەکەدا بەردەوام دەبوو.

خانبالق: پایتەختی مەغۆل لە پەکین

لە ساڵی ١٢١٥دا شاری پەکین بە دەستی چەنگیزخان روخا، و چەنگیز بەشێکی شارەکەی لەناو برد، بەڵام کاتێک کە قوبیلای قائان لە ساڵی ١٢٦٠دا پایتەختی ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی بۆ ئەو شارە گواستەوە، شارەکەی نۆژەن کردەوە، و ناوی ((خانبالق))ی لێنا. قوبیلای قائان لە دەوری ئەو شارەی کە مابووەوە، شارێکی بە پانتایی سێ کیلۆمەتری دوجای بونیاد نا. مارکۆ بەم جۆرە وەسفی شار و شەقامەکان کە بە شێوەیەکی ئەندازەیی(هندسی) بیناکرا نرابوون دەکات:

لەم سەری شار، تا ئەو سەری، شەقامەکان وەکو رێسمانێکی راست و رێک دروست کراون و بەشەکانی ناوەوەی شار بە شێوەی چەند چوارگۆشە وەکو تەختەی شەترەنج دەرهاتوون.

خانبالق شاری دیوارەکان بوو؛ ئەم شارە بەسەر سێ چوارگۆشەی هاوچەقدا دابەش

ژنە کاتییە(سیخە)کانی خان

لە کتێبی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان ی بەرهەمی مارکو پۆلۆ ئاماژە بەم خاڵە کراوە کە قوبیلای قائان جوانترین ژنانی بۆ جووتبوون هەڵدەبژارد. ئەم دەقەی خوارەوە وەرگێڕانی رۆناڵە لاتامە نوسینەکەی مارکو پۆلۆ لەم بارەیەوە:

پاش پشکنین و هەڵسەنگاندنی یەک بە یەکی ئەندامانی لەشی هەر یەک لە کچەکان: مووی، روخساری، برۆکانی، دەمی، لێوەکانی و ئەندامانی دیکەی، هەڵسەنگاندنی رێکی و هاوئاهەنگی بەژن، هەڵسەنگێنەر شازدە خاڵ بە هەندێک لە کچەکان دەدات، بەهەندێکی تر حەڤدە، هەژدە، بیست، هەندێک کەمتر یان زیاتر - پلەی بە هەندێک کچی دیکە دەبەخشی بە گوێرەی ئەندازەی خشنوکی هەرکەسێک.. . سی یاخود چل خاڵ بەرزترین پلەیە و خۆدانەکانی ئەم خاڵانە بۆ ژووری نووسینی خان هەڵدەبژێردرێن. ئەم کچانە سەرەتا بە دەستی هاوسەرەکانی ئەفسەران و کاربەدەستە پلە باڵاکان دەسپێردرێن. ئەم ژنانە فێر کراون کە کاتی شەو کچەکان بەرنە ژوورەکانی خۆیان و بە وردی بیانپشکنن بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە کچێنییان پارێزراوە و هەروەها نەنگی کەم و کوورییان لە ئەندامەکانی خۆیاندا نییە. کچەکان پێویستە شەو بە ئارامی بخەون و لەخەودا پرخە پرخ نەکەن، هەناسەیان شیرین و خۆش بێت و جگە لەمەش بۆنی ناخۆشیان لێنەیەت! دوای ئەم قۆناغانە پەسەندکراوەکان دابەش دەکرێن بۆ دەستەی شەش کەسی و دەچنە خزمەتی خان و بۆ ماوەی سێ شەو و سێ رۆژ لە ژووری خەوی خان و لەسەر تەختی خەوی ئەو بەسەر دەبەن و هەموو پێداویستییەکانی بەدی دێنن. خان بە هەر جۆرێک کە ئارەزووی لێبێت چێژیان لێ وەردەگرێ. دوای سێ شەو و سێ رۆژ، نۆرەی شەش کچی دیکە دەگات. و بەم جۆرە بە گوێرەی ئەم نۆرە یەک بەدوای یەک هاتنانەدا بە درێژایی ساڵ درێژە دەکێشێت.

ئەو کاتەی کە دەستە کچێک لە ژووری خەوی خاندا ئامادەن، ئەوانی دیکە لە ژوورێکی پاڵ ژووری خاندا چاوەڕوان بن. ئەگەر خان پێویستی بە شتێک هەبێت لە دەرەوەی ژووری خۆی وەک، خۆراک و خواردنەوە، ئەوا ئەو کچانەی لە ژوورەوەن پەیام بۆ ئەوانە دەنێرن کە لە دەرەوەن و ئەوانیش دەستبەجێ داخوازییەکەی خان جێبەجێ دەکەن. بەم جۆرە تەنیا ئەم کچانە خزمەتی خان دەکەن نەک کەسانی دیکە.

بەڵام ئەو کچانەی دیکە کە پلەی کەمتریان وەرگرتووە؛ ئەوا لەگەڵ هاوسەرەکانی دیکەی خاندا لە کۆشکێک ژیان بەسەر دەبەن. لەوێ فێری دوورمان و پەنجەوانەچنین و دەسترەنگینییەکانی دیکەیان دەکەن. گەر یەکێک لە خانەدانەکان نیازی هاوسەرگیری هەبێت و بەدوای هاوسەردا بگەڕێت، خانی گەورە بە کەلپەلێکی لە رادەبەدەرەوە یەکێک لەو کچانەی پێدەبەخشێت. و بەم جۆرە خان هەموویان بەڕێزەوە بە شوو دەدات.

کرابوو و دیوارێک لە قوڕ یان کەرپوچ دەوری هەریەکەیانی دابوو؛ دیوارێک کە بەرزییەکەی نزیکەی شەش مەتر دەبوو. چوارگۆشەکان بە شاری ئیمپراتۆریی، شاری تاتار و شاری دەرەکی ناسرابوون. هەریەک لە چوارگۆشەکانی شار هەشت دەروازەی هەبوو. دەروازەکانی شاری دەرەکی تاوەری پاسەوانی هەبوو و لەم دەروازانەوە ڕێگا و جادەگەلێکی بەرەو سەرانسەری ئیمپراتۆریی هەبوو. ژمارەی دانیشتوانی دەوروبەری شار لە ژمارەی دانیشتوانی ناو شارە سەرەکیەکە زیاتر بوو.

چوارگۆشەی دەرەکی شار، شوێنی بازرگانەکان، کاسبکاران و هاولاتییە ئاساییەکان بوو. شاری دەرەکی تەنانەت چەندین گەڕەکی بۆ نیشتەجێ بوونی ژنانی لەشفرۆش تێدا بوو؛ ئەو ژنانەی لەلایەن دەرباری قوبیلای قائان دادەمەزران تا لە خزمەتی ئەو سەرۆکانەی کە بۆ خانبالق دەهاتن، بن. چوارگۆشەی دواتر، واتە چوارگۆشەی نێوان چوارگۆشەی دەرەکی و ناوەکی، بە شاری تاتارەکان دەناسرا، چونکە شوێنی پاسەوانەکان، سەربازەکان و کارمەندانی خان بوو؛ ئەمانە لە شوێنە جیاجیاکانی ئیمپراتۆری کۆ کرابوونەوە. ناوەندی شار واتە چوارگۆشەی ناوەندی خانبالق، بە شاری ئیمپراتۆریی دەژماردرا و لەوێدا کۆشکی خان و خانوە تایبەتیەکانی وی تێدا بوو، و



بەشی ناوەندی خانبالق کۆشکی قوبیلای قائانی دەگرتەوە. لەم بەشەدا کەسوکاری پاشا نیشتەجێ بوون.

هەروەها خانوی بەرپرسانی تر: ژنە کاتییەکان(مارەی کاتی)، خواجەکان، خزمەتکارەکان و هەروەها بنەماڵەی پاشایەتیشی تێدا بوو.

لە دەرەکیترین بەشی شارەکەدا گشت چالاکیەکان بەهۆی (بورجی سەربازی کلێسا کە زەنگوڵەی تێدایە) ڕێکدەخرێت، ئەو زەنگەی کە قوبیلای قائان لە ناو باخی کۆشکەکەیدا دایمەزراندبوو و لە سەرەتای هەر شەوێکدا، سێ جار لێدەدرا و بە کۆتا هاتنی ڕۆژی رادەگەیاند. مارکۆ دەنوسێت: ((کاتێک کە زەنگەکە بە ژمارەیەکی دیاریکراو لێدەدا، ئیدی هیچ کەسێک نەیدەوێرا لە ماڵەکەی بێتە دەرەوە جگە لە چەند حاڵەتێکی بەپەلەی منداڵبوون یان نەخۆشی. ئەوانەی کە بەم شێوەیە لە بارودۆخێکی لەناکاودا دەهاتنە دەرەوە ناچار بوون چرا لەگەڵ خۆیاندا هەڵبگرن.))(٣٠) لەپاش لێدانی زەنگەکە لە شەودا هیچ کەسێک لە شاری دەرەکیدا مافی هەڵکردنی چرای لەناو ماڵەکەیدا نەبوو. ئەم یاسا و ڕێنماییانە دەبووە هۆی ئەوەی کە خەڵک بیر لە پیلاندانان و شۆڕش نەکەنەوە چونکە لە راستیدا ئەم یاسایانە، کۆبوونەوە نهێنییەکانی قەدەغە کردبوو. ئەم کەلووی زەنگە کە لە ساڵی ١٢٧٢دا بە فەرمانی قوبیلای قائان دروستکرا نمونەیەکە لەو نیشانانەی کە داگیرکاری مەغۆلەکان پیشان دەدات و هێشتاش لە شاری پەکیندا ماوە.



قوبیلای قائان وەها ڕێز و پێزانین و ستایشی بۆ پۆلۆکان دادەنا کە ئەوانی وەکوو فەرمانبەری دەوڵەت دامەزراند، لەم وێنەیەدا پۆلۆکان بۆ خۆی،بەهارات و شەراب باج دادەنێن.



قوبیلای قائان و پۆلۆکان بەزریقە و بریقەی زۆرەوە لە سەر پشتی فیل سەفەر دەکەن. ئەمە تەنیا نمونەیەکە لە ژیانی دەوڵەمەندانە و خۆشگوزەرانی کەسانی نزیک لە خانی گەورە.

حکومەتی مەغۆل باجی لە خەڵکی سەرانسەری ئیمپراتۆرییەکە وەردەگرت. خانەکان و ئەشرافەکان باج و سەرانەکانیان کۆ دەکردەوە و بۆ حکومەتی ناوەندییان دەنارد. حکومەتی ناوەندیش دراوەکانی کۆ دەکردەوە و لە بەرامبەردا پارەی کاغەزی بڵاو دەکردەوە؛ شێوازەێک کە مەغۆلەکان لە ئیمپراتۆرە روخاوەکەی چینەوە فێری ببوون. بڵاوکردنی پارەی کاغەز لەو سەردەمەدا هزرێکی نوێ بوو و هێشتا نەگەیشتبووە ئەوروپا، لەبەر ئەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر مارکۆ دانا. چاپ کردنی پارەی کاغەز هۆکارێک بوو بۆ فەرمانڕەوا کە سامانێکی زۆر کۆ بکاتەوە. لە کاتێکدا کە خەڵکی پارە کاغەزەکانیان لە جیاتی زێڕ ئاڵوگۆڕ دەکرد، فەرمانڕەوا ئەو زێڕانەی کە پێشان بۆ ئاڵوگۆڕکردن و بازرگانی کاری پێدەکرا لە خەزێنەدا کۆی دەکردەوە. مارکۆ سەبارەت بە یەکێ گرنگترین ئیمتیازەکانی پارەی کاغەز واینوسیوە: ((و من دەتوانم بڵێم کە کێشی هەموو ئەو پارە کاغەزانەی کە بەرامبەر دە لیرەی زێر بوو، لە کێشی یەک لیرەش کەمتر بوو.))(٣١)

مەغۆلەکان شێوەی بەڕێوەبردنی حکومەتی چینییەکانیان بەکار دەهێنا، بەڵام خودی چینییەکان مافی دامەزراندنیان لە ڕێکخراوە حکومییەکاندا نەبوو، چونکە ترسی دارشتنی پیلان و شۆڕشیان لێ هەبوو. تەنها ئەو چینییانەی کە مافیان هەبوو لە کۆشکی خان خزمەت بکەن خزمەتکارەکان و کەسانێک بوون کە لە هونەری نیگارکێشان و ئەستێرەناسی و پێشگۆیی(بەختزانی) بەتوانا بوون. لەبەر ئەوەی کە ئیمپراتۆری مەغۆل بۆ کاروباری بەڕێوەبردنی خۆی پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر کارمەند هەبوو، قوبیلای قائان بەردەوام بە دوای کەسانی خوێندەوار و بیانی وەکو پۆلۆکان بوو.

لەوانەیە پۆلۆکان تەنها ئەوروپیگەلێک بووبن کە لە دەرباری قوبیلای قائان دامەزرابوون. زۆربەی کارمەندانی دەوڵەت ئەو بیانیانە بوون کە لە ئاسیای ڕۆژئاواوە هاتبوون.

ئیمپراتۆری مەغوڵ بەسەر چەند خان نشینێکدا دابەش کرابوو، ژێر کۆمەڵەکانی هەر خان نشینێکیش لەژێر فەرمانی چەند خانێکی بچوکتردا بوو، لە هەمان کاتدا دوانزە بەرپرسی پلە بەرزی ئەشرافزادە لەسەر هەموو ئیمپراتۆریەکە چاودێریان دەکرد و بەرپرسی ٣٤ پارێزگای ئیمپراتۆریەکە بوون. هەریەک لە بەرپرسانی پایە بەرز کۆشکێکی تایبەت بە خۆیان هەبوو کە لە ناویدا دادوەرێک و چەند فەرمانبەرێک کاریان دەکرد. جگە لەمانەش دوازدە ئەفسەری پلە بەرزی دیکەش بەرپرسی سەرپەرشتیی سوپا بوون. پلەی کۆمەڵایەتی و فەرمی پۆلۆکان لە کۆشکی خاندا وەکو ئەم بەرپرسە پایە بەرزانە بوو و ئەوان هەموو تایبەتمەندییەکان هەبوو وەکو نان خواردن لەگەڵ خان و ئامادەبوون لە بۆنە فەرمییەکاندا.

لە ڕونکردنەوەکانی مارکۆ پۆلۆ دەتوانین ڕێوڕەسمی ئاهەنگگێڕان لە شوێنی نانخواردنی خان بهێنینە پێش چاو. هەواڵی هاتنی خانیان بە لێدانی کەڕەنایەکی زیوین بە میوانەکان ڕادەگەیاند. لە کاتی تێپەڕینی خان هەموو سەریان دادەنواند. هەر کاتێک خان جامی شەرابی بۆ خواردنەوە بەرز دەکردەوە، ژەنیارەکان پارچە مۆسیقایەکی شادییان لێدەدا و هەموو ئامادەبوان سەریان دادەنواند تاکو خان شەرابەکەی بخواتەوە. خزمەتکارەکان دەسماڵێکی ئاوریشمیان لەبەردەم دەم و لوتی خۆیان دەبەست تاکو هەناسەیان خۆراکەکان پیس نەکات. کاتێک کە خانی گەورە لە دەرباردا کۆبونەوەیەکی فەرمی هەبوایە یان بەرنامەی زەماوەندێک لە پێش بوایە، ئاهەنگەکە بە شێوەیەکی زۆر جوان و ڕێک ساز دەکرا. مارکۆ شێوەی دانیشتن کە ئاماژە بە هەبوونی جیاوازی چینایەتی لە دەرباری خاندا دەکات، بەم شێوەیەی خوارەوە ڕون دەکاتەوە:

قوبیلای قائان لەسەر تەختێک دادەنیشێت کە زۆر بەرزترە لە شوێنەکانی تری هۆڵەکە، بەم شێوەیە بۆ لای باشور دەڕوانێت. هاوسەری سەرەکی و گرنگی ئەو لەلای چەپی دادەنیشێت، کوڕەکانی بە پێی تەمەن لەلای راستەوە کە هەندێک نزمترە دادەنیشن.. . و پاش ئەوانیش نەوەکان و خزمەکانی بنەماڵەی ئیمپراتۆریەتەکە. شوێنی دانیشتنیان بە جۆرێک رێکخراوە کە کاتێک دانیشتن سەریان لەگەڵ قاچەکانی خانی گەورەدا لەیەک ئاستدان. لە پاش ئەوانیش ئەشرافزادەکانی تر دادەنیشن کە دیسان شوێنی دانیشتنیان کورتتر و نزمترە.. . شوێنی هەموو بووکەکانی خان {خێزانی کوڕەکان، نەوەکان و خزمە نزیکەکان} لەلای چەپی خان و نزمترە، و لە پاش ئەوانیش خێزانی پیاو ماقوڵان و یاریدەدەرەکانی خانن کە هەڵبەتە دیسانەوە شوێنیان نزمترە لەوانی تر. و هەموویان شوێنی دیاریکراوی خۆیان لە کاتی ئامادەبوونیان لە بەرامبەر ئیمپراتۆردا دەزانن. بەڵام وامەزانن کە هەموو میوانەکان لەسەر تەخت دادەنیشن؛ زۆربەی ئەفسەر و ئەشرافەکانی ئامادەبووی هۆڵەکە لەسەر مافور دادەنیشن و لە هەمان شوێنیش نان دەخۆن.(٣٢)

پاش جێبەجێ کردنی ئەم چەشنە ئاهەنگە، کەلوپەلی میوانداری و خۆشگوزەرانییان بۆ میوانەکان دابین دەکرد کە بریتی بوو لە پێشکەش کردنی چەند بەرنامەیەکی بەندبازی و تەڕدەستی(چاوبەستی). هەروەها میوانەکان دەیانتوانی لەناو باخەکانی خاندا پیاسە بکەن، لەوانەش پارکی دارستانی پێئی هایی کە لەناویدا جۆرێک گوڵی شینی خۆماڵی سەوزاییەکانی مەنغۆلیاییان پەروەردە کردبوو و مەغۆلەکان بە بینینی ئەم گوڵانە نیشتیمانی باو و باپیرانیان بەبیر دەهاتەوە.

لەو کاتەی کە قوبیلای قائان لە دەرباری خۆی خەریکی ئاهەنگگێڕان و خۆشگوزەرانی بوو، کەسانێک هەبوون کە ئەوها بەختەوەر نەبوون. ئەو کاتەی کە پۆلۆکان لە خانبالق بوون، سەرکردەیەکی چینیش لەوێدا دەژیا؛ سەرکردەیەک کە لەناو سیاچاڵدا بەند کرابوو تا نەوەکو لە دژی حوکمڕانیی مەغۆلەکان لە چیندا، شۆڕش و سەرهەڵدانێک رێک بخات. ئازار و خەفەتی سەرکردە لەبەر بەندکردنی و داگیرکردنی وڵاتەکەی لە لایەن بێگانەوە، جیاوازیەکی زۆر و بەئازار لە نێوان ژیانی داگیرکەران و دۆڕاوەکان دەردەخات:

سیاچاڵەکەم، بە روناکییەکی درۆیین واتە روناکی هیوام رون دەبێتەوە، هیچ بەهارێک شادی نابەخشێتە تەنیایی شێداری من. لە ناو نم و تەمومژدا دەپلکێمەوە و زۆر جار ئارەزوی مردنم کردوە، لەگەڵ ئەمەشدا لە ماوەی وەرزەکانی دوو ساڵی یەک لەدوای یەکدا، ئەو نەخۆشییانەی کە گرتم، کارساز نەبوون. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هیوا ئەم

شوێنە شێدارە خراپەی وەکو بەهەشت بۆ لێکردم. ئێستا شتێکم لە دەرووندایە کە بەدبەختی ناتوانێت لێم بفڕێنێت. بەم شێوەیە من جێگیر ماوم و دەمێنمەوە. سەیری هەورە سپییەکانی سەرسەرم دەکەم و لە ناخمدا خەمێکم هەیە بە ئەندازەی ئاسمانی گەورە.(٣٣)

چینییەکان کە زۆر رقیان لەوە دەبوەوە کە ژێردەستەی مەغۆلەکان بن، زۆر بێزار و تورە ببوون، کە سەربازانی خانیان لە شەقامەکاندا دەدیت دەستیان بە نارەزایی دەربرین دەکرد. قوبیلای قائان یەکەم بیانی بوو کە توانیبوی سەرانسەری چین داگیر بکات. کاتێک کە خانی گەورە پایەختی مەغۆلەکانی بۆ پەکین گواستەوە، ئیمپراتۆری بەدیل گیراوی چین و خێزانەکەی بۆ کۆشکێک گواستەوە و بڕیاریدا کە کەس ئازاریان نەدات. سیستەمی حکومەتیی چینی لەناو چووبوو و زۆربەی فەرمانبەرانی حکومیی خوێندەوار کە لە کاری ئیداری یان دەرباری لادرابون، چاوەڕوانی هەلێک بوون بۆ رووخاندنی مەغۆلەکان. کاتێک کە وێنەکێشان و ئەستێرەناسانی بەناوبانگی چینی بۆ خزمەتکردن بە خانی گەورە بانگهێشت کران، زۆربەیان رەتیان کردەوە و سزایان لە جیاتی سەردانواندن بۆ فەرمانەکانی خان هەڵبژارد.

مارکۆ دەبێتە نێردراوی خان

مارکۆ هەر زوو شارەزایی لە نوسینی ئەو چوار زمانەی کە قسەی پێ دەکرد پەیدا کرد، زمانەکانی مەغۆلی، تورکی، فارسی، عەرەبی.

پاش دوو ساڵ لە هاتنی مارکۆ بۆ دەرباری خان، واتە لە ساڵی ١٢٧٧دا، بە ئەندامی ئەنجوومەنی ئیمپراتۆری هەڵبژێردرا، و بەو پلەیەوە بۆ جێبەجێ کردنی زۆر لە کارە سیاسییەکان بۆ سەرانسەری ئیمپراتۆرییەکە رەوانە کرا. مارکۆ بەرامبەر بە وەفادارییەکەی بە خان، خۆراک، جل و بەرگ، شوێنی حەوانەوە و پارێزگاری لێکردنی بەدەست دەهێنا و جگە لەمانەش دیاری زۆر بەنرخی پێشکەش دەکرا. قوبیلای قائان لە هەڵبژاردنی مارکۆ وەکو نێردراوی خۆی خۆشحاڵ بوو؛ لە مارکۆ دڵنیا بوو کە لە راگەیاندنی کاروباری رۆژانەی ئیمپراتۆریەتەکەی درۆی لەگەڵدا ناکات، و هەروەها چێژی لە شێوازی گێڕانەوەی مارکۆ لەو شتانەی کە لە سەرانسەری ئیمپراتۆرییەکەدا بینیبوی و داب و نەریت و کلتوری ئەو خاکە وەردەگرت. خان کە دەیزانی مارکۆ لە بەوردی گێڕانەوەی داب و نەریت و کلتوری نەتەوەکان بەهرەی هەیە، ئەم گەنجە

ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنی تەرمی چینییەک

کاتێک کە مارکۆ پۆلۆ لە دەڤەری فوچایۆ لە چیندا دەژیا، ڕێوڕەسمێکی خۆجێیی بەخاک سپاردنی بینی و نووسییەوە. ئەم ڕێوڕەسمە لەگەڵ هەموو ئەو ڕێوڕەسمانەی لە بارەی ئەم شتە بینیبووی جیاوازیەکی یەکجار زۆری هەبوو. ئەم دەقە لە وەرگێڕانی ڕۆناڵد لاتام لە کتێبەکەی مارکۆ پۆلۆدا هاتووە:

تەرمەکە بۆ سووتاندن لە ماڵەوە بۆ جێگەی تەرخانکراو هەڵدەگیرێت، لە ڕێگادا خزمەکانی خانوویەکی دارینیان دروست کردووە، کوتاڵێکی ئاوریشم کە بە داوێکی زێڕ دوراوە بەسەریدا دراوە. لەگەڵ گەیشتن بەم خانوە، هەموو رادەوەستن، ئەوسا خاوەن ماتەمینەکان بڕێکی زۆر خۆراک و شەراب لە بەرامبەر مردووەکەدا دادەنێن. ئەم کارە دەکەن لەبەر ئەوەی باوەڕیان وایە کە بە هۆی ئەمە لە جیهانەکەی دیکە مردووەکە بە ڕێزێکی زۆرەوە وەردەگیرێت. کاتێک کە مردووەکە لە شوێنی سوتان نزیک دەبێتەوە، خزم و کەسەکانی بڕێکی زۆر وێنەی کاغەزینی ئەسپ و وشتر و پارە و پوول دەڕێژنە سەر لاشەکەی و ئەوانە لەگەڵ تەرمەکەدا دەسووتێنن. خەڵکی فوچایۆ باوەڕیان وایە کە لە جیهانی زیندوو بوونەوەدا، مردوو، بە بارستایی ئەو وێنانە دەبێتە خاوەن کۆیلە و چوارپێ و پارە و پوول.

ئەو کاتەی کە هێشتا لاشەکە لە ماڵدا نەهاتۆتە دەرەوە، بەم جۆرە چاویان لێی دەبێت: دارەبازێکی دارینی بۆ دروست دەکەن بە ئەستوورایی لەپی دەست کە بە وردی ڕەنگ کراوە، تەرمەکەی لەناو دادەنێن کە پێشتر بە کافور و داو و دەرمانی بۆن خۆش قانگ دراوە دوای ئەوە تەواوی درزوکونەکانی سندووریکە کە بە قسل و قیر دەگرن، بۆ ئەوەی بۆنی لێ نەیەتە دەرەوە. سەرنشینەکانی ماڵ مێزێک لە بەرامبەر دارەبازەکە دادەنێن و خواردن و خواردنەوەی لەسەر دادەنێن، گوایە کە ئەو زیندووە و خۆراک دەخوات؛ ئەم خۆراکە بۆ ماوەیەک لەسەر مێزەکەدا دەمێنێتەوە، ئەوان دەڵێن کە گیانی مردووەکە هەندێک لەو خۆراکە دەخوات.

ئەمە شێوەی پاراستنی تەرمەکە تا ئەو دەمەی هەڵی دەگرن و بۆ سووتاندن دەیبەن.. . هەموو ئەو کارانەی لەم ڕووەوە ئەنجام دەدەن نەوەک گیانی مردووەکان هەست بە ئازارێک بکەن.

ڤێنیسیاییەی بۆ جێبەجێ کردنی چەندەها کار بۆ سەرانسەری ئیمپراتۆری دەنارد – نەک نەتها لەبەر هۆکاری سیاسی، بەڵکو بە هۆی ئەوەی کە مارکۆ لە هاتنەوەیدا بە گێرانەوەی ئەو روداوە سەیر و سەمەرانەی کە بینی بووی یان بیستبوی، خانی دڵخۆش و سەرقاڵ دەکرد. قوبیلای قائان رقی لەو نێردراوانە دەبووەوە کە لە پاش گەڕانەوەیان لە شوێنە دوورەکانەوە هیچیان بۆ گێرانەوە پێ نەبوو، بەڵام مارکۆ بەردەوام خەریکی نوسینی ئەو شتانە بوو کە دەیبینی و هەندێ جاریش هەواڵی سەیری بە خان رادەگەیاند. ئەم نوسین و شتە دڵڕفێنانە، زانیارییەکی باش و بەسودی بە قوبیلای قائان دەدا. ئەو دەیویست بزانێت کە خەڵک چۆن دەژین، چ خوایەک دەپەرستن، چ جۆرە سەرگەرمی و یارییەکیان هەیە، و لەم شێوە زانیاریانە . لەم بارەیەوە مارکۆ لە کتێبی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان دەڵێت:

حەڤدە ساڵ لە دەرباری خانی گەورە کارم کردوە، و هەر کاتێک کە ئەرکێکی گەورە و کارێکی گرنگ دەهاتە پێش، بەردەوام بۆ جێبەجێ کردنیان رەوانەی هەرێمەکان یان ناوچە جیاوازەکان دەکرام، بە شێوەیەک کە بەرپرسە پلە بەرزەکان دەربار ئارەزوی ئەو شوێنەیان دەکرد. هەردەم پارێزگاریم لەم شێوەیە کردبوو: هەمیشە ئەوشتانەی دەمبینین یان دەمبیستن، جا چ باش یان خراپ،هەمووم دەنوسی و لە بیرمدا هەڵدەگرت تاکو لە کاتی پێویستدا پێشکەشی خانیان بکەم.(٣٤)

قوبیلای قائان، مارکۆی لە هەموو نێردراوانی تر لە پێشتر دادەنا، لە هاونشینی و قسەکردن لە گەڵ ئەودا زیاتر چێژی وەردەگرت تاکو لەگەڵ یاریدەدەرانی تری. جێی سەرسوڕمان نەبوو کە زۆرلە یاریدەدەرەکانی خان بەرامبەر بەو هەموو گرنگیدانەی خان بە مارکۆ، هەستی ئێرەییان هەبوو. خان بە چاوێکی پڕ لە متمانەوە سەیری مارکۆی خەبەرهێنەر دەکرد و رێزی لە بیروڕای پۆلۆ پیرەکان {باوک و مامی} دەگرت و بە پێی رێکەوت و رووداو لەبارەی کاروباری سەربازیشەوە پرسی پێ دەکردن. لە کتێبەکەی مارکۆدا ئاماژە بەوە کراوە کە کاتێک خان لەبارەی تەکنەلۆژیای چەکی ئەوروپی لە برایانی پۆلۆی پرسی، نیکۆلۆ و مافیۆ مەنجەنیقێکیان لەسەر شێوەی مەنجەنیقە ئەوروپییەکان دروستکرد، کە توانای هاوێشتنی ١٥٠ کیلۆگرام بەردی بەسەر دوژمندا هەبوو.

جێبەجێ کردنی بەر فەرمانیگەلێک بۆ خان

قوبیلای قائان مارکۆی رەوانەی چەندەها گەشتی بۆ سەرانسەری ئیمپراتۆری کرد

و ماکۆش لەم گەشتانەدا هەرگیز بە دەستی بەتاڵ نەهاتەوە و خانی بێهیوا نەکرد. کتێبەکەی مارکۆ ئەوە دەردەخات کە ئەو بینەر و لێکۆڵەرێکی ورد لە بوارەکانی فۆلکلۆر و وردەکارییەکانی کلتور و مرۆڤناسی بووە. مارکۆ لە یەکەمین ئەرکی (بەرفەرمانی) خۆی رەوانەی سنورەکانی تەببەت و هەرێمی یۆنان ١-Yunnan کرا، خاڵێکی دوورەدەست کە رژێمی حکومەتیی مەغۆل لە بەڕێوەبردنی ئەم شوێنە توشی گرفتگەلێک ببوو. پاوەڕوانی ئەوە لە مارکۆ دەکرا کە تاوتوویێی بارودۆخی ئەوێ بکات و بە خان رایگەیێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا خان چاوەڕێی ئەوە بوو کە مارکۆ شێوەی ژیانی ئەو خەڵکانەشی بۆ شی بکاتەوە.

مارکۆپۆلۆ لە کاتی رۆییشتنی بۆ راسپێردراوییەک(ئەرکێک) بۆ خان. قوبیلای قائان دەیزانی کە مارکۆ پاش گەڕانەوە زانیاریگەلێکی تەواو و ورد و خۆش لە خەڵک و دابونەریتیان بۆیدەهێنێ.

کاتێک کە مارکۆ دەستی بە گەشتەکەی بۆ تەببەت کردبوو لەبارەی داب و نەریتی هاوسەرگیری شتگەلێکی دۆزییەوە کە لەگەڵ ئەوەی پێشتر دەیزانی جیاوازی تەواوی هەبوو. لە کاتێکدا لە ئەوروپا پەردەی کچێنی بۆ بووک زەرووری بوو، لە شوێنێک لە تەببەت بەڕێزترین و خۆشەویسترینی ژنان ئەوانە بوون کە زۆرترین کاری سێکسییان ئەنجام دابێت. لەراستیدا لەو لادێیانە دایکان کچانی خۆیان دەدایە دەست رێبوارانی نێر، لە بەرامبەردا بچاوەڕوانی ئەوە بوون کە ئەم پیاوانە دیارییەک بە کچەکان بدەن کە دەربخات لەگەڵ ئەو کچە

دوای گەشتیان بۆ هیند، پۆلۆکان چەند دیارییەک پێدکەش بە خان دەکەن.

نوستوونە. ئەو دیارییانەی کە لەلایەن ئەو پیاوانەوە دەدرا لەسەر ملوانکەیەک دادەنرا. مارکۆ لەم بارەیەوە وای نووسیوە: ((ئەو ژنەی کە خاوەنی زۆرترین دیاری بێت، بە بەڕێزترین و خۆشەویستترین هاوسەر دەژمێردرێت، چونکە خەڵکانی تر دەڵێن کە خواکان زۆرترین بایەخیان پێداوە.))(٣٥)

ئەو کاتەی کە مارکۆ لە یۆنان بوو، بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا چاوی بە تیمساح کەوت. ئەو ئەم گیاندارەی بە ((ئاژەڵی دڕندە)) ناو برد و بە شێوەی خوارەوە بۆ خان وەسفی کرددەکات:

درێژی هەندێکیان دەگاتە دە هەنگاو. ئەستوری پێستیان بە ئەندازەی تەختە دارێکی ئەستورە، تیرەی جەستەیان دەگاتە دە بست.. . دوو قاچی پان لە پێشەوە، نزیک سەریان، هەیە، بەڵام تەنها سێ پەنجەیان هەیە، دوو دانەی بچووک ویەکێکی گەورەی وەکو پەنجی شێر یان هەڵۆ. سەر و چاوی زۆر گەورە و تۆقێنەریان هەیە؛ کە بەرجەستە و گەورەیە بە ئەندازەی کەلەمێک. دەمیان ئەوەندە گەورەیە کە دەتوانن بە جارێک مرۆڤێک قووت بدون. ددانەکانیان گەورە و ترسناکە.

لە گەشتێکی تری بۆ خانی گەورە، مارکۆ رەوانەی وڵاتی بێرمە کرا، شوێنێک کە رێک

وێنەیەکە لەوەی مارکۆ لەبارەی راوی مرواری لە کەنارە باشوورییەکانی هیند وەسفی کردووە. هیند تەنها یەکێ لەو ناوچە زۆرانە بوو کە ئەو لە کاتی گەشتەکانیدا بۆ خان بۆ بینینی رۆییشت.

کەوتوەتە رۆژهەلاتی هیندەوە. لەوێ خەلکانێکی بینی کە نەریتی خالکوتانیان هەبوو: ((هەموو خەلک لە ژن و لە پیاو.. . لەسەر پێستی لەشیان وێنەی شێر و ئەژدیها و بالندەکان و زۆر شتی تریان دەکێشا، شێوەی دروستکردنی بە دەرزیە کە لەسەر پێست دەیکوتن و ئیدی ئەم وێنەیە ناسرِدرێتەوە.))(٣٧) لە هەمان کاتدا مارکۆ بینی کە خاڵ بە هێمایەکی گرنگیی کۆمەلایەتی و هەروەها بە راکێشانی هێزی سێکسیش دایدەنێن.، بەلام لە درێژەی قسەکانیدا دەلێت کە لە کاتی جێبەجێ کردنی کاری خالکوتان ((ئەو کەسە ئازارێک بە ئەندازەی ئازاری رۆیشتن بۆ دۆزەخی دەچێژێت و تاقی دەکاتەوە.))

ژن یا پیاوە دیاریکراوەکەیان دەبەستەوە و پاشان ژمارەیەک دەرزیان، بۆ نمونە پێنج دانەیان، بە جارێک لە پێستیان دەکوتی، و پاشان رەنگیان لەسەر برینە دروستبووەکە دەدا.

مارکۆ وەسفە پەیوەستەکان بە ژیانی شوێنە جیاوازەکانی ئیمپراتۆریی مەغۆل کۆ دەکردەوە و پێشکەش بە خانی دەکرد؛ لە کۆتاییدا ئەم باسانەی لە کتێبی خۆی بڵاو کردەوە. نووسینەکانی مارکۆ زانیاری زۆر گرنگی لە بواری مرۆڤناسی و رەگەزناسی نوێی خستە بەر دەست ئەو پسپۆرانەی کە حەز دەکەن لەبارەی داب و نەریتی خەڵکی ئەم شوێنانە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بزانن. لیۆناردۆ ئۆلشکی، ١- Leonardo Olschki مێژونووس، لە شرۆڤە کردنی کتێبی مارکۆ وتویەتی: ((کۆمەڵەیەکی فراوانی زانیاری، بینین و بیرەوەرییەکانی گەشتەکەی مارکۆ، بووە هۆی دۆزینەوەی جیهانێک، کە یان تا ئەو کاتە بە شێوەیەکی رەها نامۆ و نەناسراو بوو یان لە ماوەی سەدە یەک لەدوای یەکەکان بە هۆی ئەفسانە کلاسیکییەکانەوە شوێندرابوو.(٣٨)

زانیاریگەلێک دەربارەی مێژووی ئاسیا، پزیشکی، ئاژەڵ و رووەکەکان، و فۆلکلۆر کە هەرگیز خەڵکی ئەوروپای سەردەمی مارکۆ توانای بەدەست هێنانی نەبوو، بە هۆی توێژینەوە نافەرمییەکانی مارکۆوە، بە هەموان ناساندرا.

سەرەڕای ئەو گەشتە زۆرانەی کە بۆ خان ئەنجامی دەدا، مارکۆ، باوک و مامی {کە هەندێک جار لەگەڵیدا دەڕۆیشتن} بەرەبەرە بیریان لە ڤێنیسیا شارە دوورەدەستەکەیان و چۆنییەتی گەڕانەوەیان بۆ ئەوێ، دەکردەوە. پۆلۆکان زۆر زیرەک بوون و دەرکیان بەوە دەکرد کە بە چەندی قوبیلای قائان پیرتر دەبێت، ئەوەندەش شانسی ئەوان بۆ بەجێهێشتنی ئیمپراتۆرییەکە بە سەلامەتی و پارێزراوی، کەمتر دەبێتەوە، چونکە لە دوای مردنی هەر فەرمانڕەوایەک گەشت کردن دژوار دەبێت. پۆلۆکان هەڤدە ساڵ لە لای قوبیلای قائان بوون و نەیاندەتوانی بیر لە گەڕانەوەی کۆتایی خۆیان نەکەنەوە.

بەشی پێنجەم

(هەڵاتن لە خانبالق)

بێزاری
لە گەشتە دوور و درێژەکەی،
بەرەو دەریا
روبار هێواش و خەمناک
بەرەو پێشەوە دەڕوات.
قازی کێوی و تەنیا
لە ژێر روناکی مانگ دەقیژێنێت،
و شەو
لە ژێر سەرما و سەهۆڵدا دەلەرزێت و تای لێهاتوە.

ئەگەر دە ساڵی تاقەتبڕ
لە وڵاتێکی دوور،
ئاوارە بوویت
بۆ هەواڵ وەرگرتن
لە وڵاتە دورەدەستەکەت،
پەلە مەکە.
((وانگ تسۆ))(٣٩)

پۆلۆکان لە ماوەی هەڤدە ساڵ مانەوەیان لە لای قوبیلای قائان، زۆربەی کات بیریان لەلای ماڵ و خێزانەکەیان بوو کە لە ڤێنیسیا بوون. بەڵام لە ساڵی ١٢٩٠ی زایینیدا کێشەی گەڕانەوەیان بایەخی زیاتری پەیدا کرد، چونکە پۆلۆکان لەوە دەترسان کە ئەگەر لەوێ نەڕۆن، چیتر ئەم بوارەیان بۆ نارەخسێت. قوبیلای قائانی حەفتا و پێنج ساڵان کە هەر ساڵەو بێهێزتر لە ساڵی پیشووتر دەبوو و ئیمپراتۆرییەکەشی بەرەو سستی و لەناوچوون دەڕۆیشت، ئیتر نەیدەتوانی وەکو پێشان کۆنترۆڵی بەسەر هەموو

شتێکدا هەبێت. لەژێر چاودێری و بەڕێوەبردنی خان، پۆلۆکان سامانێکی باشیان کۆ کردبوەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ژمارەیەک دوژمنیان بۆ پەیدا ببوو کە ئیرەییان بە خۆشویستن و بایەخپێدانی خان بە پۆلۆکان دەبرد. ئەگەر لە کاتی مردنی خان هەر لەناو سنووری ئیمپراتۆرییەکە بمابانەوە، ئیدی کەسێکی تر برگرییانی لێ نەدەکرد و نەک تەنها سامانەکەیان بەڵکو ژیانیشیان دەکەوتە ژێر مەترسییەوە. پۆلۆکان ترسی ئەوەیان هەبوو کە بە مردنی خان، یاسا و رێساکانی ناو ئیمپراتۆرییەکەش لەناو بچن. رەنگ بوو هەواڵی مردنی خان وەکو بلێسەیەک ببێتە هۆی هەڵبوونی ئاگری ئاژاوە و ئەو کات گەشت کردن لە رێگا بازرگانییەکان و سەلامەت دەرچوونیان ئاستەم بوو.

پۆلۆ بەئەزموونەکان دەیانزانی کە ماوەی نێوان مردنی پاشایەک و جێگیربوونی دەسەڵاتێکی نوێ، قۆناغێکی لەرزۆکە و لەو ماوەیەدا چاوەڕوانی هەر روداوێک دەکرێت. ئەگەر چینییەکان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات شۆڕشیان کردبا، بێگومان گشت هاوپەیمانانی مەغۆلەکان دەکوژران. ئەگەر تاقمێکی رکەبەر لە دەرباری خاندا هەوڵی ئەوەی بدابایە کە کەسێک بهێنێتە سەر دەسەڵات، دیسان ئەو روداوە رودەدا. لە ساڵی ١٣٤٠دا رێنیشاندەرێک بۆ ئارەزوومەندانی گەشت کردن بۆ چین، لە بارەی دەرئەنجامەکانی مردنی فەرمانڕەوایەک قسەی کردبوو:

کاتێک کە فەرمانڕەوا دەمرێت، تا ئەو کاتەی کە کەسێکی تر بە فەرمی دەبێتە فەرمانڕەوا، سەردەمێک دێتە پێش کە لەوانەیە بەرامبەر بە بیانییەکان {ئەوروپییەکان} هەڵسوکەوتێکی نەشیاو بکرێت.. . و رێگاکان تا ئەو کاتەی فەرمانڕەوای نوێ بە شێوەیەکی فەرمی لە شوێنی فەرمانڕەوای مردوو، بە فەرمی هەڵنەبژێردراوە، مەترسیدارن.(٤٠)

پۆلۆکان چەند جار داوای مۆڵەتیان لە خان کرد، بەڵام خان هەموو جار ئەم داوایانەی رەت دەکردەوە، ((ئەو ئەوەندە شەیدای پۆلۆکان بوو و چێژی لە هاونشینی ئەوان وەردەگرت کە هیچ شتێک نەیدەتوانی وای لێبکات تا مۆڵەتیان پێ بدات.))(٤١)قوبیلای قائان زۆر خووی بە پۆلۆکان گرتبوو. لە شوێنێکی تردا نیکۆلۆ هەوڵیدا خان رازی بکات کە مۆڵەتی گەڕانەوەیان پێ بدات:

رۆژێک کە نیکۆلۆ بینی خانی گەورە زۆر بەکەیف و شادە، هەلەکەی قۆستەوە، لە بەرامبەریدا کڕنۆشی برد و بەناوی هەرسێکیان {پۆلۆکان} داوای کرد کە مۆڵەتی رۆیشتنیان پێبدات. بە بیستنی ئەم داوایە، نائارامی خانی گرتەوە. و دەستی کرد بە قسە کردن لەگەڵی و لێی پرسی کە هۆی ئەم داوایە چییە و بۆچی ئەم گەشتە دوور و

درێژە دەگرنەبەر کە رەنگە زۆر بە ئاسانی لە رێگا بکوژرێن. ئەگەر بۆ بەدەستهێنانی سامان یان شتێکی ترە، ئەو دەتوانێت پڕ بە دڵ دوو ئەوەندەی ئەوەی کە لە وڵاتەکەیاندا هەیانە پێیان دەدات، وەکو بارینی باران ئەو رێز و شانازییەی کە ئارەزویانە، بەسەریاندا دەرژێنێت. خان بەهۆی ئەو خۆشەویستییە فراوانەی کە بەرامبەر ئەوان هەیبوو، داواکاری گەڕانەوەیانی رەت کردەوە.(٤٢)

هەلێک بۆ هەڵاتن

بەو رادە بەرزەی دان بەخۆگرتنەی کە لەئەنجامی گەشتکردنی ساڵەهای ساڵیان لە ئاسیا و ئەزموونی دواکەوتنە فراوانەکان بە هۆی جەنگ یان کەش و هەوای نابارەوە، پۆلۆکان چاوەڕێی هەلێکی گونجاو بوون کە ئیمپراتۆرییەتەکە جێ بهێڵن. بە هاتنی سێ بالوێز لە دەرباری ئەرغوون خان لە ساڵی ١٢٩٢دا ئەم هەلەیان بۆ رەخسا. ئەرغون فەرمانڕەوای ئێران بوو و نێردراوانی لەو بەروارەی کە گوترا هاتن بۆ خانبالق. بۆلاگان، ١-Bulagan خێزانی خانی ئێران، مردبوو و وەسیەتی کردبوو کە لە پاش ئەو، پیاوەکەی خێزانێک لە بنەماڵەی ئەو بهێنێت. لەبەر ئەوە ئەرغون خان نێردراوانی رەوانەی دەرباری قوبیلای قائان کردبوو و داوای لێ کردبوو کە ژنێک لە بنەماڵەی ژنە پێشووەکەی بۆ هەڵبژێرێت. قوبیلای قائان کە خۆی مامە گەورەی ئەرغوون بوو کچێکی جوانی تەمەن هەڤدە ساڵانی بە ناوی کۆکاچین ٢- Kokachin بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ ئەرغون دەستنیشان کرد.

بالوێزانی ئێرانی لەگەڵ کۆکاچین و خزمەتکارەکانی کەوتنە رێ بەڵام هەر زوو بەناچاری

وێنەیەک لە مارکۆپۆلۆ لە قۆناغی ساڵمەندیدا، پۆلۆ هەڤدەساڵی لە تەمەنی خۆی لە خانبالق بردە سەر.

قوبیلای قائان سەرسەختانە داوای پۆلۆکانی بۆ بۆ جێهێشتنی ئیمپراتۆریەتی مەغۆل ڕەتکردەوە.

گەڕانەوە بۆ خانبالق، چونکە ڕێگای گەشتی کاروانەکان بە هۆی شەڕی خێڵەکی داخرابوو. نێردراوانی ئێرانی بیریان لەوە کردەوە کە تا کردنەوەی ڕێگا دان بە خۆیاندا نەگرن و گەشتەکەیان لە ڕێگای دەریاوە دەست پێبکەن. هێشتا کۆکاچین و هاوڕێیانی لە خانبالق بوون کە مارکۆ پۆلۆ بە چەندەها چیرۆکی نوێوە لە هیند گەڕایەوە. سێ نێردراوی ئێرانی سەریان سوڕما لەو هەموو زانیارییانەی مارکۆ دەربارەی ڕێگا دەریاییەکانی کە بەرەو ئێران دەچێت و پێی سەرسام بوون. پۆلۆکان کە وەکو بلیتێک بۆ گەڕانەوەیان بۆ ڤینیسیا سەیری ئەو بارودۆخەیان دەکرد، خێرا پێشنیازیان بە خان کرد کە لەگەڵ نێردراوانی ئەرغون خان و شازادە خانم کۆکاچین لەم گەشتە دەریاییەدا هاوڕێیەتییان بکەن.

بۆ ئەوەی قوبیلای قائان بە مۆڵەت دان ڕازی بکەن، ئاماژەیان بەوە کرد کە بوونی ئەوان لەم گەشتەدا بە ئەرغون خان وارادەگەیەنێت کە تا چ ئەندازەیەک جێگای ڕێزی ئیمپراتۆری مەغوڵە. پۆلۆکان بەو زانیارییانەی سەبارەت بە دەریاوانی لە ئاوەکانی دەریای باکووری ڕۆژهەڵات هەیانبوو، سەلامەتی وەفدی نێردراویان دەستەبەر دەکرد. نێردراوانی ئێرانیش داوایان لە قوبیلای قائان کرد کە لەو گەشتەدا پۆلۆکان لەگەڵیاندا بچن. قوبیلای قائان ئەم مۆڵەتدانەی پێ خۆش نەبوو، بەڵام لەوانەیە لەبەر ئەوەی کە نەیدەویست خانی ئێران کە فەرمانڕەوایەکی بەهێز بوو لێی تورە ببێت، ڕەزامەندی لەسەر گەشتەکەیان دەربڕی.

(ئامادەبوون بۆ گەشتی دەریایی)

پۆلۆکان خۆیان بۆ گەشت بەرەو ولاتیان ئامادە کرد و ئەو سامانەی کە لە ماوەی هەڤدە ساڵ نیشتەجێ بوونیان لە خانبالق کۆیان کردبۆوە، بە کەلوپەلی بچووک و بەنرخ گۆڕیانەوە: خشڵ، بەهارات، بۆن، بخوور(سووتەمەنی بۆنخۆش) و قوماش. پۆلۆکان بۆ خۆپاراستن زێڕ و خشڵەکانیان لە نێوان بەری زەخەرە و ناو جلەکانیاندا دوری؛ ئەم کارەیان ئەوانی لەبەرامبەر هێرشی ڕێگرە دەریاییەکان و دزەکان دەپاراست. ئەگەری دیکەی ئەوەیە کە پۆلۆکان بە هۆی قەدەغە بوونی ناردنی زێڕ و خشڵ بۆ دەرەوە ئەم کارەیان کردبێت.

لە میانەی ئەو بارودۆخەدا قوبیلای قائان، کۆمەڵە کەشتیەک کە بریتی بوو لە چواردە کەشتی بۆ گەشتیاران دابین کرد، هەر کەشتییەک چوار ئەستوندە و دوازدە چارۆگە(بایەوان)ی هەبوو. سێ نێردراو، شازادە کاکۆچین و هاوڕێیانی، پۆلۆکان، کرێکارانی کەشتی و مەلەوانەکان و خزمەتکارەکان سواری ئەم کەشتییانە بوون. ئەم وەڤدە ڕەوانەکراوە لە هەمان کاتدا کچی پاشای مانزی١-Manzi شیان لەگەڵ بوو، قوبیلای قائان بۆ خۆشحاڵکردنی ئەرغون خان، فەرمانڕەوای ئێران، ناردبووی.

بەپێی نووسینەکانی مارکۆ، چوار لەم کەشتیانە دوو سەد و پەنجا کرێکار و مەلەوانی تێدا بوو. لەناو ئەم کەشتییانەدا ئەوەندە کەلوپەلی گەشت و خۆراکی وشک عەمبار کرابوو، کە بۆ ماوەی دوو ساڵ بژێوی و ئازووقەی گەشتیارەکانی دابین دەکرد. کەشتییەکان لە داری سنەوبەر و بەڕوو(کاج) دروستکرابوون و بە پێی وەسفەکانی مارکۆ لە پیشەسازی کەشتیسازیدا لە یەکەمین کەشتییەکانی دژەئاو بوون؛ ئەو داهێنانەی کە ئەورووپییەکان تا ماوەیەکی زۆر پاش ئەوە، لێی بێئاگا بوون:

ژمارەیەک لەم کەشتیيانە، واتە گەورەکان، سێزدە پارچە و دیواریان هەیە کە لە تەختە دروست کراون و تێک هەڵدەکێشرێن. ئەم پێکهاتەیە لەو ڕووەوە بەسوودە کە کاتێک کەشتییەکە بەهۆی بەرکەوتنی لەگەڵ بەردێکی گەورەدا زیانی لێکەوت، یان بەهۆی هێرشی نەهەنگێکی برسی - کە ئەم گرفتانە چاوەڕوانکراوە – زەرەرمەند بوو و تووشی شکان بوو، هەموو بەشەکان لە کار ناکەون. ئەگەر لەکاتی جوڵەی کەشتی لە شەواندا ئاوی دەریا بەهۆی ئەم جوڵەیەوە دەگۆڕێت بۆ کەف، نەهەنگێکی لێ نزیک بێتەوە - بە هەڵە وادەزانێت کە خۆراکە و بە خێراییەکی زۆر بۆ لای کەشتییەکە دێت و خۆی بەتوندی بە کەشتییەکەدا

چەند چیرۆکێک لە دوورگەی مرۆڤ خۆرەکاندا

کە پۆلۆکان بە رەزامەندی شازادە خاتوو کۆکاچین بەرەو ئێران دەچوون، ناچار بوون پێنج مانگ لە سوماترا بمێننەوە تا ئاو و هەوا بۆ گەشت کردن لەباربێت. لە وەرگێڕانەکەی رۆناڵد لاتامی کتێبی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان ئاماژە بەوە کراوە کە بەشێک لە خەڵکی ئەم دوورگەیە خووی مرۆڤخۆرییان هەبووە:

رەچاوی ئەوە بکەن کە ئەو کاتەی یەکێکیان، ژن یا پیاو، نەخۆش دەبێت بەدوای جادوگەری خێڵەکەدا دەنێرن و لێی دەپرسن کە ئاخۆ نەخۆشەکە چاک دەبێتەوە یان نا. ئەم جادوگەرانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە رێگەی ئەفسوونگەرییەوە، بە پەنابردنەبەر بتەکان و هونەرە ئەهریمەنییەکانەوە تێدەگەن کە نەخۆشەکە چاک دەبێتەوە یان دەمرێت. نابێت وا تێبگەن کە من دەڵێم (هونەرە ئەهریمەنییەکان) ئەوان خۆیان وا دەڵێن. ئەوان زانستی خۆیان دەدەنە پاڵ توانای خواکان و بە هۆی نێوانکارێک لەگەڵی توانای پەیوەندیکردن بەدەست دێنن. ئەگەر ئەوان بڵێن کە نەخۆشەکە دەمرێت، ئەو کاتە خزمەکانی بە دوای کەسانێکی دیاریکراودا دەنێرن کە شارەزای کوشتنی ئەم نەخۆشانەن. ئەم پیاوانە دێن و نەخۆشەکە توند دەگرن، پاشان شتێک دەخەنە ناو دەمی تا بخنکێت. کاتێک کە مرد، دەیکوڵێنن. ئینجا هەموو خزمەکانی دێن و بە تەواوی دەیخۆن.

دڵنیاتان دەکەمەوە کە تەنانەت مەژگی ناو ئێسقانەکەشی دەخۆن. ئەم کارە بۆ ئەوە دەکەن کە نایانەوێت یەک پێکی لێ بمێنێتەوە، ئەوان دەڵێن ئەگەر پشکێک لە لەشی بمێنێتەوە ئەوا کرمی لێ پەیدا دەبێت، کرمیش دەشێ لەبەر نەگەیشتنی خۆراک بمرێت و بە مردنی ئەم کرمانە گیانی مردووەکە نارەحەت دەبێت، لەبەر ئەوەی کە گوناهی کردووە ئازار دەچێژێت، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر گیان پەیدا دەبێت و لەبەر بێ خۆراکی دەمرن. هەر لەبەر ئەم هۆیە بە تەواوی دەیخۆن. دوای خواردنی، ئێسقانەکانی لەناو خۆرجینێکی جوان دادەنێن. ئەم خۆرجینە دەبەنە چیا و لە ئەشکەوتێکی گەورەدا لە شوێنێک هەڵیدەواسن کە هیچ گیاندارێکی کێوی یاخود گیانە ئەهریمەنییەکان نەتوانن پێی بگەن.

دەدات – و کەشتییەکە لە شوێنێکەوە کون بکات، لەم کاتانەدا لەو درزەەوە ئاو بۆ ناو کەشتییەکە دزە دەکات و دەڕژێتە سەر تەختەبانی کەشتییەکە. کەشتیوانەکان خێرا شوێنی درزەکە دەدۆزنەوە و کەلوپەلەکان لە شوێنی زیانپێکەوتوو بۆ جێگا ساغەکان دەگوازنەوە، ئەم دیوارە دارانە بە ئەندازەیەک توند و تۆڵە کە ئاو بۆ بەشەکانی ناوەوەی ناچێت. پاش ئەوە بەشە زیانپێکەوتوەکە چاک دەکەنەوە و کەلوپەلەکان دووبارە بۆ شوێنی خۆیان دەگوازنەوە.

هەر بەرلەوەی کە پۆلۆکان دەربار(کۆشکی پاشایەتی) جێ بهێڵن، قوبیلای قائان بانگی کردوون و دوو لەوحەی زێڕینی پێدان تا



ئەرغۆن خان لە باخچەی خۆی لە ئێران کاتێک کە بڕیار درا کۆکاچین وەکوو بووکی(هاوسەری) ئەرغۆن بچێتە ئێران، پۆلۆکانیش پێشنیازیان کرد کە لە گەڵی بڕۆنە ئێران.



قوبیلای قائان چەند کەشتییەکی جەنگی کە بریتی بوون لە چواردە کەشتی بۆ گەشتی پۆلۆکان بەرەو نیشتیمانی ئەرغۆن خان ئامادەکرد. ئەو وەسفەی کە مارکۆ بۆ ئەم کەشتیانە دەکات ئەوە دەردەخات کە ئەم کەشتیانە یەکەم هۆدەکانی دژەئاویان لە پیشەسازی کەشتی سازیدا هەبووە.



بەر لە گەشتی پۆلۆکان، قوبیلای قائان چەند لەوحەیەکی زێڕینی تایبەتیان پێدەدات تاکوو سەلامەتی گەشتەکەیان لە ئیمپراتوریەتی مەغوڵ دا گەرەنتی بکات.

سەلامەتی گەشتەکەیان لەناو ئیمپراتورییەکەی دەستەبەر بکات. لە هەمان کاتدا لەرێگەی پۆلۆکانەوە چەندین نامەی بۆ پاپا و پاشاکانی فەرەنسا و ئیسپانیا و بەریتانیا و فەرمانڕەوایانی تری مەسیحی نارد. پۆلۆکان جارێکی تر ئەرکیان پێ سپێردرابوو تا وەکو نێردراوانی خان بۆ لای سەرۆکی دەوڵەتە بیانییەکان بڕۆن.

پۆلۆکان خانبالق جێ دەهێڵن

لە ساڵی ١٢٩٢دا پۆلۆکان و هاورێکانیان لە چوان - چۆ ١- Chuan-Ghou کە دەکەوێتە کەنارەکانی چینی باشوور، بە کەشتی بەڕێ کەوتن. بۆ ماوەی سێ مانگ بە کەشتی لە رۆیشتندا بوون، لە باشووریترین خاڵی سەنغافورە تێپەڕین، لە رێگەی گەرۆی مالاکا بۆ سوماترا چوون و بەپێی نوسینەکانی مارکۆ لە هەمان شوێندا دابەزین (لەو سەردەمە ناوی تەواوی دوورگەکە سوماترا نەبوو). لەوێدا، بۆ ماوەی پێنج مانگ لەناو قەڵایەک چاوەڕێ بوون تا کەش و هەواکە لەبار بوو و توانییان گەشتەکەیان بەردەوام بن لە - پێدەچێت تاکو تەواوبوونی وەرزی باران لە باشووری ئاسیای رۆژهەڵات. ئەوان لە قەڵاکەدا نیشتەجێ بوون تا خۆیان لە خەڵکی خۆجێی ئەو شوێنە بپارێزن، کە دەوترا مرۆڤخۆرن؛ بەڵام بەرەبەرە دەردەکەوێت کە خەڵکی ناوچەکە خەڵکێکی بێئازارن. پۆلۆکان لەگەڵ ئەم خەڵکە بازرگانییان بە برنج و شەراب و خورما کرد.

مارکۆ چەند بابەتی سەبارەت بە چەندەها جۆر گیانەوەر لە سوماترا کە تا ئەو کات نەیبینیبوو یان نەیبیستبوو، نووسی. ئەو سەبارەت بە مەیموونی ئورانگوتان {کە تەنها

وێنەیەکی خەیاڵی نیشان دەدات کە لە کاتی ڕۆیشتنی پۆلۆکان بەرەو نیشتیمان، دەریاوانێک ماڵئاوایان لێدەکات.

لە دوورگەکانی سوماترا و برۆنۆئی دەبینرێن} تووشی هەڵە هات و وای زانی کە مرۆڤن: ((دڵنیاتان دەکەمەوە کە لەو سەرزەمینەدا جۆرە مرۆڤێک هەیە کە کلکیان هەیە، هێندەی بستێکی تەواو. زۆر جار لەشیان بەموو نییە. ئەستوری کلکیان وەکو کلکی سەگە. بەڵام ئەمە تەنها سەبارەت بە خەڵکی چیاکانە نەک ئەوانەی کە لە شار دەژین.)) (٤٤) هەڵەی مارکۆ ئەوە دەردەخات کە خەڵکانێک کە خاوەنی کلتوری جیاوازن چ ئاسان لە تێگەیشتنیان بەرامبەر بە یەکتر تووشی هەڵە دەبن.

هەروەها مارکۆ لە سوماترا کەرگەدەنی بینی و وای زانی ئەوە جۆرێک لە (ئەسپێکی ئەفسانەیی) تاک قۆچ بن، هەرچەندە دانی بەوە نا کە ئەو کەرگەدەنانە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەی کە ئەوروپاییەکان لە تاک قۆچەکان گوتوویانە، یەک ناگرێتەوە.

کاتێک کە هەوای شیاو هەڵی کرد، سوماترایان بەجێ هێشت و بەرەو کەنارەکانی باکووریی دوورگەی سیلان بەڕێ کەوتن (سیلان ئێستا بە ناوی سریلانکا دەناسرێت). مارکۆ لە سیلاندا یاقووتێکی زۆر گەورەی دیت کە تا ئەو کات هاوشێوەی نەبینیبوو:

گیان بەرزترە لە ماددە؛ جۆکییەکانی هیندی

پۆلۆکان لە کەنارەکانی مالاباری هیندا پیاوە پیرۆزەکانی هیندییان بینی؛ ئەو پیاوانەی کە رۆژوویان دەگرت و تا زیاتر لە سەدەیەک دەژیان. ئەم پیاوانە بۆ کامەرانی و خۆشگوزەرانی هەموو بوونەوەرە زیندووەکان، تەنانەت کرمیش، هەوڵیان دەدا. دابو نەریتی ئەم لە خواترسانە لە وەرگێڕانی کتێبەکەی مارکو لەلایەن رۆناڵد لاتام هاتووە: لە وڵاتی مالابای بە کەسانێک دەڵێن یۆگی (جۆکی)، هەژار، سۆفی، یان دەرویش کە رێڕەوێکی ئایینی دیاریکراویان هەیە. ئەمانە تا ئەوپەڕی پلەی بەرگەگرتن ریازەت و سەختی دەکێشن و ژیانێکی زۆر سەخت بەسەر دەبەن. من پێتان دەڵێم .. کە ئەوانە لە خەڵکی دیکە تەمەنیان درێژترە، تەمەنیان دەگاتە ١٥٠ یا ٢٠٠ ساڵ. لەشیان ئەوەندە بە چوستی دەمێنێتەوە کە لە پیریدا بە تەواوی بەپێوەن و هەموو ئەو خزمەتانەی بۆ پەرستگای خۆیان و هەروەها بتەکانیش پێویستن ئەنجام دەدەن، هێندە رێکوپێکن هەر دەڵێی هەمیشە لاون. ئەم مەسەلەیە بە هۆی ئەو وشکە ژیانەی دەیچێژن و هەروەهای خواردنێکی یەکجار کەمەوەیە، ئەمانە تەنیا ئەوەندە دەخۆن کە نەمرن. ئەم وشکە سۆفیانە وەکو نەریتێک بە زۆری برنج و شیر دەخۆن.. .

خۆراکی خۆیان لەسەر رووی گەڵای روەکێک کە پێی دەگوترێت سێوی بەهەشت یان هەر گەڵایەکی پانی دیکە رۆ دەکەن. رۆ ناکەنە سەر گەڵای سەوز بەڵکو رۆ دەکەنە سەر گەڵایەکی وشکهەڵگەڕاو چونکە دەڵێن گەڵای سەوز گیانی لەبەردایە و ئەم کارە بە گوناە دادەنرێت. باوەڕیان وایە لە رەفتار کردن لەگەڵ هەموو بونەوەرە زیندوەکاندا ئەگەر کارێک بکەن کە گوناە بێت، ئازار و ئەشکەنجە دەکێشن، بە راستیش ئەگەر کارێک ئەنجام بدەن کە بە باوەڕیان گوناە بێت، زوو دەمرن.

کاتێک کە دەیانەوێت ریخۆڵەکانیان بەتاڵ بکەنەوە بۆ کەناری دەریا دەڕۆن و لە کەنار ئاودا لەسەر لم پاشەڕۆ دەردەهاوێژن و پاشان دوای شۆرینی خۆیان لەناو ئاودا دەستدەکەنە شۆرکەیەک و پاشەڕۆکە وا لەگەڵ خۆڵدا تێکەڵ دەکەن و بڵاو دەکەنەوە و رۆ دەکەن تا لەگەڵ خاکدا دەبێتە یەک. کاتێک گکە پرسیاریان لێ بکرێت کە بۆچی وا دەکەن؟ وەڵامیان ئەمەیە: ئەگەر وانەکەین پاشەڕۆکەمان کرمێلی پەیدا دەبێت و ئەو کرمانەی لەم رێگایەدا پەیدا بین رەنگە لە ئەنجامی بێخۆراکی لە برسان بمرن. و لەبەر ئەوەی ئەم مادانە لە لەشی ئێمە دەرهاوێشتراوە. ئێمە ناچارین خۆراک بخۆین پاشەڕۆ فڕێ بدەین بە بێ خۆراک بە زیندووی نامێنینەوە، ناچار بەم کارە، بە کوشتنی ئەم هەموو گیانە کە لە ماددەی فڕێدراوی لەشی ئێمە پەیدا بوونە، گوناهێکی پڕ لە خەم ئەنجام دەدەین. بۆیە ئێمە ئەو مادانە لەناو دەبەین تا هیچ کرمێک پەیدا نەبێت کە پاشان لە برسان بمرێت ئەوەش لە ئەنجامی گوناە و هەڵەی ئێمەیە.



پۆلۆکان له میانەی گەشتەکانیان دا بەرەورووی زۆر ئاژەڵی نەناسراوو نامۆ بونەوە. مارکۆ له نوسینەکانیدا پڕژایە سەر شیکردنەوەی ئەم ئاژەلە سەیر و سەمەرانە.

((درێژاییەکەی بە ئەندازەی بستێک و تیرەکەی بە ئەندازەی ئەستورایی قۆڵی پیاوێک دەبوو.))(٤٥) خاوەنی ئەم پارچە یاقووتە کە پاشای سیلان بوو، وەکو میرات لە باو و باپیرانی بۆی مابۆوە. رەنگە هەر هەمان ئەو یاقووتە بێت کە لە نوسینەکانی هسوان تسانگ باسی لێوەکراوە کە شەش سەدە پێش مارکۆ لە سیلان بینیبووی. راهیبە چینییەکە نووسیبووی پارچە یاقووتێک لەسەر دەری چوارچێوەی پیرۆزترین پەرستگادا هەڵواسرابوو، ئەوەندە گەورە بوو کە وەکو ئەستێرەیەک لە شەواندا دەدرەوشایەوە. کتێبی مارکۆ بە ئێمە دەڵێت کە قوبیلای قائان وەسفی ئەم یاقوتەی بیستبوو و چەند کەسێکی بۆلای پاشای شیلان ناردبوو تا یاقووتەکە بکڕێت. پاشا وەڵامی دابوەوە کە ئەم یاقوتە بە هیچ نرخێک نافرۆشرێت. هەروەها مارکۆ لە سیلاندا چیرۆکی بووزای بیست، ئەو چیرۆکەی کە ئەو کێ بوو و چۆن گۆڕا بۆ خوایەک (بت) . رۆشنبیری مارکۆ، وەکو کاتولیکێکی سەدەی سێزدەهەم، سەبارەت بەم بابەتە جێی سەرنجە. مارکۆ ئەوها گوتوویەتی: ((بوزا یەکێکە لە خۆپارێزترین و رەنجکێشترین مرۆڤەکان؛ ئەگەر ئەو مەسیحی بایە دەبووە یەکێک لە پیرۆزترین کەس لە ناو ئایینی پیرۆزی گەورەمان عیسای مەسیحدا.(٤٦)

دانیشتن لەسەر زەوی، پڕ لە شانازییە

گرووپی گەشتیارەکان لە سیلانەوە بەڕێ کەوتن، لە بەشی کۆتایی هیند سووڕانەوە و لە کەنارەکانی رۆژئاوای ئەم نیمچە دوورگەیە درێژەیان بە رۆیشتن دا، لە درێژەی رۆیشتنەکەیاندا چەند جار وەستان. مارکۆ ژمارەیەک لە دابونەریتی هیندییەکانی لە کتێبەکەی خۆیدا تۆمار کردوە، ئەو دابونریتانەی کە لەم سەردەمەشدا جێبەجێ دەکرێت:

خەڵکی ئەم وڵاتە (هیند) بتەکان دەپەرستن. زۆربەیان گا دەپەرستن چونکە دەڵێن ئەم کارە زۆر باشە. هیچ کەسێک بە هیچ شێوەیەک گۆشتی گا ناخوات، و هیچ کەسێکیش بە هیچ شێوەیەک دەست ناداتە کوشتنی گا.(٤٧)

پاشان مارکۆ باسی کارەکانی ئەو کەسانەی کە بە ناوی یووگی دەناسرێن دەکات:

ئەوان گا دەپەرستن و زۆربەیان پەیکەرێکی گا کە لە مس(پاخر) یان برۆنز(مەفرەغ) کە بە روکەشێکی زێڕ داپۆشراوە لە ناوچەوانی خۆیان دایدەنێن.. . ئەوان پەیینی گا دەسوتێنن و تۆز(پۆدر)ی لێ دروست دەکەن. بەم تۆزە ئەندامەکانی لەشی خۆیانی پێ بۆنخۆش دەکەن، بە رێز وتەشریفاتێکی زۆرەوە کە کەمتر لە رێزی مەسیحییەکان لە کاتی تێسوینی ئاوی پیرۆز لە لەشیان نییە.. . و من دڵنیاتان دەکەمەوە کە ئەوان هیچ گیانلەبەرێک لەم جیهانەدا ناکوژن، نە مێش، نە کێچ، نە ئەسپێ و نە هیچ زیندەوەرێکی ئازاردەری تر، چونکە دەڵێن ئەوان خاوەن گیانن. لەبەر ئەوەیشە هیچ بوونەوەرێکی زیندووش ناخۆن، بەهۆی گوناهێک کە لەوانەیە تووشی ببن. ئەوان هیچ شتێک بە تازەیی ناخۆن، نە گیا و نە بنەکەی، بەڵکو وشکیان دەکەنەوە، چونکە باوەڕیان وایە تا ئەو کاتەی وشک نەبوونەتەوە، گیانیان لەبەردایە.(٤٨)

هەروەها مارکۆ تیۆرە ئایینییەکەی خەڵکی هیندی بە شێوەیەکی کورت لە کتێبەکەیدا باس دەکات:

پاشا و هاوڕێیانی و هەموو ئەوانی تر لەسەر زەوی دادەنیشن. ئەگەر لێیان بپرسن بۆ تۆزێک رێک و بەڕێز دانانیشن، وەڵام دەدەنەوە کە دانیشتن لەسەر زەوی بۆ خۆی رێزو شانازییەکی گەورەیە، چونکە ئێمە لە خۆڵ دروستکراوین و دووبارە دەبێت بۆ خۆڵ بگەڕێینەوە. هیچ کەس نابێ زۆر رێزی خاک بگرێت و هیچ کەسیش نابێت خاک بێڕێز



دووساڵ دەخایەنێ تاکو پۆلۆکان بگەنە بەندەری هۆرمۆز لە ئێران. ئەرغۆن خان کۆچی دوایی کردبوو. پاشان کۆکاچین شووی بە کوڕی ئەرغۆن خان واتە غازان خان کرد.

بکات.(٤٩)

لە کەنارەکانی مالاباری هیند، مارکۆ گەیشتە شوێنێک بە ناوی مۆتۆپالی١- Motupalli کە لە دۆڵ و ئەشکەوتەکانی ئەڵماسیان دەردەهێنا. نشێوەکانی ئەم دۆڵانە ڕێگر بوونە لە چوونە خوارەوە، لەبەر ئەوە دانیشتوانی ئەوێ شێوازی تریان بۆ بەدەستهێنانی ئەڵماسی ژێر شیوەکە داهێنا بوو:

چەند پارچە گۆشتی تازە بۆ قووڵایی دۆڵەکە فڕێ دەدەن. ئەڵماسەکان بە گۆشتەکانەوە دەچەسپن و دەچنەناویەوە. لە لایەکی تریشەوە ئەم چیایانە شوێنی ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە بازی سپین.. . بازەکان بە دیتنی گۆشتەکان بۆ لایان دەچن، لەسەر زەوی هەڵیاندەگرن و بۆ سەرەوە دەفڕن. پیاوەکان بە وردی بەدوای ڕێڕەوی فڕینی بازەکاندا دەڕۆن. هەر کە دیتیان بازەکە لە شوێنێک دانیشت و ویستی گۆشتە کە بخوا خێرا هێرشی دەکەنە

سەر. بازەکە کە لەم هێرشە لەناکاوە هەراسان بووە، واز لە گۆشتەکە دەهێنێت و را دەکات. گۆشتەکە ژمارەیەکی زۆر پارچە ئەڵماسی پێوەیە.

شێوازێکی تری بەدەستهێنانی ئەڵماس بەم جۆرەیە:

کاتێک کە بازەکان گۆشتەکان قووت دەدەن، ئەو ئەڵماسانەیشی کە پێیەوە نووساوە لەگەڵ گۆشتەکە قووت دەدەن. پاشان لەگەڵ پاشەڕۆدا، ئەڵماسەکانیش دەدەنە دەرەوە. ئەو کات پیاوان دێن، پاشەرۆی بازەکان کۆ دەکەنەوە و ژمارەیەکی زۆر ئەڵماس بەدەست دێنن.(٥٠)

مارکۆ پۆلۆ لە میانەی گەشتە زۆرەکانیدا، دابونەریت و هەڵسوکەوت و شێوەی رەفتار و کلتووری زۆرێک لە خەڵکانی کۆ کردەوە. لێرەدا مارکۆ پۆلۆ جلوبەرگی تاتارەکانی لەبەردایە.

گەشتیارەکان دەریای عەرەبیان بەجێ هێشت و لە کۆتاییدا گەیشتنە کەنداوی فارس و ئێران. لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاران لە نێوانیشیاندا دوو لە نێردراوانی ئێرانیش مردبوون، پێدەچێت بەهۆی جۆرێک لە نەخۆشی گوازراوەوە بووبێت، بەڵام شازادە خانم کۆکاچین زیندوو و سەلامەت مابووەوە. مارکۆ باسی چارەنووسی کچی پاشای مانزی ناکات. کاتێک کە شاندەکەیان گەیشتە هورموز لە ئێراندا، دوو ساڵ بەسەر گەشتەکەیاندا پاش بەجێهێشتنی چین تێپەڕیبوو، پۆلۆکان و ئەو نێردراوە ئێرانییەی کە نەمردبوو، هەواڵیان پێگەیشت کە ئەرغون خان مردوە و براکەی، کەی خاتوو١- Kaikhatu، بە شێوەیەکی کاتی لە شوێنی

ئەو دانراوە. کەی خاتوو پێی وابوو کە شازادە خانم کۆکاچین مافی غازان خانی کوڕی ئەرغون خانە. لەم کاتەدا غازان خان لە سنووری ئێراندا بەرەنگاریی هێرشی دوژمنەکانی دەکرد.

کەی خاتوو چەند لەوحەی وەکو لەوحەکانی قوبیلای قائانی بە پۆلۆکان دا، لەسەر ئەم لەوحانە نووسرابوو کە چۆن لەگەڵ کەی خاتوو هەڵسوکەوت دەکەن ئەوها لەگەڵ پۆلۆکانیش هەڵسوکەوت بکەن. جگە لەمانەش ئەسپ و خۆراک و کەلوپەلی گەشت کردنیشی پێدان تا بە ئاسوودەیی درێژە بە گەشتەکەیان بدەن.

کاتێ کە پۆلۆکان شازادە خانم کۆکاچینیان بەجێ دەهێشت، دەستی بە گریان کرد. ئەو وەکو باوکایەتی سەیری ڤێنیسیاییەکانی دەکرد و ئەوانیش وەکو کچی خۆیان لەگەڵیدا دەجولانەوە. لە میانەی گەشتە درێژەکەی پێشوویاندا شازادە خانم لەژێر چاودێری و پشتیوانی و رێزلێنانێکی فراوانی پۆلۆکانەوە بوو.

لە ئێران پۆلۆکان لە هاورێیانی شاندی پاشایەتی جیابوونەوە و لەگەڵ خزمەتکارە تایبەتییەکانی خۆیان، لە کاروانێکی بچووکدا، رێگای وشکانییان گرتە بەر. زۆربەی جار پۆلۆکان سوودیان لە لەوحەکانی کەی خاتوو وەردەگرت تا لە شوێنە مەترسیدارەکانی ولاتدا دووسەد سەربازی سوارچاک پارێزگارییان لێبکەن. ئەم ژمارە زۆرەی پاسەوانان بۆ پاراستنیان پێویست بوو، چونکە سەرانسەری ولات لە پاش مردنی ئەرغون خان لە نائارامیدا بەسەر دەبرد.

پۆلۆکان لە رێگا وشکانییەکانەوە زۆربەی کات هەمان ئەو رێگایەیان هەڵبژارد کە زیاتر لە بیست ساڵ پێشتر، لەو رێگایە بەرەو هورموز چووبوون. لە هورموز بە وشتر بەرەو شاری ترابۆزان، شارێکی داگیرکراو لە لایەن یۆنانییەکانەوە لە کەناری دەریای رەش {کە ئێستا بەشێکە لە خاکی تورکیا}، رۆیشتن. ترابۆزان کەوتبووە سنووری ئیمپراتۆری مەغۆلی.

ئیمپراتۆریەتی لاتینیی قوستەنتەنییە چەند ساڵ بوو بە دەستی یۆنانییەکان و یامەتی رکەبەرەکانی ڤێنیسیاییەکان، واتە جەنەواییەکان، لەناو چووبوو. خەڵکی جەنەوا، بە پێچەوانەی ڤێنیسیاییەکان سوودیان لە ئیمتیازەکانی بازرگانی کردن لە ترابۆزان و قوستەنتەنییە و بەندەرەکانی تری یۆنان وەردەگرت. پێدەچێت کە پۆلۆکان لە کاتی هاتنیان بۆ ترابۆزان ئاگاداری بارودۆخی سیاسی زاڵ لەو شوێنە نەبوونە و نەیانزانیوە لە ماوەی نەبوونیاندا رکەبەری نێوان خەڵکی جەنەوا و ڤێنیسیا گەیشتووەتە چ قۆناغێک،

چونکە وەک دیارە بە بۆچونیان گەشتی ڤێنیسیاییەکان بۆ ئەم ناوچەیە بێ مەترسی بووە. سەرەڕای ئەم بۆچوونەی پۆلۆکان هەر کە ژمارەیەک لە یۆنانییەکان لە ترابۆزان زانییان کە ئەوان ڤێنیسیایین، زۆر لە شتەکانیان لێ دزین. حکومەتی ڤێنیسیا لەم دەستدرێژییە ئاگادار بۆوە و تەنانەت بەقازانجی پۆلۆکان دەستی لەم بابەتە وەردا و هەندێک رێوشوێنی گرتە بەر، بەڵام هیچ کات بە تەواوی زیانی پۆلۆکان نەدراوە.

پۆلۆکان بە هۆی کەشتیەوە لە دەریای رەش تێپەڕین و خۆیان گەیاندە قوستەنتەنییە، بەڵام وەکو سەردەمانی پێشوو، واتە پێش ئەوەی کە یۆنانییەکان ئەم شارە لە دەستی خاچپەرستە لاتینییەکان وەرگرنەوە، پێشوازییان لێنەکرا. لە قوستەنتەنییە، لە ماوەی گەشتێکی دەریایی تردا، خۆیان گەیاندە دوورگەی نیگرۆپۆنتە لە یۆنان و لە ساڵی ١٢٩٥دا چوونە ناو ڤێنیسیاوە، لە کاتێکدا پاش بیست و چوار ساڵ نزیکەی بیست هەزار کیلۆمەتریان بڕیبوو.

پێش ئەوەی کە پۆلۆکان بگەنە ڤێنیسیا، قوبیلای قائان، خانی گەورەی مەغول، کۆچی دوایی کردبوو. دیار نییە کە پۆلۆکان ئاگایان لە مردنی خان بووە یان نا، بە هەرحاڵ بە بیستنی ئەم هەواڵە سەریان سوڕنەدەما، چونکە پێشبینی ئەم رووداوە ببووە هۆی ئەوەی کە خێرابن لە بەجێهێشتنی خانبالقدا پەلە بکەن. پۆلۆکان شەنسیان هێنا کە لە ئەوروپا بوون، دوور لە ئاژاوە و هەراو هۆریا و تێکچوونێک کە لە پاش مردنی سەرکردەیەک روودەدات، بە تایبەتی فەرمانڕەوای ئیمپراتۆریەتێکی وەها فراوان. لەم بارەیەوە مارکۆ بە نیکۆلۆی باوکی گوتبوو:

رەزا و ویستی خوا بووە کە ئێمە بۆ ڤێنیسیا بگەڕێینەوە و خەڵک ئاگادار بکەینەوە، لەوەی کە لە جیهاندا روودەدات.(٥١)

بەشی شەشەم

گەڕانەوە بۆ ڤێنیسیا

لەوانەیە سیمای پۆلۆکان بە بیانییەکان چووبێت لە گەڕانەوەیاندا بۆ ڤێنیسیا، چونکە پێستی لەشیان رەش وەکو چەرمی لێهاتبوو، وەکو پێستی ئەو گەشتیارانەی کە ماوەیەکی زۆر لە وڵاتە وشکەکاندا گەشتیان کردووە. مێژوونوسێک هەوڵی داوە روخساری پۆلۆکان شی بکاتەوە: ((ئەوان لە رەفتار و قسە کردن زۆر بە تاتارەکان دەچوون، تا رادەیەک زمانی ڤێنیسیایشیان لەبیر چوبۆوە و جلەکانیان بە تەواوی بارودۆخەکەی شێواندبوو: جلەکانیان لە قوماشێکی زبر و زۆر و بە شێوەی تاتارەکان دورابوون.))(٥٢)

مارکۆ، نیکۆلۆ و مافیۆ لە گەڕانەوە بۆ ڤێنیسیا. ئەم سێ کەسە ماوەیەکی ئەوەندە زۆر لە زێدەکەیان دوور کەوتبوونەوە کە هاوڵاتییە ڤینیسیاییەکان ئەوانیان نەدەناسییەوە.

هەر چۆنێک بوو نیکۆلۆ و مافیۆ و مارکۆ نەناسرانەوە و ناچار بوون بە زۆر بۆ ناو ماڵەکەیان بڕۆن. تەنها ئەو کاتەی کە سامانە فراوانەکەی خۆیان کە لە خشڵ و زێڕ و بۆن و بخوور و قوماش و کەلوپەلە رۆژهەڵاتیەکانی تر خستە بەر چاویان، توانییان

ناسنامەی خۆیان بسەلمێنن. خزمەکانیان بۆ ماوەیەکی زۆر وایان زانیبوو کە مردوون. هەواڵی گەڕانەوەیان و سامانە خەیاڵییەکەیان خێرا لە سەرانسەری ڤێنیسیادا بڵاو بویەوە. بەپێی گوزارشتی جامباتیستا رامۆزیۆ، نوسەری ژیاننامەی مارکۆ لە سەدەی شازدەمدا: ((هەموو خەڵکی شار لە دەوڵەمەند و خەڵکی ئاسایی هەڵیانکوتایە سەرماڵەکەیان تا لە باوەشیان بگرن، رێز و خۆشەویستییان پێشکەش بکەن، دروشمی دۆستایەتی بدەن و هەتا خەیاڵ بڕوات رێزیان لێبگرن))(٥٣).

جیاوازی کلتور پۆلۆکان ئازار دەدات



رێگای گەشتی مارکۆپۆلۆ

پاش ئەو گەشتە درێژخایەنە و خووگرتن بە داب و نەریت، شێوەی رەفتار و ئاکار و هەڵسوکەوتی تەواو جیاواز، بۆ مارکۆ و نیکۆلۆ و مافیۆ خۆگونجاندنیان لەگەڵ ژیانی ڤێنیسیایی ئاستەم بوو. بێگومان بۆ ئەوان دەستپێکردنی ژیانێکی دووبارە لە ئەوروپادا بەهۆی هەبوونی دژایەتییەکلتورییەکان دژوار بوو، بە تایبەتی کاتێک زۆر دژواری پێوە دیار بوو کە دەیانویست بەپێی ئەزموونەکەیان لە ئاسیا و ئەوەی لەوێ بینیبوویان، خەڵکی رازی بکەن. کاتێک کە مارکۆ باسی ژیانی لە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی دەکرد، یان بەسەرهاتی گەشتەکانی دەگێڕایەوە خەڵک بە حەزەوە گوێیان لێڕادەگرت، بەڵام باوەڕیان نەدەکرد کە ئەو رووداوانە راست بن. ڤێنیسیاییەکان حەزیان دەکرد گوێ لە چیرۆکەکان بگرن چونکە ناسێنەری سیمبولە بیانییەکان بوون، بەڵام پاشان گاڵتەیان پێدەکرد و گومانیان لە قسەکانیان هەبوو. ئەو جیهانەی کە مارکۆ باسی دەکرد ئەوەندە لەگەڵ ئەزموونەکانیاندا جیاواز بوو کە لە دەرەوەی خەیاڵ و بیریاندا بوو. مارکۆ دەیتوانی ئەو شتانەی کە لە رۆژهەڵاتەوە لەگەڵ خۆی هێنابووی پیشانیان بدات: بۆ نموونە خوری گامێشی تەببەتی، ئاردی ناوکی دار خورما، میسک، بەڵام بۆ بینەرانی ئەم شتانەش باوەڕکردنی چیرۆکەکانی پەیوەست پێیان مەحاڵ بوو.

لەگەڵ هەموو ئەم شتانەشدا، مارکۆ تەنانەت لە تەمەنی چل و یەک ساڵیشدا توانای ئەوەی هەبوو خۆی لەگەڵ هەر ژینگە و شوێنێکدا بگونجێنێت، لە ئەنجامدا توانی شکڵی خۆی لە شێوەی گەڕیدەیەک بگۆڕێت، خو بە خانەنشینی و تەنهایی لە ڤێنیسیا بگرێت و لە هەمان کاتیشدا کاری بازرگانیش بکات. مارکۆ هێشتاش پێویستی بە فێربوونی هەندێ نهێنی کاری بازرگانی و مامەڵە هەبوو. کاری بازرگانی لە رۆژئاوا لەگەڵ رۆژهەڵاتدا جیاواز بوو و ئەو دەبوایە بەها رۆژهەڵاتییەکان، دراوی رۆژهەڵاتی و هەروەها ساڵەها ئەزموون لە چەقە کردن و بێدەنگی فەرامۆش بکات و لە بەرامبەردا فێری بەها بازرگانییەکانی خۆرئاوا ببێت. بۆ مارکۆ، نیکۆلۆ و مافیۆ پێویست بوو قبوڵ بکەن کە نفووز و کارتێکردنی ڤێنیسیا لە بەندەرەکانی بازرگانی دەریای رەش و ناوەڕاستدا کەم بۆتەوە. لە ساڵی ١٢٧١دا کە پۆلۆکان ڤێنیسیایان جێ هێشتبوو، ئەم سەرزەمینە لە لوتکەی هێز و دەسەڵاتی خۆی بوو و ئێستا کە گەڕابوونەوە نیشتمانیان، ڤێنیسیا تەنها سێبەرێک لە رابردووە شکۆدارەکەی مابووە و لە وڵاتە رکەبەرەکەی، جەنەوا، کە لە بازرگانی دەریاییدا دەستێکی باڵای هەبوو، هەژارتر بوو.

لە دەیەی ١٢٩٠دا رکەبەری نێوان جەنەوا و ڤێنیسیا زیادی کرد، چونکە هەردوو وڵات

(شۆڕشی سەرنەکەوتوو)

لە ساڵی (١٣١٠) باژامۆنتێ تیپۆلۆ لە ڕۆژی سەنت ڤیتۆ دەسیسەیەکی بۆ کوشتنی ڕابەران و سەرۆکی پۆلیسخانەی ڤینیسیا ڕێکخست. هێنری هارتی مێژوونوس لە کتێبی مارکۆ پۆلۆ، سەرەڕۆی ڤینیسیا لەبارەی دەستپێشخەری ئەو ژنە کە بزاڤی شۆڕشگێڕەکانی لە شاردا ڕاگرت، دەنوسێت:

هەر کە تیپۆلۆ لەگەڵ دار و دەستەکەیدا بەدەم هوتاف کێشان و چەک بە دەستەوە لە میرسیریا بە ڕێ کەوتن. ئەو ژنانەی ماڵەوە کە ئارەزوویان دەکرد خۆیان دەربخەن، لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردە سەر و هەر شتێک کە نزیکیان بوایە بۆیان دەهاوێشتن.. . ژنێک کە ناوی جۆستینا ڕۆسۆ بوو بە بیستنی هوتافی بڕۆخێ تۆتالیتاریزم، پەنجەرە تاو گیری خانوەکەی کردەوە و سەیری خوارەوەی کرد. ئەمەش کارێک بوو کە بە پێی یاسا و هەروەها بە شێوەیەکی پەتی یاساغ بوو. ناوبراو بە یەک نیگا شوێنەکەی دیاری کرد و بێ ئەوەی بیر لە یاسا بکاتەوە بەردە جۆنییەکی گەورەی هەڵگرت کە گوڵە میخەکی تێدا چاندبوو، بەو پەڕی توندی لە پەنجەرەکەوە بۆ سەر باژامۆنتێ تیپۆلۆی هاوێشت. گوللە قورسەکە بە سەری ڕابەری شۆڕش نەکەوت بەڵکو بەسەری یاریدەدەرەکەی کەوت و کوشتی، خوێن و پرۆسکی مێشکی سەری یاریدەدەرەکە بە سەرتاپای لەشی تیپۆلۆدا پرژا. ئەم بەڵایە و موسیبەتە چاوەڕواننەکراوە هەموو پیاوەکانی تیپۆلۆی خستە ژێر ترسەوە و لە کۆڵانە باریکەکانی نێوان دیوارە بەرزەکاندا بە یەکەوە نووسان، ئەو دەمە بوو کە بەرد و کەستەک و شتی جۆراوجۆر بێبەزییانە وەک باران لە پەنجەرە و بانی خانووەکاندا بە سەریاندا باری و سەرسامییەکان بوو بە ترسێکی زۆر. پیلا نگێرەکان بەو ڕێیەی کە هاتبوون گەڕانەوە و بەرەو پردی دارینی ریاڵتۆدا ڕۆیشتن و سەرنجام لەوێدا تیپۆلۆ هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە چەک دابنێت....

جۆستینا ڕۆسۆ، لە کاتێکی پڕ بە پێستدا لەلایەن فەرماندەی گشتییەوە ئامادە بوو تا سوپاسی کۆماری چاکەلەبەرچاوگری ڤینیسی پێ ڕابگەیەندرێ. داوایان لێکرد کە خۆی پاداشتی خۆی بۆ ئەم کارە دلێرانە هەڵبژێرێت، بەڵام ناوبراو بێ لەخۆباییبوون ملی بۆ وەرگرتنی پاداشت نەدا و سەرەنجام داوای کرد کە ڕێگە بدەن لە ڕۆژی سانت ڤیتۆدا بە پەنجەرەی ماڵەکەیدا ئاڵا و دروشمەکەی سانت مارکی پیرۆز هەڵواسێت، و هەروەها داوای کرد کە کرێی ساڵانەی خانووەکەی لە پازدە دۆکای زێڕ تێنەپەڕێت. ئەم سەربوردەیە لە هەموو گۆڕەپان و کەناڵەکانی شار (شەقامە ئاوییەکان)ی ڤینیسیا دەم بە دەم گەڕا، هەموو خەڵک ماڵەکەی ئەویان بەناوی کاسا جیۆستینا (کۆشکی جیۆستینا) بەیەک نیشان دەدا؛ ئەو شوێنەی کە کرێچییەکەی پاداشتی فەرماندەی گشتی بۆ کارە دلێرانەکەی وەرنەگرت.

بۆ بەدەستهێنانی بازاڕەکانی ڕۆژهەلات ململانێیان دەکرد.

لە ساڵی ١٢٩١ کاتێک کە موسڵمانەکان جارێکی تر بەندەری عەککا لە دەریای ناوەڕاستیان لە خاچپەرستەکان وەرگرتەوە، ڤێنیسیاییەکان مافی تایبەتی ڕەوانە کردنی گەشتیارە ئایینییەکانیان بۆ عەککا لە موسڵمانەکان وەرگرت، بەم شێوەیە ڤێنیسیاییەکان مافێکیان بەدەست هێنا کە خەڵکی جەنەوا لێی بێبەش بوون.

وێنەی مارکۆپۆلۆ کە لە سەر سککەیەک دراوە. مارکۆ پۆلۆ لە ڤێنیسیا کەسایەتییەکی خۆشەویست و لەبەر دڵان بوو. خەڵک بۆ گوێگرتن لە بەسەرهاتە سەرنجڕاکێشەکان هەڵیاندەکوتایە سەر ماڵەکەی.

خەڵکی جەنەوا بەم شێوەیە تۆڵەی خۆیان لە ڤێنیسیاییەکان کردەوە کە داوایان لە ئیمپراتۆری ڕۆمی ڕۆژهەلات کرد کە ڕێگە لە بازرگانی ڤێنیسییەکان لە کەنارەکانی دەریای ئیجە بگرن.

هەوڵەکانی خەڵک بۆ زیان گەیاندن بە بازرگانی یەکتر و مشتومڕەکان و زۆر ئازار بەرکەوتنی تر، جەنەوا و ڤێنیسیای بەرەو جەنگێکی دەریایی سەرەکی برد؛ جەنگێکی خوێناوی و دڕندانە: لە هەر دوو لا دیل دەگیرا، هەر دوو لا کوژراویان دەدا، کەشتیەکان دەسووتێنران و بیناکان دەڕوخان. لە ساڵی ١٢٩٦دا دروست ئەو کاتەی کە مارکۆ کارە بازرگانییە نوێیەکانی خۆی دەست پێکردبوو، بە شێوەیەکی فەرمی جەنگ لە نێوان ئەم دوو وڵاتە بچووکەدا ڕاگەیەندرا و هەموو هات و چۆیە بازرگانییەکان وەستا، ئەویش لەو بارودۆخەی کە هەردوو وڵات شەڕیان لەسەر ئەوە دەکرد تا ساغ بکەنەوە کە کامەیان لە بازرگانی و دەریا مافی زیاتریان هەیە.

هەرچەندە پێگە بازرگانییە کۆنەکانی ئەم بنەماڵەیە لە قوستەنتەنییە و سۆڵدایا لە میانەی

دیار نەبوونی درێژخایەنیان لەناو چووبوو، مارکۆ بەو کەلوپەل و شتانەی کە خۆی لە ئاسیاوە هێنابووی دەستی بە بازرگانی لە ڤێنیسیا کرد. لە راستیدا ئەو کەل و پەلانەی پۆلۆکان کە گواستنەوەیان ئاسان بوو ئەوەندە زۆر بوو کە دەیانتوانی چەندین ساڵ پێیانەوە کاری بازرگانی بکەن. لە فایلێکی فەرمی تۆمارکراو لە ساڵی ١٣١١دا کە مارکۆ دژی بازرگانێکی تر لەبارەی نرخێکی نەدراوی جۆرە میسکێکی تەبەتی پێشکەشی دادگای کردووە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تا شازدە ساڵ پاش گەڕانەوەیان بۆ ڤێنیسیا، مارکۆ هێشتا خەریکی بازرگانی بەو کالآیانە بوو کە لەگەڵ خۆی لە ئاسیاوە هێنابووی.

خەڵکی جەنەوا مارکۆ پۆلۆ بەند دەکەن

مارکۆ پۆلۆ کە خاوەنی چەندین ساڵ ئەزموونی دەریاوانی و کەشتیوانی بوو چووە ناو ریزی هێزی دەریایی ڤێنیسیا و فەرماندەیی فەخری کەشتییەکی شەڕکەری لە ئەستۆ گرت. فەرماندەی فەخری وەکو راوێژکارێک ئەزموونەکانی خۆی پێشکەشی فەرماندەکانی کەشتی دەکرد. کەشتییە جەنگییەکانی هێزی دەریایی ڤێنیسیا هی بازرگانە دەوڵەمەندەکان بوون، ئەم بازرگانانە بەم شێوەیە ئاسایشی کەشتییە بازرگانییەکانی خۆیان دابین دەکرد. کەشتییە شەڕکەرەکان لە هەر لایەکەوە سەد دانە سەوڵی هەبوو و نزیکەی دوو سەد و پەنجا خزمەتکاری کەشتی هەبوو: سەوڵ لێدەرەکان، چل تا پەنجا پیاوی تیرهاوێژ، دوو دارتاش، چەندین خزمەتکار، چێشت لێنەرێک و فەرمانبەرانی کەشتیوان. هێزی دەریاوانی ڤێنیسیا بانگەشەی دەکرد کە خاوەنی شەست کەشتی لەم جۆرەیە. هەموو کەشتییە جەنگییەکان لەژێر فەرماندەیی دەریاسالارێک بوون. لە هەمان کاتدا هێزی دەریایی بۆ خودی پزیشکان، نەشتەرگەران، چەکسازان، وەستای دروست کردنی تیر و کەوان، ئەفسەرانی جەنگ، پسپۆرانی پێداویستی(لۆجستیک) و ئەنجومەنی راوێژکاریی باوەڕ پێکراوی هەبوو. تەنانەت ئەم هێزەمۆسیقا ژەنیشی هەبوو تا لە کاتی شەڕدا ورەی جەنگاوەرەکان بە هێز بکەن. هەروەها ئەم ژەنیارانە بە تەپڵلێدان جوڵەی سەوڵ لێدەرەکانیان رێکدەخست. کەشتییەکان ئاڵای درێژ و رەنگاورەنگیان هەبوو کە بە هۆی باوە دەجوڵانەوە و دەبوونە هۆی ناسینەوەی کەشتییەکان لەلایەن خەڵکییەوە.

پاش سێ ساڵ لە گەڕانەوەی مارکۆ بۆ ڤێنیسیا، بەشێکی سەرەکی هێزی دەریایی ڤێنیسیاییەکان لەگەڵ کەشتی مارکۆشدا لە جەنگێکی دەریایی کە رەنگە لە رێکەوتی



له سه‌رده‌می مارکۆ پۆلۆدا که‌شتیه جه‌نگییه‌کانی ڤینیسیا وه‌کوو ئه‌م وێنه‌یه بوون. له‌به‌ر ساڵه‌های ساڵ ده‌ریاوانی و ئه‌زموون وه‌رگرتن، مارکۆ بووه فه‌رمانده‌ی فه‌خریی که‌شتییه‌کی جه‌نگی.

حه‌وتی سپتامبه‌ری ۱۲۹۸دا له نزیک دوورگه‌کانی کۆرتسولا- Gurzola ڕوویدابێت به دیل گیرا. مارکۆ و حه‌وت هه‌زار که‌سی دیکه‌ی ڤێنیسیایی به دیل گیران و به‌ند کران. ده‌ریاسالاری ڤێنیسیاییه‌کان له‌به‌ر ئه‌و شکست و دۆڕاندنه ئه‌وه‌نده ریسوا بوو که بڕیاریدا خۆی بکوژێت تاکو وه‌کو دیل به‌ند بکرێت. ئه‌و به هه‌موو هێزی خۆی سه‌ری خۆی له مێزێک دا و مرد. به پێی نه‌ریتی ئه‌و سه‌رده‌مه ئالای که‌شتییه ده‌سکه‌وته‌کان پارچه پارچه کران و فڕێدرانه ناو ئاوه‌وه و سه‌رکه‌وتووانی جه‌نگ که‌شتییه‌کانیان به‌ره‌و به‌نده‌ره‌کانی خۆیان برد.

چەند سەربوردەیەک لەبارەی سامانەوە

گەرچی مارکۆ پۆلۆ هەرگیز ژاپۆنی نەدیبوو و لەسەر بنچینەی ئەو شتانەی بیستبووی باسی سەروەت و سامانی ئەو وڵاتەی کردووە (کە لای وا بووە تەنها دوورگەیەکە) بە شێوەیەکی هێندە سەرنجڕاکێش وەسفی کرد کە کریستۆف کۆلۆمب کەوتە بیر ئەوەی بۆ ئەوێ گەشت بکات؛ گەشتێک کە بە رێکەوت بووە هۆی دۆزینەوەی کیشوەرێکی نوێ. ئەم دەقەی خوارەوە لە وەرگێڕانی رۆناڵد لاتام لە کتێبەکەی مارکۆ، بە سادەیی دەریدەخات کە بۆچی نوێ دۆزەکان لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە وروژان:

ژاپۆن دوورگەیەکی دوورەدەستی رۆژهەڵاتە، نزیکەی ١٥٠٠ میل (دوو هەزار کیلۆمەتر) لە وشکانی کیشوەرەکە دوورە. دوورگەیەکی زۆر گەورەیە. خەڵکەکەی سپی پێست، رەنگ و روخسار بەردڵ و شیرین رەفتارن. ئەوان بتپەرستن و لە فەرمانڕەوایی خۆیاندا بە تەواوی سەربەخۆن. زێڕێکی زۆریان هەیە و زێڕ لەوێدا لە ئەندازە بەدەر دەست دەکەوێت، لەگەڵ ئەمەشدا دڵنیاتان بکەم کە هیچ کەس لەوێ زێڕ نانێرێتە دەرەوە. لەبەر ئەوەی هیچ بازرگانێک یاخود هیچ مرۆڤێکی دیکە لەم وشکانییە (کیشوەرە)دا بۆ ئەوێ ناڕوات. ئەمەیە هۆی ئەوەی کە ئەم هەموو زێڕەیان هەیە، بەڕاستی بڕێکی ئەوەندە زۆر کە بە بێ گاڵتە دەتوانم خاڵێکی تایبەتی لەبارەی کۆشکی فەرمانڕەوایی دوورگەکە بڵێم. ئێوە دەتوانن کە ئەمە وەک راستییەک وەربگرن کە ئەو کۆشکێکی گەورەی هەیە کە بانەکەی بە تەواوی لە زێڕی بێخەوشە. هەروەک چۆن ئێمە قورقوشم لە بانی خانوو و کەلیسەکانی خۆمان رادەخەین، بانی ئەم کۆشکە لە زێڕی بێخەوشە ناتوانرێ بەهایەکەی بخەمڵێندرێ. جگە لەوەش، گشت ژوورەکانی کۆشکەکە، کە زۆریشن، بەزێڕڕاخراون، بە ئەستورایی دوو گرێی پەنجە. باڵەخانە و پەنجەرەکان و هەر بەشێکی دیکەی لە کۆشکەکە بە هەمان شێوە بە زێڕ رازاندراوەتەوە. من دەتوانم پێتان بڵێم کە سەرتاسەری کۆشکەکە لە سامانێکی لە ژمارە بەدەری وا بەهرەمەندە. کە هەر هەوڵێک بۆ قرساندنی بەهایەکەی لە سنووری سەرسامیش تێدەپەڕێنێت.

هەروەها ئەوانە مرواریدێکی زۆر زۆریان هەیە، ئەم مرواریدانە رەنگیان سوورە، زۆر جوان و خڕ و دروشتن. نرخی ئەم مرواریدانە بە ئەندازەی نرخی مرواریدی سپییە و تەنانەت زیاتریش. لەم دوورگەیەدا مردووەکان هەندێ کات دەنێژرێن و هەندێ کات دەسووتێنرێن. ئەو مردووەی کە بنێژرێت، مرواریدی لەناو دەمیدا دادەنرێت؛ ئەمە ئەو نەریتەیە کە بە سەریاندا باڵی کێشاوە. ئەوان بەردی بەنرخی دیکەیشیان هەیە بە بڕی زۆر. ژاپۆن دوورگەیەکی زۆر دەوڵەمەندە، بە جۆرێک کە هیچ کەس ناتوانێت سامانەکەی بژمێرێت.

مارکۆ لە لای پیاوە هاوتاکانی خۆی، لەژێر زەمینێک لە جەنەوا لە پالاتسۆ دی سان جۆرجۆ ٢-Palazzo di san بەند کرا. لە لای مارکۆدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی پیزا و ڤینیسیاش زیندانی بوون. هەندێک لە بەندکراوانی دەوڵەمەند لە بەرامبەر ئەو پارەیەی کە بۆیان دەدرا ئازاد کران، بەڵام نیکۆلۆ و مافیۆ پۆلۆ بە هەموو هەوڵ و کۆششیان نەیانتوانی مارکۆ بە پارە ئازاد بکەن.

مارکۆ زیاتر لە ساڵێک لە بەندیخانە مایەوە و زۆر خێرا لەناو بەندکراوەکان و پاسەوانانی بەندیخانەکە خۆشەویست بوو، هەڵبەتە لەبەر سەرچاوە لەبن نەهاتووەکەی چیرۆکە سەرنجڕاکێشەکانی. ڕۆژە دوور و درێژ و خەفەتبارەکانی بەندیخانە بە گێڕانەوەی چیرۆکە سەربەگێچەڵ و سەرەڕۆیەکانی مارکۆ لە ڕۆژهەڵاتدا، کورت دەبوونەوە. هەموو حەزیان دەکرد لەلای مارکۆ دانیشن و گوێ لە چیرۆکەکانی ئەو سەبارەت بە ژیان لە دەرباری خان و چیرۆکە پەیوەندارەکان بە ژنەکان و ژنە کاتییە(صیغە)کانی خان، بگرن. مارکۆ لەناو بەندیخانەی جەنەوا ناوبانگی دەرکرد و زۆر لە هاوڵاتییان سەردانیان دەکرد. پاش ماوەیەک ئەم ناوبانگە بووە هۆی چەند ئیمتیازێک بۆ مارکۆ کە بە شێوەیەکی ئاسایی بەندکراوانی تر لێی بێبەش بوون. جامباتیستا ڕامۆزیۆا کە دەورووبەری ساڵی ١٥٥٧ ژیاننامەیەکی سەبارەت بە مارکۆ نوسی، سەبارەت بە ناوبانگ و خۆشەویستی مارکۆ وا دەنووسێت:

دەتوانرێت دەرک بەوە بکرێت کە بە هۆی تایبەتمەندیە تایبەتییەکان و گەشتە سەرسوڕهێنەرەکانی کە ئەنجامی دابوو، هەموو خەڵکی جەنەوا دەهاتن تا ببینن و لەگەڵی قسە بکەن. لەگەڵ مارکۆدا وەکو بەندکراوێک هەڵسوکەوت نەدەکرا، بەڵکو وەکو هاوڕێیەکی خۆشەویست و پیاوێکی بەڕێز ڕەفتار دەکرا، ئەوەندە ڕێز و خۆشەویستییان پێشکەشی دەکرد کە تەنانەت لە ڕۆژێکدا کاتژمێریکیش نەبوو کە گەورەترین دەوڵەمەندان و ئەشراف و پیاوماقوڵانی شار بۆ لای نەیەن، و هەرچی پێداویستی ژیانی ڕۆژانەیە، پێشکەشی مارکۆیان دەکرد(٥٤).

نووسینی چیرۆکی گەشتەکان

چیرۆکەکانی مارکۆ لە بەندیخانە بووە ئیلهامبەخشی یەکێک لە هاوبەندییەکانی. ڕۆستیچیللۆ١- Rustichello خەڵکی پیزا بوو کە لە ساڵی ١٢٨٤دا واتە لەو کاتەی کە لە شەڕی میلۆریا پیزا بەرامبەر بە جەنەوا شکا بە دیل گیرابوو و لە بەندیخانە بوو.

رۆستیچیللۆ کە نووسەر بوو پێشتر چیرۆکەکانی ئارتور پاشای نووسیبوو، ئێستا داوای لە مارکۆ دەکرد کە چیرۆکی گەشتەکانی بۆ بڵێت تا بە نووسینی ئەو چیرۆکانە کتێبێک تۆمار بکات. مارکۆ کتێب دانانێک لە گەشتەکانی وەکو هزرێکی یەکجار سەرنجڕاکێش پەسەند کرد و داوای لە بەرپرسانی بەندیخانە کرد رێگەی پێ بدەن کە کەسێک رەوانەی ڤینیسیا بکات تا یادداشتەکانی کە لە کاتی گەشتەکانی نوسیبووی بۆی بهێنێت. لەبەر ئەوەی کە پەیوەندی مارکۆ لەگەڵ پاسەوانانی بەندیخانە باش بوو، و لە نێوان ئەوانی تردا خۆشەویست بوو، داواکەی پەسەند کرا.

مارکۆ پاش وەرگرتنی یادداشتەکانی، گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی بۆ رۆستیچیللۆ دەست پێکرد. رۆستیچیللۆ وتەکانی لەسەر پێستە نووسی و بەم شێوەیە کتێبێک رێکخرا کە مارکۆ ناوی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان ی لێنا.

رۆستیچیللۆ کتێبەکەی بە شێوەی کەسی سێیەم نووسی، ئەویش بە زمانی فەرەنسی کە لەو سەردەمەدا زمانی دیپلۆماسی و زمانی فەرمی دەربارەکانی پاشاکانی ئەورووپا بوو. حەزی رۆستیچیللۆ بۆ خوێندنەوەی کتێبەکەی لەلایەن بنەماڵەی پاشاکان، هەر لە سەرەتای نووسینەکانییەوە دیارە: ((ئیمپراتۆرەکان و پاشاکان، دوکەکان و مارکیزەکان، کۆنتەکان و شەوالییەکان(شاسواران) و خەڵکی شار، و گشت خەڵکانی تر، کە ئارەزوو دەکەن لە نەژادە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ و نیشانەکانی شوێنە جیاوازەکانی جیهان بزانن، ئەم کتێبە هەڵگرن و بیخوێننەوە.))(٥٥) رۆستیچلیلۆ لە پێشەکی کتێبەکەدا بە زیادکردنی چەند دێڕ پەخشانی شیرین و رەوانی خۆی، بەسەرهاتەکانی مارکۆ دەست پێ دەکات:

لەو کاتەی کە خولقێنەری ئێمە خوای گەورە، بە دەستەکانی خۆی باوکی یەکەمی ئێمە واتە ئادەمی ئافرانە، تاکو ئەمڕۆ، هیچ مرۆڤێک، مەسیحی یان بتپەرست، تاتار یان هیندی، یان لە هەر نەژادێکی تر، وەکو خاوەن شکۆ مارکۆ پۆلۆ، نە بەشە جیاوازەکانی جیهان و سەیر و سەمەرە گەورەکانی دۆزیوەتەوە و. لەبارەیانەوە فێر نەبووە. لەراستیدا مەخابن بوو ئەگەر لە هەموو ئەو شتانەی کە بینیبووی و راپۆرتە باوەڕپێکراوەکانی کە بیستبووی، کتێبێک نەنووسێت. ئێستا ئەوانەی کە ئەم بەسەرهاتانەیان نەدیوە یان هیچ شتێکیان لەم بارەیەوە نەبیستووە دەتوانن کتێبەکە بخوێننەوە و شتی لێ فێر بین.(٥٦)

کاتێک کە لەنێوان جەنەوا و ڤینیسیا و پیزا لە ساڵی ١٢٩٩دا رێکەوتننامەیەک مۆر کرا و مارکۆ و رۆستیچلیلۆ لە زیندان ئازاد کران، کتێبی باسکراو بڵاو کرابوویەوە.

شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان

بڵاو بوونەوەی کتێبی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان لەساڵی ١٢٩٨دا، بەرەبەرە سەرنجی خەڵکی دەرەوەی شاری ڤێنیسیای بۆ لای مارکۆ راکێشا. لە دەرەوەی ڤێنیسیا بە گشتی ئەویان بە ((مارکۆی ملیۆنی)) بانگ دەکرد؛ بە هۆی بەکارهێنانی لەرادەبەدەری وشەی ((ملیۆن)) کاتێک کە وەسفی سامانی قوبیلای قائانی دەکرد.

وێنەی سەربەرگی یەکەم چاپی کتێبی مارکۆ پۆلۆ کتێبی پۆلۆ لە یەکەمین کتێبەکان بوو کە دوای داهێنانی چاپ لە ئەوروپا چاپ کرا.

کتێبی مارکۆ چەندین جار بڵاو کرایەوە و لە سەدەی شازدەمدا بە زۆربەی زمانەکان لەوانە لاتینی، ئەڵمانی، ئیسپانی، ئیتاڵی، ئینگلیزی و سکۆتلەندی (سیڵتی) وەرگێردرا، چونکە خەڵکی خوێندەواری رۆژئاوا زۆر حەزیان بە زانینی داب و نەریت و کلتوری رۆژهەڵات هەبوو. لە راستیدا کتێبی مارکۆ لە یەکەمین کتێبەکان بوو کە لە پاش داهێنانی چاپ لە ساڵی ١٤٥٥ لە ئەوروپادا لە چاپ درا، بە شێوەیەک کە بە بەشێک لە کتێبخانەی زاناکان و بنەماڵە خانەدانەکان دەهاتە هەژمار.

لە سەرەتای سەدەی چواردەمدا، پیێترۆ دابانۆ١- Pietro dabano، مامۆستای بەناوبانگی کۆلیژی پزیشکی

نەخشەی توسکانلی

هەڵەی مارکۆ لە دیاریکردنی شوێنی ژاپۆن، نزیکەی دوو هەزار کیلۆمەتر لە خۆرهەڵاتی چین، رۆڵێکی سەرەکی لە گەیشتنی کریستۆفەر کۆلۆمب بە دونیای نوێ لە ساڵی ١٤٩٢ دا هەبووە. ئەو وتارەی کە لە ساڵی ١٨٧٩ دا لە گۆڤاری دەستەی جوگرافیاناسانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەچاپ گەیشت، ئەم رووداوە روون دەکاتەوە:

یەکەم هەنگاو بۆ تەواوکردنی نەخشەی جوگرافیایی جیهان لەلایەن توسکانلی Toscanelli یەوە نرا، کە زانایەکی کوسمۆ لۆجیتی زانای فەرەنسی بوو. دیارە کە مەبەستی ئەو نەخشە جوگرافیاییەی ئەو گەلاڵەی کردووە، - نەخشەکەی وی ئێستا ون بووە -. پیشاندانی بەشی خۆرهەڵاتی ئاسیا و دوورگەکانی خۆرهەڵات و باشووری ئەو کیشوەرە بووە (بەشێک لە جیهان کە لەلای بەتلیمۆس نەناسراو بوو و توسکانلی لەسەر بنچینەی زانیارییەکانی مارکۆ پۆلۆ و کەسانی دیکەوە شارەزای لە بارەیانەوە پەیدا کردبوو). هەروەها توسکانلی دەیویست دەربخات کە دەتوانین لە رێگەی گەشتێکی دەریایی لە پورتوگالەوە بەرەو خۆرئاوا، بە ئاسیا بگەین، و لە زەریای ئەتڵەسی کە لەو سەردەمەدا ناسراو بوو تێپەڕین. توسکانلی لە ساڵی ١٤٧٤ دا ئەم نەخشەیەی بە هاوپێچی لەگەڵ نامەیەکدا بۆ کریستۆفەر کۆلۆمبس(کرسیتۆف کولۆمب) رەوانە کرد بۆ ئەوەی تێڕوانینی ئەم دۆزەرەوەیە کە نیازی ئەوەی هەبوو بە پەڕینەوە لە زەریای ئەتڵەسییەوە بە دوورگەکانی هیندی خۆرهەڵات بگات، پاڵپشتی لێ بکرێت. لەم نەخشەیەدا، توسکانلی دووری نێوان کەنارەکانی خۆرئاوایی پورتوگال تا بەشەکانی خۆرهەڵاتی ئاسیای بەسەر ٢٦ بەشدا دابەش کردبوو کە هەر یەکێک لەوان چوارسەد کیلۆمەتر درێژ بوو. پێدەچێت کە ناوبراو بەشەکانی خۆرهەڵاتی ئاسیایی لەسەر بنچینەی وتەکانی مارکۆ پۆلۆ، بە دوورگەکانی ژاپۆن، جاوە و هی دیکە پڕ کردبووەوە. ئەم تێگەیشتنە هەروەها لەسەر رووی ئەو گۆیە جوگرافیایەش کە مارتین بەهایم دروستی کردبوو بەرچاو دەکەوێت. پێدەچێت کە ئەم گۆ جوگرافیاییە هەر لەو ساڵەدا دروست کرابێت کە کرستۆفەر کۆلۆمبس ئەمریکای دۆزییەوە، دیسانەوە دەگوترێت کە مارتین بەهایم Martin Bahaim زانیاری جوگرافی پێویستی لە نەخشەکەی توسکانلی وەرگرتووە...

بە گشتی دەتواندرێت بگوترێت کە نەخشەی ئەو زەمانی جیهان لەسەر بناغەی شێوازی ئەو حیسابەی بەتلیمۆس گەلاڵەی کردووە و پاشان بەو زانیارییانە کە لە مارکۆ پۆلۆوە بەدەست هاتوون، تەواو کراوە.

پادوا، سەردانی مارکۆی کرد. پییترۆ کتێبەکەی مارکۆی خوێندبووەوە و دەیویست سەبارەت بە کەش و هەوای ئاسیا و هەروەها ئەو ئەستێرانەی کە لەو کیشوەرە دەبینرێن، چەند پرسیاری لێ بکات. ئەم مامۆستایە لە پاش گفتوگۆیەکی فراوان لەگەڵ مارکۆدا نامیلکەیەکی نووسی و لەناویدا بابەتی هەبوونی ئەستێرەیەکی گەورە کە تەنها لە رۆژهەڵاتدا دەبینرێت، خستیە ژێر باس و تاوتوێکردنەوە، و هەروەها پرسی ئەوەی خستە روو کە ئایا کەس دەتوانێت لە باشووری هێڵی کەمەرەیی (استوا) زەویدا بژیت یان نا. دابانۆ لە کۆتایی نامیلکەیدا نووسینەکانی مارکۆی وەکو سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری خۆی ناوبرد. ئەم دەقەی خوارەوە کە لە نامیلکەی ناوبراودا هەڵبژێردراوە بیروڕا زانستییەکانی سەرەتای سەدەی چواردەم سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کەش و هەوا و گەشەی جەستەیی مرۆڤ دەردەخات:

لەم بارەیەوە و سەبارەت بە بابەتی تریش، مارکۆی ڤینیسی چەندەها شتی پێم گوت، و ئەو کەسێکە کە زیاتر لە هەموو ئەوەکەسانەی من ناسیومن، لە جیهان گەڕاوە و توێژەرێکی وردبینە. ئەو هەمان ئەو ئەستێرەیەی لە ناوچەکانی جەمسەری باشوورەوە بینیوە. ئەم ئەستێرەیە پاشکۆیەکی درێژی هەیە، و ئەو وێنەکەی کێشاوە {کە لێرەدا دەیبینن}. ئەو لە هەمان کاتدا پێی وتم کە لە شوێنێکی بەرزدا ئەستێرەی جەمسەری باشووری بینیوە کە ئەستێرەکە بە ئەندازەی درێژی نەیزەیەکی سەربازێک دەهاتە بەرچاو، و پاشان ئەستێرەی جەمسەری باشوور لە پێش چاو نەماوە.. .

ئەو بە منی گوت کە گەرمای ئەوێ زۆر بەهێزە، و ڕێژەی دانیشتوانی زۆر کەمن. ئەو بەراستی ئەو شتانەی لە دوورگەیەکی دیاریکراودا بینیوە، ئەو دوورگەیەی کە لەرێگەی دەریاوە پێی گەیشتبوو. جگە لەمانەش ئەو دەڵێت کە جەستەی پیاوەکانی ئەوێ زۆر زلە.. .

مارکۆ هۆکاری ئەم بابەتە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە لەم جۆرە شوێنانە تاکەکان کاریگەری سەرمایان لەسەر نییە، سەرمایەک کە تێکدەرە و دەبێتە هۆی گرژبوونی جەستە(٥٧).

ئەوەی کە زانایەکی زانکۆی پادوا سەبارەت بە بابەتە زانستییەکان لەگەڵ مارکۆ راوێژ دەکات، خۆی لە خۆیدا ئەوە دەردەخات کە زانستی مارکۆ سەبارەت بە جوگرافیای رۆژهەڵات، بە درێژایی ژیانی، بە فەرمی دانی پێنراوە و رێزی لێ گیراوە. هەندێک لە مێژوونووسان باوەڕیان وایە ئەو ئەستێرەیەی کە مارکۆ لەگەڵ ((پاشکۆیە

درێژەکەی)) بینیویەتی لە ڕاستیدا هەر ئەو خاچی باشووره یان کۆمەڵە ئەستێرەیەیە کە تەنها لە نیوەگۆی باشووری زەوی دەبینرێت. پێدەچێت کە مارکۆ یەکەم ئەورووپی بێت کە بینینی ئەم ئەستێرەیەی تۆمار کردووه و نووسیویەتی. بەڵگەکانی ڕاستی ئەم بانگەشەیە لە بەرهەمەکانی دانتێ، شاعیری فلۆرانسی و هاوسەردەم لەگەڵ مارکۆدا، دەبینرێت. دەگوترێت کە دانتی لە کتێبەکەی خۆیدا کۆمیدیای یەزدانی باسی ئەستێرەی خاچی باشووری کردووه: (((بۆ لای ڕاست سوڕامەوه، لە مێشکمدا ورد بوومەوه/ لە جەمسەرەکەی تردتا ڕوانیم، و بینیم/ چوار ئەستێره کە هەرگیز پێشتر نەمبینیبوو.)) و ئەمە دەردەخات کە شاعیرەکە لە بوونی ئەو ئەستێرانە ئاگادار بووه. کاتێک کە دانتێ لە ساڵی ١٣٠٨دا دەستی بە نووسینی کۆمیدیای یەزدانی کرد، ڕەنگە هەواڵی هەبوونی ئەم کۆمەڵە ئەستێرەیەی تەنها لە مارکۆ پۆلۆ یان پرۆفیسۆر دابانۆ بیستبێ.

لە ساڵی ١٣٠٧دا شارڵ دوو والۆ، برای فیلیپی چوارەم، پاشای فەڕەنسا، لە مارکۆ داوای دانەیەک لە کتێبەکەی کرد و مارکۆش نموونەیەکی بۆ نارد. لەگەڵ کتێبەکەشدا نامەیەکیش بوو بەم ناوەڕۆکە: ((خۆشحاڵم لەو ڕێز و متمانەو بەهایە فراوانەی کە لە وڵاتانی جیهان هەمە، چونکە ئاواتم ئەمەیە کە خەڵکی جیهان ئاگادار بێت لەوەی من بینیومە.))

بە پێی ئاماژەکانی فرانچیسکۆ پیپینۆ، قەشەی مێژوونوسی پۆلۆنی، کتێبەکەی مارکۆ لە ماوەی ژیانیدا زۆر جێی سەرنج بوو. فرانچیسکۆ ئەو کەسەیە کە لە ساڵی ١٣٢٠دا کتێبی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان ی بۆ زمانی لاتینی وەرگێڕا و ئاماژەی کرد: ((لەبەر پێویستی لە ڕادەبەدەری زۆربەی برایان و باوکان {قەشەکان} و ڕێزداران ئەم کتێبەم وەرگێڕا.))(٥٩) پیپینۆ، مارکۆی وەکو پاڵەوانی ئایینی کاتولێک ستایشی کرد و وەهای نووسی: ((کتێبی مارکۆ خوێنەران فێر دەکات کە ڕێز لە جیاوازی و جوانی و جۆراوجۆریێتی و فراوانی ئەفراندنی خوا بگرن.))

ناوبانگ و ناوزڕاوی

ژیانی مارکۆ لە پاش گەڕانەوەی بۆ ڤێنیسیا بوو بە ئاوێنەیەک لە ناوبانگ و بەدناوی: لەکاتێکدا کە لەلایەن زانایان ستایش و ڕێزی لێدەگیرا، تووشی باوەڕ پێنەکردن و گومانی کەسانێک دەبوو کە زانیاری کەمیان سەبارەت بە جیهانی زانست هەبوو و نەیاندەتوانی لە ئەزموونەکانی مارکۆ بەو زانستە کەمەیانەوه تێبگەن. بەپێی گێڕانەوه باوەکان، منداڵان

له ڤێنیسیا فێر ببوون به دوای مارکۆدا غاردەن و بڵێن: ((مارکۆ، درۆیەکی تریش بڵێ!)) ئەزموونەکانی مارکۆ بۆ خەڵکی ئاسایی ئەوەندە ئاستەم بوو کە توانای ئەوەیان نەبوو باوەری پێبکەن. هاوڵاتییە ڤێنیسییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نەیاندەتوانی تێبگەن خەڵوزی بەردین چییە، و باوەڕکردنی ئەوەی کە ((جۆرە بەردێک هەیە وەکو دار دەسووتێت)) بۆیان ئاستەم بوو. ((مارکۆی ملیۆنی)) نازناوێکی تری مارکۆ بوو کە لەسەر مارکۆ مایەوە. تەنانەت ئێستاش خانووە کۆنەکەی مارکۆ پۆلۆ بە ((دەرباری ملیۆنی)) بەناوبانگە و کتێبەکەی لە زمانی ئیتاڵی بەناوی ئیل ملیۆنە {مرۆڤی ملیۆنی} دەناسرێت. بەپێی گێڕانەوەکان لە پاش مردنی مارکۆش لە کەرنەڤاڵ و جەژنەکانی ڤێنیسیادا کەسانێک وەکو بازرگانی دۆزەرەوە جلیان لەبەر دەکرد و خۆیان بە ناوی مارکۆ پۆلۆ دەناساند و لە رۆیشتنیاندا چەند چیرۆکێکی ناشرین و پووچ و بێ بنەمانایا دەگێڕایەوە.



مارکۆپۆلۆ لە ڤێنیسیا بە هۆی زانیاری و زانستە بەربڵاوەکەی سەبارەت بە جیهان ناوبانگی پەیدا کرد، لە کاتێکدا کە زۆرێک لە خەڵک چێژیان لە چیرۆکە خەیاڵاوی و خۆش و تازەکانی وەردەگرت، هەندێکی تر پێیان وابوو کە ئەم چیرۆکانە لە ڕادەبەدەر سەیرن.

دەربارەی ژیانی پاش ئازادبوونی مارکۆ زانیاری ورد و رون لەبەر دەستدا نییە. کاتێک سالانی چلی لە ژیانی خۆیدا بەڕێ دەکرد لەگەڵ خانمێکی ڤێنیسی خانەدان بە ناوی دۆناتا ١- Donata ژیانی هاوبەشی پێک هێنا و بوونە خاوەن سێ کچ: فانتینا٢-Fantina، بڵێلا٣- Bellela و مۆریتا٤- Moreta . لەساڵی ١٣٠٠دا نیکۆلۆ پۆلۆ کۆچی دوایی کرد و لە ساڵی ١٣١٠دا مامی مارکۆ، مافیۆش کۆچی دوایی کرد. مارکۆ وەک جاران لە کارە بازرگانییەکانی بەردەوام بوو: فرۆشتنی شتی خۆجێیی، لەوانەش شوشەی ڤێنیسی، ئاسن(کانزاکان)،

خشڵ و ئاورێشم و له هەمانکاتدا هاوردنی شتومەکی وەک قوماش، رەنگ، دەرمان و هەر شتێکی داواکراو. هەرچەندە بەشی زۆری، مەڵەکانی مارکۆ لەگەڵ بیانییەکاندا بوو بەڵام یاساکانی ڤینیسیا ئێستاکە پەیوەندی راستەوخۆی نێوان بازرگانەکان و هەناردەکارانی بیانی قەدەغە دەکرد، بەم پێیە مارکۆ ناچار بوولەو بەینەدا دەلالێک بەکاربهێنێ جگە لەوەش، مامەڵەکردن لەگەڵ بیانییەکان بە گۆڕینەوەی کالا ئەنجام دەدرا و مامەڵەی نەختینە رێگەپێدراو نەبوو. ئەوە بوو کە بیانییەکان تەنها کالا بازرگانییەکانیان لەگەڵ کالا ڤینیسیاییەکان دەگۆڕییەوە. کڕین و فرۆشتن بە پارە تەنها لە نێوان بازرگانە ڤینیسیاییەکان رێگەی پێدرابوو و ئەمەش دەبووە هۆی پاراستنی بەهای دراوی باو لە شارەکە کە لە قازانجی بازرگانەکاندا بوو. هەرچەندە مارکۆ تا کۆتایی ژیانی خەریکی بازرگانی کردن بوو، بەڵام پێدەچێت کە چەند ساڵانی کۆتایی ژیانی زیاتر خەریکی بڵاو کردنەوەی کتێبەکەی بووە. مارکۆ چەندەها جار کتێبەکەی نووسیبوەوە و هەر کڕیارێک کە داوای دەکرد کتێبێکی پێدەدا.

((من ئەوە باوەڕ ناکەم))

نووسینێک کە بە دانەیەک لە کتێبی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان لە فلۆرانس هاوپێچ کراوە بەدگومانی و ناباوەڕی زۆربەی خەڵک بەرامبەر بەم کتێبە دیار دەخات، ئەم نووسینە لەلایەن کەسێکەوە بە کتێبەکەوە هاوپێچ کراوە کە لە ساڵی ١٣٩٢دا دووبارە کتێبەکەی نووسیوەتەوە:

لێرەدا کتێبی بەڕێز مارکۆ پۆلۆی ڤینیسی بە کۆتا دێت، ئەو کتێبەی کە من، ئامیلیۆ بۆناگوئیسی، لەو کاتەی کە بەڕێوەبەری پۆلیسی چیرتۆ گوێدی بووم، بۆ خۆشی و پڕ کردنەوەی کاتەکانم بە دەستی خۆم دوبارە نووسیومەتەوە. ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بە بۆچوونی من راست نییە. ئەو رووداوانەی کە ئەو باسی دەکات نەک بەدرۆ، بەڵکوو زۆرتر بە موعجیزە دەچن. لەوانەیە ئەو شتانەی کە باسی دەکات راست بن، بەڵام باوەڕیان پێ ناکەم، هەرچەندە کەم یان زۆر شتی جیاواز لە وڵاتە جیاوازەکاندا دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کتێبەی کە بۆ خۆشی دووبارە نووسیومەتەوە، بە بۆچوونی من لە هەندێک بابەت پێکهاتووە کە نە باوەڕ دەکرێت و نە بنەمای هەیە. لانیکەم ئەمە بۆچونی منە. من دووبارە نووسینییەوەی ئەم کتێبەم لە هەمان شوێندا کە ئاماژەم پێکرد، چیرتۆ گوێدی، لە رێکەوتی ١٢ی نۆڤەمبەری ساڵی سەروەرمان مەسیح ١٣٩٢ تەواو کرد،

ئێستا کە کتێبەکە تەواو بووە، سوپاس و رێزمان هەیە بۆ گەورەمان مەسیح، ئامین.

هەرچەندە مارکۆ لە کتێبەکەیدا گەشتەکانی جۆڤانی دی پلانۆ کارپینی و ویلیام روبرێک - سەرۆکەکانی شاندی ئایینی مەسیحی کە لە نیوەی سەدەی سێزدەمدا گەشتیان بۆ مەنغۆلیا کردبوو -ی پشتڕاست کردەوە، بەڵام یەکێک لەو هۆکارانەی کە کتێبەکەی زیاتر لە ئەفسانەیەک ئەژمار نەکرا، پشتڕاست نەکردنەوەی لە لایەن بەرپرسانی ئایینی بوو. ماوەیەکی زۆر لە نووسینی ئەم کتێبە تێنەپەڕی بوو کە دەرکەوتنی بنەماڵەی مینگ لە چین و جێگیربوونی دەسەڵاتی تورکەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەشتکردنی لە سەرانسەری ئاسیادا سەخت کرد و جارێکی تر گەشت بۆ رۆژهەڵاتی دووری بۆ گەشتیارانی رۆژئاوا دژوار کرد.

ماوەیەکی زۆر لە نووسینی کتێبی(شرۆفەیەک سەبارەت بە جیهان) تێنەپەڕیبوو کە پاپا کلیمەنسی پێنجەم گشت مامەلە بازرگانییەکانی لە گەڵ موسوڵمانان قەدەغە کرد. ئەم پرسە و دەرکەوتنی رووداوەکان تر ، گەشتکردن بۆ رۆژهەڵاتی ناڤینی دژوار کرد.

لە ساڵی ١٣٠٧دا پاپا کلیمێنسی پێنجەم هەموو جۆرە بازرگانییەکی لەگەڵ مسوڵمانەکان کە بە دوژمنی کلێسا دەژمێردران، قەدەغە کرد. بە پێی نەریتی رێکەوتنامەی بازرگانی نێوان مسوڵمانان و ڤێنیسیەکان و خەڵکانی تری ئەوروپا بەم رستەیە دەستی پێدەکرد: ((بەناوی خوا و پێغەمبەرەکەی موحەممەد))؛ رستەیەک کە کلێسا پێی خۆش نەبوو پشتڕاست و واژوو بکرێت.

فەرمانی پاپا کاریگەرییەکی زۆر کەمی هەبوو، زۆربەی بازرگانەکان لە کڕین و فرۆشتن لەگەڵ مسوڵمانەکاندا بەردەوام بوون و چارەیەکیان بۆ ئەم گرفتانە دۆزییەوە، ئەوان لە کاتی مردندا سامانی خۆیان پێشکەش بە کلێسا دەکرد و لە بەرامبەردا دەکەوتنە

بەر لێبوردن و بەخشین؛ لەگەڵ ئەوەشدا رووداوە جیاوازەکان، بە تایبەت رووخانی ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی کە ببووە هۆی وازهێنانی گەشتیاران لە گەشت کردن بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەیوەندی لەگەڵ چینی بە یەکجاری مەحاڵ کردبوو.

ئیمپراتۆرێکی گرفتار



کاتێک کە مارکۆپۆلۆیان بەوە تۆمەتبار کرد کە، شتی بۆ جیرۆکەکانی گەشتەکەی زیاد کردووە، لە وەڵامدا گوتی:((هێشتا نیوەی ئەوەی کە بینیومە نەمگوتووە)).

لە پاش مردنی قوبیلای قائان لە ساڵی ١٢٩٤دا، تەیموری کوڕی، بووە خانی گەورە و پاش ئەویش ژمارەیەک لە کورەناڕەسەنەکانی ئەم پۆستەیان وەرگرت.

لە ساڵی ١٣٢٨دا شەڕی ناوخۆیی بنەماڵەی پاشایەتی مەغۆلی هەژاند، رکەبەریی و دووبەرەکی ناوخۆیی، بنەماڵەی پاشایەتی یوانی لاواز کرد. جگە لەم گرفتانە، لافاوەبەربلاوەکانی رووباری زەرد و سەرهەڵدانی قات و قڕی لە چینی باکوور، چەندین گرفتی دروست کرد. جوتیارەکان بەروبومەکانیان لەناو چووبوو و لە بەرامبەر وەرگرتنی باج دەوەستان و شۆرشیان دەکرد. لە هەمان ئەو رۆژانەدا، جوتیارانی باشووری چین کە بەروبومیان زیانی بەرنەکەوتبوو باجی زیاتریان بەسەردا سەپێندرا. بەرپرسان دەیانویست تۆڵەی نەبوونی باج لە باکوور بکەنەوە. بەم شێوەیە جوتیارەکانی باشوریش دەستیان بە شۆڕش کردبوو.

چینییەکان بەردەوام رقیان لە ژێردەستەبوونی مەغۆلەکان دەبوەوە و ژمارەیەک لە شۆڕشگێرانی چینی ئەنجومەنی نهێنییان دروست کردبوو تا لە کاتی شیاودا دەست بە شۆڕش بکەن. لە ساڵی ١٣٦٨دا راهیبێکی بووزی بە ناوی چوویووان چانگ١- Ghuyuan-Ghang بە سەرکردایەتی ئەم شۆڕشانە خانبالقی داگیر کرد و مەغۆلەکانی دەرکرد. زنجیرەی پاشایەتی مینگ (بە واتای ((درەوشاوە))) بە حوکمرانانێکی چینی لەم سەردەمەدا دەستی پێکرد. ئەم زنجیرە پاشایەتییە کە بەتوندی دژی بێگانەکان بوو رێی لە هەموو جۆرە پەیوەندییەکی بازرگانی یان کلتوری لەگەڵ بێگانەکاندا گرت. لە ساڵی ١٣٨٢دا دوایین مەغۆلییەکان لە چین دەرکران و مەغۆلەکان دووبارە گەڕانەوە ئەستێپە(سەوزاییە)کانی وڵاتی مەنغۆلیا.

لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەمدا رێگا بازرگانییەکان و رێگای ئاورێشم وەکو پێشوو، واتە ئەو کاتەی کە مەغۆلەکان پارێزگارییان لێدەکرد، پارێزراو نەبوون. بە لەناوچوونی ئیمپراتوریەتی مەغۆل، مسوڵمانەکان جارێکی تر کۆنترۆڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان گرتە دەست، لە لایەکی ترەوە بەهێزبوونی دەسەڵاتی تورکەکان لە رۆژئاوای ئاسیا لە سەرەتاکانی سەدەی چواردەمدا، بووە هۆی داخستنی رێگا وشکانییەکان کە لە ئەورووپاوە بۆ بەشەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا دەچوو. تورکەکان ئایینی ئیسلامیان وەرگرتبوو و لە ئاسیای بچووک و باکوری سوریا بۆ خۆیان بناغەی فەرمانڕەوایەکی بەهێزیان دانابوو. بەم شێوەیە پاش چەند ساڵ لە گەڕانەوەی مارکۆ بۆ ڤێنیسیا رێگا وشکانییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ لای رۆژهەڵاتی دوور تا رادەیەک دژوار بوون و بازرگانە ڤێنیسییەکان نەیاندەتوانی بە شێوەیەکی راستەوخۆ سوود لە ئەزموونەکانی گەشتەکانی مارکۆ پۆلۆ وەربگرن. گەشتیارە سەربەگێچەڵەکانیش توانای ئەزمۆنکردن پشتڕاستکردنی چیرۆکەکانی مارکۆیان نەبوو. پەیوەندی فەرمی ئەورووپییەکان لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ماوەی دووسەد ساڵ روی نەدا، و پاش ئەم ماوەیەش جیهانگەڕێکی پورتوگالی بەناوی ڤاسکۆ دۆگاما کە ئیلهامی لە کتێبی مارکۆ وەرگرتبوو لە ساڵی ١٤٩٧دا گەیشتە هیند.

کۆچی دوایی مارکۆ پۆلۆ

کاتێک کە مارکۆ لە تەمەنی حەفتا ساڵاندا نەخۆش کەوت و لەناو جێ کەوت بە دوای پارێزەرێکی فەرمی نارد تا کاری دابەش کردنی سامانەکەی بۆ رێک بخات. هەروەها

داوای کرد تا قەشەیەکیش لەسەر سەرینی ئامادە بێت. مارکۆ راسپاردەکانی خۆی بەپارێزەرەکە نووسی و بڕیاریدا بە ئەندازەی دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی ژیان، بۆ نموونە جلوبەرگ و کەلوپەلی ناو ماڵ و شتی تر، پارە بە هاوسەرەکەی بدرێت. هەروەها رایگەیاند کە خزمەتکارەێکی بەناوی پیتەر، کە لە ئاسیا هێنابووی، بە یەکجارەکی لە کۆیلایەتی ئازاد بکرێت و هەروەها درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی: ((هەموو ئەو شتانەی کە لە ماڵەکەیەتی و بەکار کردن و ماندووبوونی خۆی بە دەستی هێناوە پێی دەبەخشم، جگە لەمەش بڕی سەد لیرەی دیناری ڤێنیسیایی پێشکەشی دەکەم.))(١٦) مارکۆ باقی سامانەکەی لە نێوان سێ کچەکەیدا بە شێوەیەکی یەکسان بۆ سێ بەش دابەش کرد.

پسولەیەکی دارایی مارکۆ لە کاتی مردنی ئەوە دەردەخات کە فانتینا و بلێلا و مۆریتا {کچەکانی} ژمارەیەکی زۆر کەلوپەلی بیانییان لە باوکیانەوە بەمیرات بۆ ماوەتەوە، بۆ نموونە قوماشی بەنرخی بە زێڕ یان بە زیو دووراو و لەوحە زێڕینەکەی قوبیلای قائان کە بۆ گەشتی سەلامەت بە مارکۆی دابوو و پشتێنێکی زیوینی کۆنی مەغۆلی. جگە لەمانەی کە باسمان کرد شتێکی بەنرخی تر کە بۆ کچەکانی مارکۆ مابوونەوە جۆرێک لە کڵاوی تەشریفاتی ژنەکانی مەغۆلی بوو. ئەگەری زۆرە کە ئەم کڵاوە شازادە کۆکاچین لە کاتی ماڵئاوایی لە ئێراندا پێشکەش بە مارکۆی کردبێت. (لەو سەردەمەدا ئەو نەریتە لە نێوان بنەماڵەی پاشاکاندا باو بوو کە لەکاتی ماڵئاواییدا بەشێک لە جلی پاشایەتی وەکو رێزلێنان و هەروەها دیاری پێشکەش بە کەسەکەی بکەن.) مارکۆ پاش بەخشینی گشت سامانەکەی، پارێزەرە فەرمییەکەی بەڕێ کرد و ئەو کات قەشەکە دوایین ریوڕەسمی ئایینی بۆ مارکۆ ئەنجامدا.

ژمارەیەک لە هاوڕێ نزیکەکانی لە کاتی مردنیدا سەردانی مارکۆیان کرد و داوایان لێکرد بۆ ئارامبوونی گیانی لە جیهانەکەی تردا لە هەندێک لەو چیرۆکانەی کە باوەڕکردنیان ئاستەم بوو، نکۆڵی بکات. وەڵامی مارکۆ رستەیەکی بنبڕ بوو: ((هێشتا نیوەی ئەو شتانەی کە دیومە، نەمگوتووە.)) لە هەشتی جێنیوەری ساڵی ١٣٢٤دا، کەمێک پاش رۆژئاوابوون، مارکۆ لەناو جێی خۆی لە ماڵەکەیدا کۆچی دوایی کرد. ئەویان لە تەنیشت باوکی لە کلیسا سان لۆرێنزۆ لە ڤێنیسیا بەخاک سپارد.

پاشکۆ

میراتی مارکۆ

کتێبی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان بۆ نەوەکانی داهاتوو زانیارییەکی فراوان سەبارەت بە شارستانییەت ئاسیا بەجێهێشت، زانیاریگەلێک سەبارەت بە مێژوو، ئایین، سیاسەت، ئابووری، مرۆڤناسی، گیانەوەرناسی، روەکناسی و جوگرافیای ئەم کیشوەرە.



راپۆرتەکانی مارکۆ پۆلۆ بونە هۆی ئەوەی چاو بە داتا جوگرافییەکاندا بخشێنرێتەوە و لە هەمانکاتیشدا هۆگریی ئەوروپاییەکانی بۆ دۆزینەوە وروژاند.

لە پێشەکی کتێبەکەی رۆستێلۆدا هاتووە:

مارکۆ گەیشتە ئەو باوەڕە کە ناکرێ لەبارەی ئەو شتە زۆرانەی کە بینیویەتی و ئەو راپۆرتی متمانەپێکراوانەی لەبارەیان بیستووە، کتێبێک نەنووسێت. دەبوایە کتێبێک بنوسێت تا خەڵکیش لە ئەزموونەکانی بەشدار بن و سوود لەو شتانەی کە مارکۆ فێریان بووە وەربگرن.

زۆربەی مێژوونووسان لەگەڵ ئەم بۆچوونەن کە گەشتەکانی مارکۆ وێڕای گرنگ بوونیاندا، کاریگەریەکی کەمی لەسەر ڤێنیسیای سەدەی سێزدەم یان دەوڵەتانی هاودەمی ئەوروپایی دانا. گرنگی گەشتەکانی مارکۆ پاش تێپەڕینی ماوەیەک بەدیار کەوت. لە ئەنجامدا

ئەم گەشتانە بوونە هۆی ئەوەی بۆچوونە جوگرافیاییەکانی ئەوروپییەکان سەبارەت بە جیهان بگۆڕێ و بە بەدەستهێنانی زانیاری لە دورترین شوێنی ئاسیا، سەرنجیان بۆ دۆزینەوەی سەرزەمینە بیانییەکان رابکێشرێت.

ئەو دەمەی کە ئەوروپییەکان ترسیان لە بیانییەکان هەبوو و گومانیان بەرامبەر کەلتور و نەژادە جیاوازەکان، هەبوو کتێبەکەی مارکۆ دەریخست کە ئاسیاییەکانیش خەڵکێکی هێمن و بەسۆزن و رەفتارێکی دۆستانەیان هەیە و حەزیان لە پەیوەندی لەگەڵ رۆژئاوادایە.

لە ماوەی دوو سەدەدا شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان بوو بە کتێبێکی خۆشەویست و پڕلایەنگر و سەرنجی زۆر لە خوێنەرانی لە سەرانسەری ئەوروپا بۆ خۆی راکێشا. نمونەی یەکەمی کتێبەکە چەندین جار دووبارە روونوسی کرایەوە. نزیکەی ١١٩ دانە بە زمانە جیاوازەکانی ئیسپانیۆلی تا سێلتی {سکۆتلەندی} لە چەندەها شوێن دۆزراوەتەوە. شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان یەکێک بوو لە سەرەتاییترین کتێبەکان کە بە ئامێری چاپی داهێنانی یووهان گۆتەنبەرگ لە ساڵی ١٤٥٥دا، چاپ کرا. نموونەی یەکەمی چاپکراوی کتێبی مارکۆ، وەرگێڕاوی زمانی ئەڵمانی ئەم کتێبە بوو، و ئەم چاپەیش لە ساڵی ١٤٧٧دا لە شاری نۆرمبێرگ بە ئەنجام گەیشت.

وەسفە جوگرافیاییەکان

ماوەیەکی کورت لە پاش مردنی مارکۆ، کتێبەکەی بووە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ زانایانی بواری جوگرافیا و سوودوەرگرتن لە وەسفەکانی ئەو لە دوو زنجیرە نەخشەی جوگرافیایی، تیۆریی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپای سەبارەت بە رۆژهەڵاتی دووری گۆڕی. ئەتڵەسی جوگرافیایی لۆرێنسیان (وەرگێراو لە ناوی لۆرێنتسۆ دۆ میدیچی١- Lorenzo de Medici) کە لە ساڵی ١٣٥١دا تەواو بوو، و ئەتلەسی کاتالان کە لە ساڵی ١٣٧٥دا تەواو بوو، نەخشەی ئاسیای ناوەڕاست، ئاسیای رۆژهەڵات و چەند بەشێک لە هیندی بەپێی باسەکانی مارکۆ پۆلۆ دایانڕشتەوە و جێبەجێیان کرد. هەردوو نەخشەی ناوبراو هەوڵ دەدەن تایبەتمەندییە جوگرافییەکان لەسەر بنەمای بینین دامەزرابێت نەوەک لەسەر بنەمای ئەفسانە فۆلکلۆرییەکان یان وتەکانی کتێبی پیرۆز. بەم جۆرە شێوازی کار و وەسفە جوگرافیاییەکانی مارکۆ پۆلۆ لە دوایین ساڵانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بوو بە میتۆدو سەرچاوەی سەرەتایی زانیاری ئەوروپییەکان سەبارەت بە ئاسیا. گەشتیارانی

ئەم سەردەمەش کە هەمان ڕێگای مارکۆی گەشت کردنی ئاسیایان هەڵبژاردووە دەڵێن کە چەمکی ((یەک ڕۆژە ڕێیەک)) کە مارکۆ بۆ دیارکردنی مەودا بەکاری دەهێنا، هێشتاش لە ڕێگا کۆنەکان بۆ دیاریکردنی مەودا بەکار دێت. تەنانەت نەخشە جوگرافیاییەکانی سەدەی شازدەمیش کاریگەری کتێبی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان دەردەخەن. کورتە مێژوویەکی نەخشەسازی کۆن، دەڵێت کە نەخشەی ڕۆمی یوهان ڕۆیس،٢- Johann Ruysch لە ڕێکەوتی ١٥٠٨ کە ناوچەکانی ناوەوەی ئاسیای ڕۆژهەڵاتی دارشتبوو ((ئیدی لەسەر بنچینەی بنەماکانی مارینۆسی وێنەیی و بەتلیمۆس دیزاینی نەکردبوو.. بەڵکو زیاتر پشتی بە ڕاپۆرتە نوێیەکان، بە تایبەت ڕاپۆرتەکانی مارکۆ پۆلۆ بەستبوو.))



ئەتلەسی کاتالان کە لە ساڵی ١٣٧٥ دا تەواو کرا، چەند بەشێک لە ئاسیا لە سەر بنەمای گەشتەکانی، مارکۆپۆلۆ شیدەکاتەوە.

ڕەنگە بەهێزترین کاریگەریی کتێبی مارکۆ لەسەر ئەوروپا، کاریگەری لەسەر بۆچوونی دۆزەرەوەی ئیتاڵی کریستۆف کۆلۆمب بووە. کتێبی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان ژاپۆن وەکو دوورگەیەک دەناسێنێت کە پڕە لە زێڕ و ئەو کاڵایانەی کە خەڵک بە دوایدا دەگەڕێن، لە هەمانکاتدا مەزەندەی ئەوە دەکات کە ژاپۆن نزیکەی دوو هەزار کیلۆمەتر لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی چین دوور بێت. ئەم مەزەندە دڵاوایانەی مارکۆ سەبارەت بە مەودای نێوان ژاپۆن و چین، کە لە مەزەندەکانی زانا جوگرافیيە سەرەتايەکان زۆر



به ڕەچاوکردنی کتێبی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان، کریستۆف کۆلۆمب بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە بە هاژوشتنی کەشتی بەرەو ڕۆژئاوا، دەتوانێ بگاتە ڕۆژهەڵات، لە بڕی گەیشتنی بە ڕۆژهەڵات، ئەو ئەمریکای دۆزیوە.

زۆرتر بوو، لەگەڵ باسەکانی ئەو سەبارەت بەو سامانەی کە دەکرێ لە ژاپۆندا بەدەست بهێنرێت، کاریگەری بنبڕی لەسەر کریستۆف کۆلۆمب هەبوو لەسەر ڕازیکردنی بۆ گەیشتن بە ڕۆژهەڵات لە ڕێڕەوی ڕۆژئاوای زەریای ئەتڵەسی.

ئێستا واهەڵدەهێنجرێت کە کریستۆف کۆلۆمب لە ژێر کاریگەریی کتێبی مارکۆ نیازی ئەوەی هەبووە کە سەردانی چین و ژاپۆن بکات؛ چونکە لە گەشتەکەیدا دانەیەک لە کتێبی شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان لەگەڵ چەند نامەیەک لە لایەن فردیناند و ئیزابێلا، پاشا و شاژنی ئیسپانیا، بۆ ((خانی گەورە کیتای {چین})) لابووە. بەم جۆرە کتێبی مارکۆ وەکو ئامرازێک لە دۆزینەوەی جیهانێکی نوێ لەلایەن ئەورووپییەکان سوودی لێوەرگیراوە؛ کاتێک کە کریستۆف کۆلۆمب بەرەو ئاسیا بەڕێ کەوت، لە جیاتی ئاسیا نیوەگۆی ڕۆژئاوای زەوی دۆزییەوە.

کریستۆف کۆلۆمب تاکە گەشتیارێک نەبووە کە سوودی لە وەسفەکانی مارکۆ وەرگرتوە، وەسفەکانی مارکۆ سەبارەت بەو وڵاتانەی کە پڕن لە سەرچاوە سروشتییەکان و کاڵای شیاوی هەڵگرتن وەکو زێڕ و خشڵ و دار و بەهارات بۆ کەسانی تریش وەسوەسە هێن بوو.

لە ساڵی ١٤٢٨دا دانەیەک لە کتێبی مارکۆ لەگەڵ نەخشەیەک کە لەسەر وەسفەکانی ئەو کێشرابوو، پێشکەش بە بنەماڵەی پاشایەتی پورتوگال کرا. گەشتی ڤاسکۆ دۆگامای دۆزەرەوەی پورتوگالی کە لە ساڵی ١٤٩٧دا لە ڕێگەی دەریاوە گەیشتە هیند، پەیوەندی بەم کتێب و نەخشەیەوە هەبووە. گەشتە سەرکەوتووەکەی دۆماگا سەرنج و متمانەی بۆ کتێبەکەی مارکۆ بەدیاری هێنا. وەسفەکانی مارکۆ سەبارەت بە چین، ژاپۆن،

شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان، بووە هۆی جموجۆڵی دۆزەرەوەی پورتۆگالی ڤاسکۆدۆگاما کە لە ساڵی ١٤٩٧ دا گەییشتە هیند، گەشتی دوگاما ڕاستی زانیارییەکانی کتێبەکەی پشتڕاست کردەوە.

سوماترا و هیند پاڵنەر بوو بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دۆزەرەوەکانی ئیسپانی و هەروەها سێر فرانسیس درەیک Sir Francis Drake-١ و سێر والتەر رەلی٢-Sir Walter Raleigh بەریتانی.

شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان یارمەتی ئەوەی داکە بیری ((لەمە زیاتر مەڕۆ)) neplus ultra-٣ی سەدەکانی ناوەڕاست تێپەڕێنرێت؛ ئەو بۆچوونەی کە لە کتێبی کۆمیدی یەزدانی دانتێدا دەبینرێت: ئەو شوێنەی کە ئولیسی گەڕێدە و دۆزەر، بە فەرمانی خوا لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە، چونکە هەوڵی تێپەڕین لە جەبەل تاریق (کە لەو سەردەمەدا بە ئەستوونەکانی هێرقل دەناسران) و زەریای ئەتڵەسی و چوونە ناو بەشە نەناسراوەکانی دابوو.

بەم شێوەیە بە سوودوەرگرتن لە کتێبەکانی وەکو شرۆڤەیەک سەبارەت بە جیهان ئەوروپا لەو بارودۆخەی سەدەکانی ناوەڕاست کە دەیگوت مرۆڤ نابێت لە سنوورێکی دیاریکراو تێپەڕێت، رزگاری بوو و گەیشتە قۆناغی رێنسانس، کە باوەڕی بە توناکانی مرۆڤ هەبوو. رەنگە باشترین سیمای تێپەڕینی ئەم قۆناغە لەسەر دەستی شارڵی پێنجەم فەرمانڕەوای ئیمپراتۆریی پیرۆزی رۆم پیشان درا، کە لە ساڵی ١٥١٩دا بەو

زێڕانەی کە لە وڵاتی پیرۆ هێنابووی لیرەگەلێکی دروست کرد(سککەی لێدا) کە لەسەریان وێنەی ئەستوونەکانی هێرقل {جەبەل تاریق} کێشرابوو و لەژێریشیان نووسرابوو: ((بۆ پێشەوە)).

وەسفە جوگرافیاییەکانی مارکۆ لە جیهان، کاریگەرییەکی یەکلکەرەوەی لە بەرەوپێشبردنی ئەورووپا و گەیشتنی بە قۆناغی دۆزینەوەکان. هەبوو کتێبی مارکۆ بیری خاوەندارێتی هێزی دۆزینەوەی لە ناخی مرۆڤدا هاندا؛ ئەو هزرەی کە لە کۆتاییدا گەیشتە قۆناغی چەوسانەوە (کۆلۆنیالیزم؛) ئەو قۆناغەی کە ئەورووپا هەوڵیدا بەشەکانی تری جیهان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

پەراوێزەکان

پێشەکی: پێشەنگانی چاخی نێودەوڵەتی

1. Cottie A. Burland, *The Travels of Marco Polo*. New York: McGraw-Hill, 1970.

بەشی یەکەم:

2. Richard Humble, *Marco Polo*. London: Weidenfeld and Nicolson, 1975.
3. Quoted in Rebecca Stefoff, *Marco Polo and the Medieval Explorers*. New York: Chelsea House, 1992.
4. Ezekiel 5:5.
5. Stefoff, *Marco Polo and the Medieval Explorers.*
6. Stefoff, *Marco Polo and the Medieval Explorers.*
7. Stefoff, *Marco Polo and the Medieval Explor ers.*
8. Quoted in Manuel Komroff, ed., The Travels of *Marco Polo*. New York: Boni and Liverwright, 1926.

بەشی دووەم: یەکەمین گەشتی برایانی پۆلۆ

9. Henry H. Hart, *Marco Polo: Venetian Adventurer*. Stanford, CA: Stanford University Press, 1942.
10. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer.*
11. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer.*
12. Quoted in Ronald Latham, transl. and ed., *The Travels of Marco Polo*. London: Penguin Books, 1958.
13. Leonardo Olschki, *Marco Polo's Asia* (transl. John L. Scott). Berkeley: University of California Press, 1960.

بەشی سێیەم: گەشتی دووەمی برایانی پۆلۆ

14. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer.*

15. Quoted in Maria Bellonci, transl., and Teresa Waugh, ed., *The Travels of Marco Polo*. New York: Facts on File, 1984.
16. Latham, *The Travels*.
17. Quoted in Robert Silverburg, *The Realm of Prester john*. Garden City, NY: Doubleday, 1972.
18. Latham, *The Travels*.
19. Hart, *Venetian Adventurer*.
20. Quoted in Latham, *The Travels*.
21. Dante, quoted in Olschki, *Marco Polo*'s Asia.
22. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer*.
23. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer*.
24. Latham, *The Travels*.
25. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer*.
26. Latham, *The Travels*.
27. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer*.

بەشی چوارەم: خانباڵق: لە دیوانی خانی مەزندا

28. Sir Percy Sykes, *The Quest for Cathay*. London: A. & C. Black, 1936.
29. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer*.
30. Latham, *The Travels*.
31. Latham, *The Travels*.
32. Latham, *The Travels*.
33. Quoted in Komroff, *The Travels*.
34. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer*.
35. Latham, *The Travels*.
36. Latham, *The Travels*.
37. Latham, *The Travels*.
38. Olschki, *Marco Polo's Asia*.

بەشی پێنجەم: هەڵاتن لە خانباڵق

39. Quoted in Henry H. Hart, *A Garden of Peonies*. Stanford, CA: Stanford University Press, 1938.
40. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer*.
41. Latham, *The Travels*.
42. Hart, *Venetian Adventurer*.
43. Latham, *The Travels*.
44. Latham, *The Travels*.

45. Latham, *The Travels.*
46. Latham, *The Travels.*
47. Latham, *The Travels.*
48. Latham, *The Travels.*
49. Latham, *The Travels.*
50. Latham, *The Travels.*
51. Quoted in Burland, *The Travels.*

بەشی شەشەم: گەڕانەوە بۆ ڤینیز

52. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer.*
53. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer,*
54. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer.*
55. Latham, *The Travels.*
56. Latham, *The Travels.*
57. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer.*
58. Dante, *The Divine Comedy,* quoted in Antiònio Giordano, *Marco Polo and Afte*
York: Adelaide Press, 1974.
59. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer.*
60. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer.*
61. Quoted in Hart, *Venetian Adventurer.*

پاشکۆ: میراتی مارکۆ

62. Quoted in Latham, *The Travels.*
63. Hart, *Venetian Adventurer.*

زنجیرەی مێژووی جیهان وەک زنجیرە کتێبێک کە چەندین تەوەرەی وەک : بیری سیاسی و فەرهەنگی و فەلسەفی و مێژوویی و ... لەخۆ دەگرێت، هەوڵدەدات دیدگایەکی قووڵتر و ڕوونتر لە ڕەوتی مێژوو بخاتەڕوو.

ئەم زنجیرەیە بەخستنەرووی بوارە کلتوورییەکان و ڕووداوە مێژووییەکان خوێنەر بەرەو خۆی ڕادەکێشێ و ئەم زنجیرەیەی لەبەر دەستی ئێوەی خوێنەری ئازیز دایە، بە نێو شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میسرِی کۆن و یۆنان و رۆم و ئەوروپای سەدەکانی ناوەراست و هەردوو ئامریکادا گوزەردەکات و بەم شێوەیە زۆربەی لایەنە سیاسی و کولتووری و ئاینی و فەلسەفییەکانی ئەو نەتەوە و وڵاتانە لە هێڵەک دەدات ، بۆیە نەک هەر خوێنەر شارەزای بنەماکانی مێژوو دەکات ، بەڵکو لەهەوڵی هۆشیار کردنەوەی ئەو ڕەهەندەشە کە ژیانی تایبەتییان بەشێکە لە سەربوردەی گشتی مرۆڤایەتی .

دەبێ ئاماژەش بەمەش بکرێت کە هەر بەرگێک لەم زنجیرەیە هەڵسەنگاندنێکی گشتی و روونە بۆ هەر قۆناغێکی مێژوویی.

هـ.ئـ

the travels of marco polo

NUKIRYANI

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات

• پڕۆژەی هاوبەش •